رۆمان



# چارەنووس

## گڕی جەنگ

## هێلکەی ئەژدیهاکان دەتروکێنێ

سەلام عومەر



نووسەر: سەلام عومەر

بابەت: رۆمان

پێداچوونەوەی: بەکر ئالەیی، هێرش مەغدید

دیزاینی بەرگ و ناوەرۆك: هێرش مەغدید باشە

تابلۆی سەر بەرگ: هونەرمەند فەلاح شوان

چاپخانە: دەرەوەی ولات

نرخ: 5000 دینار

تیراژ: 500 دانە

چاپی یەکەم 2024

بە هاوکاری بەڕێز (زیرەك کەمال) چاپکراوە

# گۆڕ مەترسییەکانی ژیان دەشارێتەوە

لە قوژبنی دیوێکی تەسکدا وەستا عوسمانی کارەباچی رووی لە پەنجەرەی بنمیچی بەندیخانەکە کردبوو بەرابردووی خۆیدا دەچۆوە، ئەو لە کاراکتەرێکی دەرکراوی ژیان دەچوو کە لەنێو شانۆگەریەکدا بەراستی مردبێ و فرێیاندابێتە نێو گۆڕستانێکی تاریك و دەریچەی خۆی پێنەزانێتەوە، پاڵی بەدیوارێك دابوو هەردوو دەستی خستبووە سەر چۆکی و شلکەیان دەهات، پێڵوەکانی کەوتبوون وەلێ هێندە شل ببۆوە خەوی لێنەدەکەوت، وەك ئەوەی تازە لەنێو کارێکی تاقەتپڕوکێندا گەڕابێتەوەو ماندووبوون وەکو ئەسرێرك بەو دیوارەیەوە نوساندبێ کە یادەوەری سەدان بەندی لەسەر نووسرابوونەوە، بێ ئەوەی داری لەسەر بەرددانابێ هەموو لەشی دێشا، ئێسکەکانی دەیانتریواندو پیلەکانی هەڵدەلەرزین، تەواو لە ژیان بێزار بوو، زۆر بە زەبوونی دەهاتە پێش چاو، رەنگی مردووی گرتبوو و سیمای لە کرێکارێکی ماندوو دەچوو، دەیویست

لەسەر تەلیسەکەی بنی پاڵداتەوە، کەچی نەیدەتوانی جار جار بیری لە بـابی دەکـردەوە، داخـۆ ئەوەنـدە سـاڵە چـۆن توانیـویەتی لەنێـو ژووری بەنـدیخانە رابـێ؟ داخـۆ کاتێـك یـادی منـداڵەکانی کـردۆتەوە چۆن فرمێسکی رشـتوە؟ چەنـد جـاران بەدزییـەوە گریـاوە، بڵێـی لە ژیـان و تێکۆشـانی ژەوان نەبـووبێتەوە، یـان لەنێـو بەنـدیخانەیەکی براکاندا چەند کەڕەتـان بەسـەر چاودێرەکانـدا شـیڕاندبێتی و هیچی دەست نەکەوتبێ.

عوسـمان سـیمای لە جەنگـاوەرێکی بەزیـو دەچـوو، لە درەختێکـی وشك بوو کە سەدەیەك بێت بارانی بەسەردا نەباریبێ، لقەکانی شۆڕ ببـوونەوەو هەنـدێکیان قەڵشـیان تێکەوتبـوو، هەمیشـە چـاوی نیـوە کراوە بوو، دەیخواست بنوێ و بچێتە نێـو خەونەکـانیەوە، تـا لەوێـوە ژیـانی ئەودیـو بەنـدیخانەکان ببینـێ، بزانـێ منـداڵەکانی هەمـان کۆڕپەکانی نێو باوەشین، یـان وەك نـامۆیەك تەماشـای دەکەن و لێـی دەترسن؟

بیـری لە داهـاتووی منـداڵەکانی دەکـردەوەو پێـی سـەیر بـوو بەنـدیخانە وەك میـرات بـۆ ئەم خێـزانە مـاوەتەوە، ئـاخر نەخـۆی و نەبابی جگە لە خزمەتی ئەوانی دی هیچی دیـان نەکـردووە، کەچـی هەردووکیـان کەوتـنە بەنـدیخانەوە، بڵێـی کوڕەکەشـی گەورەبـێ نەیهاوێنە جێگەی باب و بابەگەورەی؟

عوسمانی کارەباچی هەزاران کەڕەت مردنی دیبوو، بۆیە لەمردن نەدەترسا، ئەو زۆرینەی شەوان چۆتە نێو گۆڕو نهێنیەکانی ئەوێی دەزانی، وەلێ لەژیان دەترسا، بۆیە بەهاوڕێ بەندیەکانی گوتبوو، مردن هیچ نییە ژیان ترسناکە، ئەگەر مرۆ جارێك بمرێ و نەژیەتەوە ئەوە لەنێو خەوێکی هەتایدا بزر دەبێت، گۆڕ مەترسیەکانی ژیان دەشارێتەوە، گلگۆکانیش مەیل لادەبەن، وەك چۆن دووریەکان سۆز دەخنکێنن.

بەڵام ژیان پڕە لە ماندوو بوون، رووداوگەلێك هەن مرۆ لێك هەڵدەوەشێنن، دەشێ لە رۆژێکدا چەندین جار بمری و بژیەیەوە، ئەوەی من لەو تەمەنە پڕ لە گریێەدا دیتم ئەوە مردنی راستەقینەیە، ئەوەتا لە سەردەمی ئازادیدا جەنگی خۆکوژی هەیە، بێخەتاکان دەگرن و خەتابارەکانیش سەربەستن، ناوی کۆنیان بە پێشمەرگەوە لکاندوەو جاشەکانیش دێرین، لەنێو بەندیخانەدا هەموو چرکەیەك مردنێکە، داهاتوو تاریکەو هەرگیز لە خەون ناچێ، ژیان گۆشەگیر کراوەو تەنیا روناکیەك هەبێ لەو پەنجەرە ئاسنینەوەیە کە بە میچی ژوورەکەمانەوە نووساوە، روناکیەکە زۆر کەمە کەچی بەشی هەموومان دەکا، پێماندەڵێ من ئی هەمووتانم بەڵام ئەوە ئێوەن بەربەستم بۆ دروست دەکەن، ئەوە ئێوەن کردووتانە بەشبەشێنەو نایەڵن بگەمە هەموو شوێنەکان.

من لەمردن هەڵنەهاتووم ئەوە مـردنە لەمـن هەڵدێ، جارێك وەك باڵندە لە ئاسمانەوە بەربـوومەوەو لەسـەر زەوی تەپەم هـات، هەمـوو ئێسکی بەدەنم شکا، تاوێکی باش بەنێو مردندا پیاسەم کـرد، دەسـتی یەکتریمان گرتبوو، بوینە برادەر، من نهێنیکانی ژیـان و ئەویـش ئـی مردنـی دەدامـێ، وەلـێ زۆری پێنەچـوو دەسـتی بەردام و هەرکەسـەو چوینەوە ماڵی خۆمان، بەچاوی خۆم دیتم کەچی نەمـردم و ئەوەتـا لەبەر چاوتـانم، ئەو رۆژە بەپەرجـوو رزگـارم بـوو، مـردن تـا کـاری پێمبـوو زۆریـنەی شـەوان دەهـات و دەیبـردم، ئێسـتا نایـاو خـۆیم لێدەشارێتەوە، وەك ئەوەی کاری پێمنەمـابێ و چارەنووسـی تـا ئێـرە پیشاندابم، ئێستا مـن کـارم بە مـردنە، لێ مردنێکی راستەقینە تـا چیدی کەسـەکانم نەمبینـنەوەو منـیش لەبەرچاویـان ونـبم، دەمەوێ بمرم و زیندوو نەبـمەوە، تـا کەس بە زینـدوو بـوونەوەم نەترسـێنم، نـا نـامەوێ بەرِیشـێکی درێـژەوە منـداڵەکانم بمبیـنن، ئـاخر بـۆ یەکجاریش حەزنـاکەم لـێم بترسـن، هـاوژینەکەم هەرگیـز بەرِیشـەوە نەیـدیوم، ئەگەر رۆژێـك ریشـم نەتاشـیبا ئـاوی بـۆ گەرم دەکـردم و تاقمتراشی بۆ دادەنام، بۆیە نامەوێ ئەویش بترسێنم یان بیبێـزێنم، ئەگەر مردنی مـن ترسـاندنی ئەوانـی دیبـێ حەز بەمـردنیش نـاکەم، چەند خۆشە مردنێك بمری کەس لێت نەترسێ.

وەستا عوسمان دەیگوت: کەوتوینە وڵاتێك هەموو رۆژەکانی مردنە، تەڕو وشك بەیەکەوە دەسوتێ، بـۆ هەر تاکێـك تـۆمەتێکی ئامـادەکراو

هەیە، بۆ هەر کەسێك تابوتێك، ئێستا مردن لەدەستم رادەکات و چارەنووسیشیان بیرکۆڵ کردووە، بۆیە کارم بە خەونە، خەونێك ئایندەی خۆم و خێزانەکەم پیشاندا، ئاخر چۆن عیرفانی برام مەرگی داکم و پرسەکەی نەدی دەشێ منیش پرسەی بابم نەبینم، دەترسێم نەتوانم دووا ماڵئاوایی لێبکەم و میوانان بەرێکەم، ئێستا لە غەمی ئەودا وەك جارێکی دی کارەبا لێیدابم دەستم دەلەرزێ، هەستەکانم ئاڵۆز بوون و بیری خێزانەکەم دەکەم، ئی ریشە سپیەکەی بابم کە بەبێ کورەکانی خەریکی بەرێکردنی ژیانێکی قورسە، قورستر لەوەی پێشبینی بۆ کردبوو، رێك وەك ئەو پێشبینیانەی من کە خەون دەمداتێ، ئەوانەی پێشتر دەهاتن و ئێستا نایەن، ئەوانەی لەنێو نهێنی مردندا چارەنووسیان بۆ نووسیومەوەو کەچی بە کەیفی خۆشیان دەسکاری دەکەن و رەشی دەکەنەوە.

عوسمان بە هاورێ بەندیەکانی گوتبوو:

هەر لەمنداڵیەوە مردن خۆی پیشاندەدام، دەهات و بەبێ پرس ناوی منی لەسەر کێلێك دەنووسی و لێ رێکەوتی مردنمی دەشاردەوە، ناو گۆرەکەی پیشان دەدام، وەلێ کێلەکانی لێدەشاردمەوە، لێمنەدەگەرا دەهاتە خەونمەوەو بەچاوی خۆم دەمدیت کۆمەڵێك خەڵك گۆرم بۆ هەڵدەکەنن، بەختی رەشی من کارەکە زۆر بەخێرایی دەرۆی بەردێك کەرتکە شاخێك رەقانیەك نەدەهاتە پێشیان و

خاکەنازەکە لەنێو گڵە سورەکەدا نقوم دەبوو هەندی بڵێی یەك و دوو، گۆڕی تاین تەواو دەبوو، بەسێ چوار کەسان بلۆکیان دەگواستەوە ناو گۆڕەکەو ماڵێکی تەسکی تاهەتاییان بۆ دروست دەکردم و زۆر بەتاڵوکە بوون بمخەنە ناوی، چاوم هەر زەق بوو ئاگام لەهەموان بوو کەسەکانم دەگریان و منداڵەکانم هێندە فرمێسکیان رشتبوو چاویان سوور داگەڕا بوو، ئەگەر ناسیاوەکان نەیانگرتبان پێش من دەچوونە نێو گۆڕەکە، زۆر دڵم بەهاوژینەکەمەوە بوو بۆیە چاوم لەوی دەگێڕا، ئەو لە نێو ژنان و چەند گەزێك دوور لە گۆڕەکەم بورابۆوە ئاویان پێدا دەکردو خەریکی وەهۆش هێنانەوەی بوون، بابیشم لەوێ بوو، بەڕیشە سپیەکەیەوە، بەدەستە لەرزۆکەکانیەوە فرمێسکی دەڕشت، نزای بۆ دەکردم و هەستمدەکرد بارێکی قورس بەسەر بابمدا جێدەهێڵم، ئاخر ئەو کوا بەو تەمەنە دەتوانێ کار بکات، ئەوە خێزانەکەی منیشی هاتە سەر، زۆر گوناح بوو زۆر زۆر، هێندەی غەمی ئەوم بوو هێندە بیرم لە مردنی خۆم نەدەکردەوە، تەواوی هاوڕێکانم لە سەرم بوون، هەندێکیان سیمایان گۆڕا بوو، دڵۆپ دڵۆپ فرمێسکیان دەوەراندو هەندێکیشیان لە دووری خەڵکەکە راوەستابوون و نەیاندەویست بەماتەمیەوە بیان بینن، شاگردەکان بە پلایس و دەرنەفیزەوە بە ئاشکرا دەگریان و دڵنەوایی عیرفانی برامیان دەداوە ، لێ وەك وەستایەکی کارامە دەهاتنە بەرچاوم، خۆ گۆڕهەڵکەنەکان

هێندە بەتاڵوکە بوون یا ئەلایان لێکردو بەچەند دەستێك ئەمنیان هاویشتە ئەو ماڵە هەتاییە تەسکەوەو گرێی کفنەکەیان کردەوەو سیمای یەك بەیەکیانم دیت، ئاخر چاوم زەق بوو گوێم لەدەنگی هەموویان بوو هەستم بە گەرماتی دەستیان کرد، بۆیە وزەیەك نازانم لەکوێوە هات بەڵام دەمزانی ئەوە ئەو گەرمیەیە ژیانم دەداتێ و خوێنم شلەتێن دەکاتەوە، زۆری پێنەچوو دەتگوت لێم بێزارن یەك یەك شایگەری چیمەنتۆیان هاویشتە سەرم و ئیدی کەوتمە نێو تاریکی، بەڵام گوێم لێبوو منداڵەکانم هاواریان دەکرد با بۆ دوواجار بیبینین، ئەوەندەو لەنێو تۆزو خۆڵیان نقوم کردم، بەچاوی خۆم دیتم وردە خۆڵ بەدرزی شایگەرەکانەوە دەڕژایە سەر کفنەکەم، لەتاوان چاوم نوقاند تا خۆڵ نەچێتە ناوی، ئیدی وردە وردە دەنگەکان نەدەمان تا بەتەواوی دەنگ و روناکی کۆتایی هات و نەگوێم لە تەڵقین و نە دەنگی کەس ما، لێ لەکاتی رۆیشتنیان تەپەتەپێك هات و زانیم ئەوە بەتەنێم جێدەهێڵن، زانیم ئیدی ئەو جیهانەی دەرەوە رۆیشت و بۆ هەتا هەتایە نایبینمەوە، تێگەیشتم روناکی کۆتایی هات، کلاورۆژنەیەك نەما، گلۆپێك لایتێکی دەستی هیچ روناکیەکیان بۆ جێنەهێشتم، ئاخر بەدەستی خۆم و بابم زۆرینەی ماڵەکانی ئەم شارەمان روناك کردەوە، ئێستا هەر خەڵکی ئەم شارە منیان خستە تاریکیەوە، وەك ئەوەی هەر نەشیان ناسیبم، لەم چرکەساتەدا تەنێ بۆنی خۆڵم دەکردو توانای هاوار کردنیشم

نەبوو، ترسی ئەوەم هەبوو فریشتەکان بێن و شیشەی سورکراوەم تێڕاکەن، کەچی نەکەس بەلامەوە هات و نە پرسیاریشم لێکرا، لەو ساتە دژوارەدا بوو لە ترسان و لەئەژمەت کەسەکانم هەوڵمدا لاقەکانم بجولێنم بە دەست بارستاییەکەی سەرم لابەم شایگەر و خۆڵەکە بەرز کەمەوەو بێمە دەرێ بڵێم بابە نەمردووم و زیندووم، لەمکاتەدا بەخەبەر هاتم.

# چەند خۆشە بێکەس بی،
# تا لەمردندا بیری کەس نەکەی

ئەو خەونە کۆڵی لێنەدەدام هێشتا تەمەنی خەونم نەبوو دەهات و دەیترساندم، هەر لەو سۆنگەوە زۆر شەوان لە ترسان پاڵمدەدایەوە تا خەون نەبیـــنم کەچـــی خەو دەهـــات و ســـلاری دەکـــردمەوە، ڕێـــك بەدوایـــدا خەون، ئەو خەونەی وەك مـــۆتەکە هەمـــوو ژیـــانی داگیـــر کردبـــووم، جـــاخۆ خەونـــی دیشـــم دەدیـــتن لـــێ ئەو خەونە ببـــووە مێـردەزمەو لەمـن نەدەبـۆوە، زۆر جـاران دەمگێـڕایەوەو تەنـانەت بە مامۆسـتای ئاینیشـم دەگـوت کەچـی دەیـانگوت هـیچ نیـیە ترسـاوی، مەمنـا ئەویـش ترسـی لێدەنیشـت، بەهـاوڕێ و کەسـەکانم دەگـوت و پێم پێدەکەنین، هەموو دەیانگوت ئێمەش خەون دەبینین هیچ نیـیە با گەورە بی چا دەبی.

گەیشـــتمە تەمەنـــی لاویەتـــیش ئەو خەونـــانەم هەر دەدیـــتن، دووبارەو چەند بارە دەبوونەوەو هەفتە هەبوو سێ جار دەمـردم و دەژیامەوە، کاتێك کەسێك دەمرد ناسیاویش نەبا دەچووم تا بـزانم چی لێدەکەن و چۆنی دەنێـژن، یەك لەو جارانە بەدووی مـردوویێك کەوتم و دیـتم دەفژەنەکان لەپـێش ئـاپۆڕای خەڵکەوە بەیەك ئـاواز دەف دەژەنـــن و خەڵکـــیش بە مەلاوە بەدوویـــان کەوتـــوون و ورتە لەدەمـــی کەســـیان نایـــاتە دەر، خەڵکـــی دەرابەی دوکانەکانیـــان دادەدایەوەو بەدووی دەکەوتن، ژن و منداڵەکان لەسـەربان تەماشایان دەکرد، هەنـدێك لە کەسەکانیشی بە گریـانێکی شـەرمنانەوە بەدووی کەوتبـــوون و نزیکەکانیـــان  بە چـــرپەوە دڵخۆشـــیان دەدانەوە، دیمەنێکی ترسـناك بـوو وەك ئەوەی دووا پیاسـەی مـردووەکە بێـت، بەهەندێك لە کۆڵانەکانی شاردا و ناساندن و هەڵگرتن و بزر کردنـی تارماییەکـانی بێـت و بەهەمـووان بڵـێن  ئیـدی بـۆ هەتـا هەتـایە نایبیننەوە، وەرن دووا ماڵئاوایی لێبکەن و ببینن هەمووومان دەچینە شـوێنێك یـان دەکەویـنە چاڵێـك ئیـدی ئەسـتەمە جـارێکی دی ببینـرێینەوە، وەرن ترسـناکی مـردن ببیـنن، تێـبگەن ژیـان ئەوە نـاهێنێ ئەوەنـدە خۆمـانی بـۆ مانـدوو دەکەیـن، لە چرکەیەکـدا دەکەویـنە نێـو خـۆڵەوەو کەسەکانیشـمان، کەسـە هەرەنزیکەکانمـان ناتوانن یان نەیەڵن بمرین و ئەو هەمـوو خۆڵەمـان بەسـەردادەکەن، زۆر سـەیرە پەلەی ناشـتن لە هەمـوو مردووەکـان دەکـرێ، پەلەی شـاردنەوە، شـاردنەوەی هەرە ئازیزەکـان، کەچـی بـرایەك بابێـك خۆشەویسـتێك دەسـتی مردوونێژەکـان نـاگرن و بەکەیفـی خۆیـان

گڵمــان بەســەر دادەکەن، دواتــریش بە پێیــان بەســەرمان دەکەن و گڵەکەی جوان دەپەستنەوە.

کە گەیشــتنە گۆڕســتان گــۆڕەکە ئامــادە کرابــوو، یەك چــرکەش نەوەستان هێندە بەتـاڵوکە بـوون دەتگـوت لەسـەر ئـاو و ئـاگرانن، بە یـائەڵڵا و بەچەنـد دەسـتێك هاویشـتیانە نـاو گـۆڕو مەلا دەسـتی بە تەڵقینـدانێ کـرد، بێـدەنگیەکی ترسـناك رویـدا، کەس نـقەی لێـوە نەدەهـات، هەمـوو چـاوەڕێی ئەوە بـوون مەلا لە قسـەکانی بێـتەوەو بەبێدەنگی فاتیحایەکی ترسناکتر بخوێنن و گەردنـی مـردووەکە ئـازا بـکەن و بگەڕێـنەوە سـەر کاروبارەکانیـان و دواتـر وەك هـیچ روی نەدابێ وابـوو، لەوکـاتەی کەباسـی دوو مەلایکەتـی دەکـرد کە ئێسـتا دێـن و پرسـیارت لێـدەکەن، ئەمـن خەونەکـانی خـۆم بیرهـاتەوەو موچوڕکێـك لەبنـی پـێمەوە هـات و لەتەپڵـی سـەرم دەرچـوو، مـووی سەری گرژ کردم، دەتگوت سـوژنم تێـڕا دەکەن هێنـدە ترسـام، زۆری نەبـرد ڕێورەسـمی بەخـاك سـپاردن تەواو بـوو و پرسـەگێڕەکان وەك پێشـبینیم کردبـوو، گەڕانەوەو منـیش لەجێـی خـۆم نەجـولام، ئەوان گۆڕسـتانەکەیان جێهێشـت و بەتـاقیتەنێ مـامەوە، دەمویسـت بـزانم دوای ئەوە چی روودەدات، هێشتا ترس بەرینەدابووم لەگۆڕەکە نزیك کەوتمەوە تا بزانم دەنگێك لێپرسینەوەیەك جوڵەیەك نابینم، زیـاتر لە بیسـت خـولەك راوەسـتام و هـیچم نەدی و نەبیسـت، لـێ زۆر دەترســام، تێگەیشــتم ئەوە خەون نــیەو راســتییە، ئەو کەســە هەر بەراستی مـردوەو ئیـدی ژیـان نـابینێتەوە، وەك مـن نـیەو یەك جـار مــردوەو ئیــدی تەواو، وەك ئەو بەردو بلــۆکەی لێهــاتووە کە لەنێـو

گۆڕەکەدان، وەلێ ترسم هەر هەبوو، بۆیە ناچاری گەڕانەوە بووم و بیرم لە خەونەکانی خۆم دەکردەوە، وایلێهات لەمردن راهاتم، چونکە خەونی مردن هەمیشە لەگەڵم بوو.

هێشتا خێزانم پێك نەهێنا بوو، یەك یەك منداڵەکانم دەدیتن، خۆم بەلاویەتی دەدی و هاوژینەکەم هەر لە تەمەنی دە ساڵیەوە ناسی، هەر لەو تەمەنەشەوە دڵم دەیەویست، نازانم هەر لەخۆمەوە خۆشمدەویست، پێموابوو هەر بەراستی لەگەڵی دەژیم، بەجۆرێك لە ئاگاییشدا هەر لەگەڵم بوو، ئاخر هێندەم دەدی، هێندە دەهاتە خەونم زۆر کەڕەتان وامدەزانی راستییە، کەچی کە لە خەو رادەبووم لەخۆم بترازێ کەسیدی نەبوو.

گەندەموو لە ریش و سمێڵم هاتن و مامەکانم نەیاندەهێشت مووسی لێدەم دەیانگوت زوو گەورە دەبی، ئەمیش ئەو ئامۆژگاریەم زۆر پێخۆش بوو ئاخر چەند گەورە بام هێندە لە چوونە نێو گۆڕ نزیك دەبوومەوە، بۆیە بەقسەی وانمکردو گەندەموو سیمای ئاڵۆز کردبووم نەمدەتاشی، کەسەکانم بەپیری دەدیتن و هەندێکیان وەك خاڵ و دایکم لەبەرچاوی خۆم ناشتیانن، رۆیشتن و نەمدیتنەوە، ئەوەی ترس بێت لەمردنم نەما، ئاخر هێندەم خەون بەمردنەوە دیت و نەهاتە دی، هێندەیان خستمە ناو گۆڕەوەو جێیان هێشتم، تێگەیشتم ئەوە تەنیا چەند بارەبوونەوەی ئەو ترسەیە کە مامۆستاو کەسەکانم بۆیان باس دەکردم، ئاخر هێشتا منداڵ بووم منداڵەکانم لە خەون دەدی، هاوسەرەکەم دەدیت و کەسەکانم بەپیری، بۆیە لەجیاتی ئەوەی ترس داگیرم بکاو چۆکم پێدادا،

بوێری گەیشتن بە ئایندە دڵخۆشیان دەکردم، دەمزانی ئەگەر بشمرم بەمندالی و لاویەتی نامرم و چارەنووس منی گەیاندۆتە تەمەنێك خێزان پێکەوە نێم، دەمزانی دایکم نزایەکەی دێتە دی و جەرگی ناسوتێ چونکە لەنێو خەونەکانمدا لەتەنیشت ئەویان دەناشتم، ئەویش بەلاپالی گردێکەوە نێژرابوو ئەگەر زەوی لەرزەیەکی بەهێز هاتبا دوور نەبوو تەواوی گۆڕەکان هەڵرژێنە خواری و ئیسکوپروسکی هەمووان تێکەڵ بێت، هەروەك دەشمزانی مەرگی دایەوبابە بۆمن زۆر بەئازار دەبێت، لێ دەبێت وەك منداڵەکانم کە لەخەونەکان بەرگەی مردنی منیان دەگرت ئاوا دەبێت بەرگەی مردنی کەسە بەتەمەنەکانی خۆم بگرم.

ئەو خەونە لەگەڵم گەورە دەبوو، دەهات و شتی نوێتری پیشان دەدام، بەلام من تۆزقالێك نەدەترسام، ئەگەر پێشتر لەترسان نەدەنووستم ئەوجارەیان زووتر دەنووستم تا باشتر سیمای هاوژینی داهاتوو، هەروا منداڵەکانیشم ببینم، ئاخر چی لەوە خۆشتر هەیە زۆربەی شەوان داهاتووت ببینی، دڵنیابییەوە لەوەی چێژەکانی خێزان دروستکردن و منداڵیشت بەگەورەیی دەبینی، راستە مردن و چوونە ناو گۆڕ ترسناکە لێ ئەوەشم دەزانی هەموومان مردنێك قەرزارین و درەنگ و زوو دەبێت بیدەینەوە، بۆیە خۆمدایە دەستی خەونەکان و هەر ئەو خەونەنانەش بوو ئازایەتی دامێ، دڵنیای کردمەوە جارێ نامرم تا ئەوکات و تەمەنەی خەون بۆی دیاری کردووم، یان زیندەخەونێك دەبێت و هیچی دی.

وەك گوتم خەونەكان لەگەڵم گەورەتر دەبوون، چەند تەمەنم گەورە دەبوو خەونەكانیش روونترو زیاتر دەبوون، شەوێك هەمان خەونم دیتەوە لەگۆڕیان نام و هەر بەتەنیشت دایكمەوە، بەتەلانێكەوە ناشتیانم، هەر هیچ نەدەترسام دەمویست بزانم چی روو دەدات؟ دەمویست خەونەكەم درێژ بێتەوەو زۆرترین رووداو ببینم، ئایا تەنیا مردن دەبینم یان رووداوی دی بەدواداد؟ ئایا چارەنووسم تا ئێرەیە یان دەتوانم بیگۆڕم، نێوانی من و دایكم كەمتر لەنیو مەتر بوو ، گۆڕ تاریك تاریك چاوم زەق كردبۆوە و هەستەكانم هەمووی خستبووە گەڕ، پێشتر بیستبووم لەنێو گۆڕدا پرسیارو جوابت لێدەكرێت و هەروا مارو مێروشی لێیە، كەچی هیچیانم نەدیت.

تاریكی و بۆنی خۆڵ هەراسانی كردبووم لێ پشووم سوار نەبوو، هەر لەنێو خەونەكەیدا دەمزانی خەونە، ئاخر ئەم خەونە هێندە دووبارە بوو وەك بەشێك لە ژیانی خۆم دەدی، زۆری پێنەچوو جوڵەیەك لە تەنیشتم لەلای دەستی چەپم پەیدا بوو، پێموابوو ئیدی فریشتەكان دێن و پرسیارم لێدەكەن، بەڵام هیچم نەدیت، كەچی كونێكی گەورە لەنێوان گۆڕی من و دایكم كرایەوەو روناكیەكی لێوە دەركەوت و دەستی دایكم هاتە نێو گۆڕەكەی من و خستیە سەرسیمام، لێوم بە پەنجەكانی كەوت، لەوكاتەدا چێژی هەموو دنیا رژایە نێو جەستەمەوە، راستە دەستی ئەو سارد بوو لێ چونكە من نەمردبووم گەرمایی لە لێوی منەوە گەیشتە جەستەی داكم و هەستم كرد وزەم پێبەخشیوەو بەنینۆكەكانی هەوڵی

فراوانکردنــی کــونەکە دەدات، منــیش بەبــێ ئەوەی هــیچ بترســم هەوڵمدا دەستی بگرم لێ بەستراببوومەوەو نەمدەتوانی، دەستەکەم دیت گرێی کفنەکەمی کردەوەو دەستەکانمی ئازاد کرد، چونکە لە خەونەکانـدا دیبـووم بە لاپـاڵێکەوە نێـژراوم، هەر کەدەستم کرایەوە هەوڵی کونکردنی تەنیشتی خۆمدا تا منیش وەك داکم کونێك لە لاپاڵەکە کەم و رزگارم بێت، هەوڵێکی زۆرمدا تا توانیم وەك و دایە کــونێکی گەورە لەتەنیشــت خــۆم بــکەمەوە و ئەو بلــۆك و گــڵەی کەوتبووە سەر سینگم هەڵیدێرمە خوارێ، هەر بەکفنەکەوە هاتمە دەرێ دیــتم دەســتی دایە هەر لەمــن دەگەڕێ، هەوڵمــدا رایکێشــم و ئەویــش رزگــار کەم، کەچــی هەر کە دەســتم بەدەستی کەوت بــۆنی دایە و تەمەنــــی ســــاوایم و لاویەتــــی، گــــۆڕەکەم و خەیــــاڵی درێژکردنەوەی خەون و پەنجە شیرنەکانی دایە، هەموو لاپاڵەکەی داگیر کرد، هەستێکی سەیر جەستەی داپۆشیم، لەمنوایە ئازادم و داکم منی بردۆتە بەهەشت، پێشتر کە چاوم هیچی نەدەدی تەنیا هەستی بۆنکردنم مابوو، ئێستا تەواوی هەستەکانم کار دەکەن، لێ فلچەی ئەو ماچەی لە دەستی دایەم کرد، ئەو بۆنە خۆشەی لە نێو گۆڕەکەوە بە گۆڕستاندا بڵاوبۆوە بەئاگای هێنامەوەو سەرنجم دا لەسەر گازەرای پشت خەوتووم، ئیدی بۆ یەکەمجار زانیم هەر کاتێــك لەســەر پشــت بــخەوم ئەوە ئەو جــۆرە خەونە دەبیــنم و ترسیشم نابێ و وەك فیلم ئایندە لەنێو گۆڕدا خۆیم پیشان دەدا، بۆ یەکەمجار زانیم دەتوانم خەون درێژ کەمەوە، دەتوانم چارەنووس

ببینم و گۆڕان بەسەر یاساکاندا بهێنم ئەو یاساو دیاردانەی خەڵك دایناون و دەکرێ هەر خەڵکیش بیگۆڕن.

ئەم خەونەیان زۆر تایبەت بوو، راستە درێژکراوەی هەمان خەونەکانی پێشووم بوو، ئاخر هەم دەستی دایەم دیت و هەم دەرگای هیوای بەڕوودا کردمەوە، دەرگایەك تونێلێکی تەسك و باریك بوو بەڵام بۆ من وەك رێگەی ئاوریشم وابوو، دواتر تەنیایمی تێك شکاند و رووناکیەکی خستە بەرچاوم و تێگەیشتم گیانی دایە هەمیشە لەگەڵمانە، تێگەیشتم لە خەونە ترسناکەکانیشدا رێگەی دەرباز بوون هەیە، یان دەتوانی بیدۆزییەوە.

## خەون شانۆی ژیانە و بەتاریکی نمایش دەکرێ

پـێش ئەوەی خەون منـداڵیم بترسـێنێ و لاویەتـیم ئـاودا، پـێش ئەوەی شەوانە ئایندەی خـۆم ببینـم و لەخەو راکەم، کێلی گۆڕەکـان بمترسـێنن و سـیمای منـداڵ و هاوسـەرەکەم دڵخۆشـمکەن، گەلێـك چیرۆکی خۆش و ناخۆشم گوێ لێ ببوو، رووداوەکانی رابردوویان بۆ بـاس کردبـووم و دەمزانـی مـرۆ دەتـوانێ رابـردووی بیـربێتەوە، لـێ پێشبینی کردن بـۆ داهـاتوو ئـاسان نیـیە، دەکرێ لەم بیـرە تـاریکەدا هەنــدێك ئــاو هەڵێنجـی، وەلــێ نــاتوانی بیخـۆیەوە، ئــاخر بۆیــان گێڕابوومەوە کە جەنگە جیهانییەکان روویان داوەو بە ملیۆنـان مـرۆ تێداچوون، مەرگی باپیرانیـان بـۆ بـاس کردبووم و هەروا زۆر شـتی خۆشیش دەهاتنە نێو گێڕانەوەکانیان، بەڵام ئەوەی جێگەی سـەرنجی مـن بـوو، هەمیشـە پانتـاییەکی زۆری لەنێـو هزرمـدا تۆمـار کردبـوو،

ئەوەی جـێگەی گومــان و نیگەرانــیم بــوو، هەمیشــە دەیترســاندم، بڵاوبــوونەوەی تــاعون بــوو، ئەو نەخۆشــیەی لەدوای جەنگەکــانەوە پەیــدا ببــوو و مرۆڤــایەتی خســتبووە نێــو مەترســیەکی گەورەوە ، بەجۆرێــك تەواوی گــۆی زەوی گرتــۆتەوەو خەڵکــی لەســەر شــەقام و لەنێــو ماڵەکانــدا بەکــۆمەڵ مــردوون و کەس نەیــوێراوە خۆیــان لــێ بەخاوەنکا.

بابم دەیگوت: ئەو نەخۆشیە لەعنەتییە گەیشتە دەڤەرەکەی ئـێمە و هەمووومــان مەترســی مــردن کەوتە ســەرمان، وەك نەخۆشــی گــولی هەرکەســێك تــووش ببــا دەبــوو لە ئــاوەدانی دوورکەوێــتەوە، لە هەر شــوێنێك نەخۆشــێك رشــابایەوە دەبــوو ئەو شــوێنە بســووتێنرێ، نەخۆشەکەشــیان گواســتباوە نێــو کوخێــك و تــا مــردن لەوێ دەژیــا و کاتێك خواردن و خواردنەوەشیان بۆ دەبرد لە دووری پێنجسەد گەز بۆیان دادەنا و دواتر کەسەکانی دەگەڕانەوە.

دەیگــوت: نەخۆشــیەکە هــاتە نێــو گونــدەکانەوە، لەبیــرمە یەك لە گونــدەکان هەرهەموویــان تاعونیــان گــرت، ئەو خــواردنەی هەیــانبوو تەواو ببــوو و هەوڵیانــدا بــوو بچــنە گونــدەکەی جیرانیــان، کاتێــك خەڵکی گوندەکە بەوە دەزانن دێنە سەرڕێیان هەمــووان بەزینــدوویی دەکوژن، لاشەکانیان رزین و تــا بەفــرو بــاران هەمــووی رامــاڵین کەس نەیــوێرا بشــیاننێژێ، ئێســتاش ئەو گونــدە ئــاوەدان نەبــۆتەوەو یەك کەسیشــــیان دەرنەچــــوون، هەر هەمویــــان مــــردن و ئێســــتاش کەس ناوێرێ خۆی بەخاوەنی ئەو گوندە بکات و ئاوەدان نەبۆتەوە، کەس نــاوێرێ زەویەکــانی بکێڵــێ و بەرهەمــی رووەکە خۆرســکەکانی وێــش

بخـوا، ترسـێك تەواوی ئەو دەڤەرەی داگیـر کردبـوو، ئەو رێـیەی بەوێشـدا رۆشـتووە گۆڕیویـانە، ئەوەنـدە نـا نـایەڵن ئـاژەڵیش بەو ناوەیدا رەت بێت و ئەگەر لەتینوان بخنكێن ئـاوی كـانی ئەو گونـدە ناخۆنەوە، ئێستا خانووەكان داڕماون و سەرچاوەی ئاوەكەشیان بـۆتە بیشەڵانێك مۆڵگەی دەیان جۆری گیانەوەرانە.

دەشـیگوت: نەخۆشـیەكە گەیشـتبووە شـارەكان، لـێ چـونكە خەڵكـی شـارەكان زووتـر دەسـتیان بە پێكـوتە راگەیشـت و دەوایـان زووتـر گەشتێ هەرنیوەی دانیشتوانەكەیان لەدەستداو زۆر بەهێواشـی تەمـی مردن لەكۆڵمان بۆوەو وردە وردە ژیان ئاسایی بۆوە.

زۆر جـاران بـابم بەسـەرهاتی نەخۆشـی تـاعونی بـۆ دەگێـڕاینەوە، دیار بوو ئەویش زۆر لێی ترسابوو بـۆیە هەمیشـە پـاتی دەكـردەوە و ترسی ئەو سەردەمەی هەڵدەدایە سـەر خوانەكـان و ئـێمەش گوێمـان لێـدەگرت تێدەگەیشـتین كە سـەردەمێك مرۆڤـایەتی لە مەترسـیدا بووە، بۆیە ترسی تاعون گەیشـتبووە ئـێمەش و منـیش لەنێـو ترسـی تـاعون و ئەو خەونەی مـردن كە زۆربەی شـەوان دووبـارە دەبـۆوە گەورە دەبـووم، خـۆم دەناسـی و بیـرم لە ئاینـدەیەك دەكـردەوە كە لەبەر چاوم بـوو، ئاینـدەیەك هـاوژینەكەمی هێنـدە بەجـوانی پیشـان دەدام كەوتبووە نێو دڵمەوە، جگە لەو نەمدەتوانی كەسی دیم خـۆش بوێ، كەسی دی بێنمە نێو ژیانمەوە، لەپاڵ ترسیشدا هەر بەتەنیشـت مـردن و نێـو گـۆڕێكی تـاریكەوە دوو روونـاكی ژیانیـان رۆشـن كردبـوومەوە، دەمتـوانی لەوێـوە مەترسـییەكان تێپەڕێـنم ترسـەكان شـەقوپەق كەم و ئاینـدە هێنـدە بەشـیرنی ببیـنم تاڵیەكـانی گـۆڕ و

مردن بەلەزەتەوە بگێڕمەوە، لێ هەمیشە گومانێك وەك پەردەیەكی ڕەش ئایندەی دادەپۆشیم، غەمێك بەری دڵی دەگرتم و زۆر جاران فرمێسكی پێدەڕشتم، ئەویش دوای مردنم بوو، دەمزانی ئەگەر ئەوە چارەنووسی من بێت، ئەگەر لەوتەمەنەی خەون پیشانی داوم بمرم، هاوژینەكەم هێشتا لاوەو داخۆ بیر لە شوكردن دەكاتەوە؟ داخۆ دەتوانێ منداڵەكان بەڕێوە ببا، كەسەكانی دێڵن بە بێوەژنی بمێنێتەوەو وەك سەدانی دی لەسەر منداڵەكانی دانیشێ؟ ئەمن لە مردن ڕاهاتبووم نەدەترسام و ئەزموونێكی زۆرم وەرگرتبوو لێ ئەو گومانە كە بەنێو بیركردنەوەمدا ڕەت دەبوو دڵی ئەنجن ئەنجن دەكردم، ئاخر هێشتا منداڵ بووم لەخەوندا عاشقی ژنێك بووم، بوومە لاو ڕەگی خۆشەویستی ژنێك كە نەمدەناسی مێخی لەنێو دڵمداكوتابوو، بایی هەموو دنیا خۆشمدەویست، پێموانییە بۆ هەتاهەتایە چاوم لەو بترازێ كەسی دی ببینێ.

عوسمانی كارەباچی گوتویەتی:

من لەخەودا گەورە بووم، خەون منی پێگەیاندو سەرەتا زۆر ڕاستگۆ بوو لەگەڵم، لێ تا ئەو شوێنەی هێنام كە لەنێو گۆڕیان هاویشتم ئیدی لەوێوە ژیان و چارەنووسی دایەوە دەست خۆم و ئێستا هەر بەلامدا نایەت، پێویستیم پێیەتی و پێدەچێت ئەو پێویستی بەمن نەمابێ، تا ئەو شوێنە لەگەڵم بوو كە مردم و لەتەنیشت داكم لە گۆڕیاننام، ئیدی نە لەخەو و نە لە ئاگایدا سەری لێنەدامەوە، تەنانەت ڕێگەی بەهەشت و دۆزەخیشی پیشان نەدام، ئاخر ئەو بوو لەمردنی ڕاهێنام و ترسی نەهێشتم، ئەو بوو

ئایندەی پیشاندام و لەزەتی خێزانی چۆڕاندە ژیانمەوە لێ هەر ئەویش بوو بەتەنیا هەڵیدەدامە گۆڕێکی تاریکەوەو دواتر زیندووی دەکردمەوە، ئێستاش لەنێو زیندانێکدام و جگە لەرابردووم هیچیدی نابینم، داهاتوو خۆملێدەشارێتەوەو تەنیا رووناکیەك بیبینم لەو پەنجەرە ئاسنینەوەیە کە لەبنمیچی ژوورەکەماندا وەك مۆم دەسوتێ، رووناکیەك بۆنی ئازادی پێیەو بەشی هەمووومان دەکات.

**(خەونەکان لە ئازادیدا مردنیشی تێدابێت هەرخۆشن)**

## جەنگ دادانەوەی پەردەیە بەسەر شانۆی ژیاندا

هێشتا عوسمانی وایەرمەن لاو دەبێت، تەنیا بیر لە خوێندن دەکاتەوەو هیچی دی، کەچی بابی باسێکی نوێ هەڵدەداتە نێو مێشکی و خەریك دەبێت لەنێوان چارەنووس و ژیاندا خۆی ونکا، ئەویش کچێکی برایەکەی بۆ دەستنیشان دەکات تا بیهێنێ و ببێتە بوکی ماڵەکەی، کەچی بەکونفە یەکونێك پێش ئەوەی وەڵام وەرگرێتەوە، بابی لەناو گەرمەی شەڕی ناوخۆدا دەگیرێ، شاگردەکانی لەوێ بوون کە دەستەیەك چەکداری برسی، هەر بەبەرگی کوردیەوە وەك جاش و ئەمنەکانی سەردەمی بەعس،

لەسەر کار دەیگرن و لەپشتی شلەخەجێیەکی داون و دەیبەن، ئیدی هەر ئەو بردنە دەبێت و کەس نازانێ چی بەسەر دێ، دەگیرێ و لەنێو زیندانی دەئاخنن، زیندانێك نەکەس دەزانێ لە کوێیەو نەهیچ زانیاریەکیان بەدەست دەگا، ئەو بزر دەبێت و وەك هەرگیز نەبووبێ، تەنانەت هەموو ئەوانەی لە زیندانن، بەتایبەت زیندانی تاوانەکان، شوێن و کاتی سەردانیکردنیان هەیە، ئەوانەش کە لە شوێنە ونەکانن بەهۆی دۆست و ناسیاوەکانەوە دەدۆزرێنەوەو زۆر جارانیش ئازاد دەکرێن، لێ بابی شوێنبزرەو چەندین چیرۆکی سەیرو سەمەرەی لەدووا دەگێڕنەوە، هەندێك دەڵێن لە ژێر ئەشکەنجەدا شەهید بووەو ئەو پارتەی گرتویەتی ناتوانێ لاشەکەیان بداتەوە.

هەندێکیش دەڵێن چونکە بێتاوان بووە و بەهەڵە گیراوە و کوشتویانە، بۆیە نایانەوێ کەس جێگای گۆڕەکەی بزانێ، یەك لە خاڵەکانیشی گوتبووی دەبێ ئەوپیاوە لێقەوماوەی لەسەردەمی شەڕدا وەستا لوقمان لەماڵی خۆی حەشاریدا بوو بەگرتی نەدابێ؟ ئەوانەش کە دەیانگوت رەگەڵ ئەو پارتە کەوتووە کە دەستگیری کردووە، هەر زوو پەشیمان دەبوونەوە، چونکە لەوەتەی هەبووە ئەو وەستایە تێکۆشەرێکی پاك بووەو هەرگیز رێبازەکەی خۆی نەگۆڕیوە، بەتایبەتیش ئەو هەمیشە لەگەڵ چینی هەژار و سەر شەقام بووە، بۆ ئەوانیش نەبێت چەکی هیچ پارتێکی دی نەچۆتە

شانی، دژی شەڕی ناوخۆ بووەو هەمیشە ئەو دوو پارتەی بەتاوانبار زانیـــوە کە کــوڕی خەڵکــی بە کوشــت دەدەن، ئەوە جــگە لەوەی هەردوای راپەڕین و هەڵبژاردنی پەرلەمـان، ئەو چۆتەوە سـەر کـاری خۆی و وازی لەهەموو کارێکی سیاسی هێنا بوو.

هەموو ئەو قسەلۆکانەی خەڵك بـارێکی قورستری بـۆ خێـزانەکەی لوقمـانی بـابی عوسـمانی دروســت کردبـوو، لـێ عوسـمان لەگەڕان بەردەوام دەبێت و ساڵێکی خوێندنی لەسەر بزر بوونی بابی دادەنـێ، هەروابێـــتەوە نهێنـــیەکەی بـــابی دەپـــارێزێ، ئەوەی پەیوەنـــدی بەبەهرەی کچی مـامیەوە هەیە، ئـاخر ناشـێ ئەو بـابی لەنێـو دەمـی عەزیـا دابـێ و بیـر لە ژنهێنـان و داوایەکەی بکـاتەوە، بەتـایبەتیش ئاهەنگی تێدەکەوێ، هەڵپەڕکێ و شیرینی تێدا دابەش دەکرێ، هەروا دەشزانێ ئەم کچەی مـامی کـچەی نێـو خەونەکـانی نیـیە، ئەو کەسـە نییە کە زۆرینەی شەوان دەیبینێ و منداڵی لێـی هەیە، لەهەمووشـی سـەختر ئەوەیە کە دەچێـتە ماڵیـان بە کـاکە عوسـمان بـانگی دەکـا، وەك بـرا تەماشـای دەکـات و ئەویـش وەك خوشـك، دواتـر ئەم داوایە تەنیا لەنێوان بـاوکی و خـۆی و دایکیـدایە، بـۆیە درێژەکێشـانی بـابی لە بەنـدیخانەو بزربـوونی  بـۆ مـاوەیەکی زۆر، کـچە مـامەکەی شـوو بەکەسێکی دی دەکاو، لەم کاتەدا عوسمان دوودڵیەکەی کۆتـایی دێـت و دەگەڕێـــتەوە ســـەر خەونەکـــانی، هەم دڵنیـــایی و هەم ترسیشـــی پێدەبەخشێ، چونکە دڵنیـا دەبێـتەوە لەوەی بەشـێك لە خەونەکـانی

خەریکە دێنەدی، ئەوەتا ئەو کچە جوانەی مامی کە ناوی بەهرەیە نەگەیشتە باوەشی و بابیشی لەنێو تەمی سیاسەتدا ونە، ئەویش بەردەوام لەگەڵ خەونەکانی دەژی و ئەرکی رۆژانەی خێزانەکەی کەوتۆتە ئەستۆی ئەو، دەبێت هەم دڵنەوایی دایکی و خوێ و منداڵەکان بکات، داهاتوشی دێوەزمەیەکەو رۆژانە هەراسانی دەکا، پێیوایە کەسێکی جیاوازەو کەوتۆتە نێو ژیانێك بەئی کەسی دی ناچێ، ئاخر هەرکاتێك دەیەوێ شوێن پێیەکانی بابی هەڵگرێ، یان کارەکەی ئەو بخاتە ئەستۆی خۆی گۆڕێك باوەشی بۆ دەکاتەوەو هەر بەزیندوویی دەینێژن، لەنێو زیندانێکی تەسکی تاهەتایدا دەمێنێتەوەو هەر بەتەنیشت دایکیەوە بارستاییەك خۆڵی بەسەردا دەکەن، هێشتا چاوی زەقەو تەواوی هەستەکانی ئیش دەکەن، مەلا تەلقینی دەدا و بەتاقی تەنێ جێی دەهێڵن، ئەو لە ئاگایی تەواودایە و دەیەوێ ئاراستەی ژیانی راستکاتەوە لێ داهاتوو خۆی پیشان دەدا، وەك دیوارێکی ئەستوور لەبەردەمی قوت دەبێتەوەو پێی دەڵێ تۆ تا ئێرە دێی لێرەوە بەشت لە ژیان نەماوەو دەبێت هەوڵدەی ئەوەندەی دەژی هەر بۆ خۆتنا بەشی ئەوانی دیشی لێبدەی، ئەوانەی دەبنە جگەرگۆشەت و لەئایندەدا دەبنە هاوژینت، ئەوانەی بابت بۆی جێهێشتوویی و وەك پشت و پەنا پاڵیان پێداوی.

رابردوو دێتە بەردەمی عوسمان و کۆمەڵێك ئەرك کە ئی وی نییە لەبەردەمی دادەنێ، کۆمەڵێك کار کە ئی وی نییە دەیخاتە ئەستۆی،

لــێ هــاوژین و دوو منـــداڵیش کە لەپەلکــی گــوڵ جــوانترن پێــی بەخشـــیوەو هێشــتا لەخەونـــدا نەبێــت نەیـــدیون، ئـــالێرەوە ســـۆزی خۆشەویستی بۆ خێزانی دووەمی و ئەرکی قورس و کرانەوەی دەمی گۆڕ لە زۆرینەی شەوەکان دێتە نێو خەونەکانی و عوسمان لەتـوپەت دەکــا، بەدیــار خوشــك و براکەیــی و دایکێکــی دامــاوەوە دادەمێنــێ، پێیـوایە جەنگی ئاینـدەی ژیـان بـۆ ئەو قـورس دەبـێ، ناچـارە یـان بەئاراسـتەی چـارەنووس بـڕوا یـاخود شـەڕی لەگەڵبکـات و هەوڵـی گۆڕینی بدات، لێ تەواوی ئەو ئەگەرانە لەبەرچاو دەگـرێ کە خەون و ژیان پێی بەخشیوە.

بـۆیە بەناچـاری جـڵەوی ژیـان شـل دەکـات و دەیخـاتە ئەسـتۆی چارەنووس، ئیدی بۆ هەمیشە خوێنـدن جێدەهێڵێ و دەچێـتە سـەر کارەکەی بابی، نایەڵێ شوێنەکەی چیدی چۆڵ بێـت و دەسـت دەکـات بە کارەبــاچیەتی، ئــاخر ئەو زۆر جــاران لەگەڵ بــابی ئەو کــارەی کــردوەو شــتێکی لێــدەزانێ، دەتـوانێ بەهاوکـاری شـاگردە بێکارەکـانی کـارەکەی بـابی زینـدوو کـاتەوەو لە مـاوەیەکی کورتـدا ببێـتە وەسـتا عوســمان، ئەو ڕۆژەی یەکەم کــاری گــرت و بەهاوکــاری شـــاگردێکی چوونە سەر کار، هەستی بە ماندوو بوونی بـابی کـردو تێگەیشـت لە ژیانیدا چەندین هەزار کونی لەدیوارەکان کردووە چەندین چەکوچی لە پەنجەکـانی خـۆی داوەو بەسـەر خـۆی نەهێنـاوە، تێگەیـی پەیـدا کردنی نان عارەقە ڕشتنی دەوێ، دەبێـت هەزاران مەتـر وایەر لەنێـو

کارێکـدا درێـژ کەی و بەنێـو دیوارانـدا رایکێشـی، سـاردو گەرمـی وایەرەکان جودا کەیەوەو لەگەڵ هەر بەریەك کەوتنێـك مەترسـیەکی گەورە هەم بـۆ ژیانـت و هەم بـۆ کـارەکەت درووسـت دەکـا، زانـی کارەکانی بابی چەنـد قۆنـاغێکەو نابێـت هەڵەی تێـدا بکـرێ، چونکە هەمـوو ئەو وایەرانەی بەچەنـدین رۆژ بەدیـوارەوەی هەڵدەواسـی وەستایەکی سپیکاری دێت و دەیانشارێتەوە، هەر هەڵەیەك شـوێنێك بەتاریکی دەهێڵێتەوەو ئیـدی جگە لە شـەرمەزاری هەقدەستەکەشی کەم دەکات، زانی نهێنیەکانی کارەبا و وایەرەکان دەکەونە نێو چەنـد کـونێکەوەو دەبێـت ساردەکان لێـك دەی و دواتـر گەرمەکەش دابەش کەی، هەر لادیوارێك بەتەنیا گەرمی و ساردی بۆ دەچێت و ئەوکـات لە یەکەم تـاقیکردنەوەدا ماڵێـك یـان فەرمـانگەیەك بەتەواوی بەدەستی تۆ روناك دەبێتەوە، شوێنە تاریـك و قوژبنەکان دەبینـی و ئەو رێگایە دەدۆزیەوە کە ئارەقەت بۆ رشتووە.

وەستا عوسمان لەیەکەم کاریدا گرفتـی هـاتە پـێش، لـێ بەهاوکـاری شـاگردەکەی بـابی هەمـووی تێپەڕانـد و تـوانی تروسـکاییەك بەرەو ئاینـدەی بـدۆزێتەوە، رێـگەیەك دەستنیشـان بکـا تـا بیگەیەنێـتە خەونەکـانی و لە هەمـوو پێشـهاتەکاندا دڵنیـا بێـتەوە، داخـۆ ئێسـتا خەونە یان داهاتوو، داخۆ دەتـوانێ چارەنووس بگۆڕێ یـان بەچـاوی زەقەوە بەهەموو هەستەکانیەوە دەنێژرێ .

ئێستا بزر بوونی بابی خەریکە بیردەچێتەوە لێ دایکی هەر ڕەشپۆشەو چاو لە دەرگا هەمیشە لە چاوەڕوانیدایە، ئەو دەخوازێ چەتری ماڵەکەی کە بابی منداڵانە ئاوەدانی بخاتەوە نێو دەروونی و چیدی وەك هەتیو سەرنج لەمنداڵەکانی نەدرێ، چیدی وەك بێوەژن تەماشا نەکرێ و ئازادیەکانی ژنبوونی وەرگرێتەوە، ئاخر ئەو لە کۆمەڵگایەك دەژی زۆرینەی چاوە برسیەکان دەکەونە سەر بێوەژن و بەنەبوون و بزر بوونی مێرد دیوارێکی گەورە لەبەردەمی دا هەڵدەچنرێ، ئیدی پارێزەری حەیاو چەترو داکۆکیکار کۆتایی دێت و سەربەستی و ئازادیەکانی دەکەونە قوژبنێکەوە، بۆیە و هەمیشە بەبەرگی ڕەش   ڕوو لەدەرگا نزا بۆ هاتنەوەی بابی منداڵان دەکا، دەیەوێ ئازادیەکانی ژنبوونی بە هاتنەوەی ئەو وەرگرێتەوە، ئاخر لەگەڵ بزربوونی هاوسەرەکەی سیما گەش و جوانەکەی ئەویش بزر بوو، کلوکلدان و سپیاوەکانی هەڵگرتنەوە، خەنەو وەسمە نەهاتەوە ماڵ، ڕێگەکانی ماڵی بابی کەمتر بوونەوەو بەبێ منداڵەکانی ناتوانێ بۆ یەك شوێن بڕوا، بۆیە لە نزاکانیدا دەڵێ ئەی خودایە تەنیا کەسێکم لێ بزر نەبووە ئەوەتا هەست و ئازادیەکانیشم بزرن، سەرپۆشێك و سێبەرێکی ڕەش ژیانی لێشاردوومەوە، بەبێ ئەوەی گوناهێکمان هەبێ تاوانبار کراین، ئازیزەکانیان لێشاردینەوەو ئازادیەکانیشیان لێسوتاندین، بەگەورەیی خۆت بۆمبگەڕێنەوە تا

چیدی له تەنیایدا رۆژ نەکەمەوە، تا چیدی شار وشەقام بەمن نامۆ نەبن.

وەستا عوسمانیش رێگەی بابی هەڵگرتووەو بەردەوام بەدووی کارەکەوەیەتی، هەندێ جار لەنێو کاردا بابی بیر دێتەوەو دەخوازێ رۆژێك له رۆژان بگەڕێتەوەو بەچاوی خۆی ببینێ کە وەجاغی کوێر نیەو ئەوەتا کوڕی گەورەی نەیهێشتووە ژیان راوەستێ، نەیهێشتووە شاگردەکانی بێکاربن و هێشتا چەکوچەکان دەنگیان دێت و وایەرەکانیش خۆیان بەدیوارەکانەوە هەڵدەواسن، ماڵەکان هەر بەتاریکی نامێننەوەو تەزووی کار و بریقەی گڵۆپەکان لەنێو پەنجەرەی ماڵەکانەوە دەڕژێنە سەر شەقامەکان.

هەر لەسەر کارەکەی خەونەکانی بیر دێتەوە هاوژینەکەی دێتە بەرچاوی و منداڵەکانی خۆی پێوە هەڵدەواسن، دەخوازێ له خەونێکدا رونتر بیانبینێ داخۆ لە چ تەمەنێك هاوسەرگیری دەکا؟ داخۆ وەك بابی منداڵەکانی بە وردی و بێنازی بەجێ دەهێڵێ؟ براو خوشکەکەی گەورە دەبن، جاخۆ ئەگەر بەپێی خەون و چارەنووس بێت ئەوە ئەرکی دایکی زۆر گران دەبێ، بۆیە لەو بیرکردنەوانەدا دەبێت چەکوچێك بەردەستی دەکەوێ و بەئاگا دێتەوە، ئازارێك لەسەر پەیژەکەی دێنێتە خوارێ و دیسانەوە پینەیەك لە پەنجەی دەدات و دەچێتە نێو بیرکردنەوەکانی، ئارەزوو دەکات ژن هەرنەهێنێ تا بەزیندوویی بمێنێتەوەو ئاگای لە دایکی و خوشك و

برایەکەی بێت، شەڕ لەگەڵ چارەنووسی بکات و بە گوڕ بڵێ هێشتا نایەم و بەخەونەکانیشی بڵێ بەداهاتووم ناوێرن، ئەوە منم بڕیار لە ئایندەی خۆم دەدەم و هەرگیز نایەڵم شانۆی خەونەکانم نمایش بکرێ، ڕێگەیەکی نوێتر دەدۆزمەوەو چیدی خۆبەدەستەوە نادەم، ڕێگەنادەم خوشك و براکەم هەتیویان پێوە دیار بێت، دایکم هێشتا جوانەو هەمیشە وەك چەتر بەسەریەوە دەبم و دەیپارێزم.

وەستا عوسمان جگە لەوەی شەوانە خەونی مردن هەراسانی دەکات، ڕۆژانەش لەنێو بیرکردنەوەکانیدا نقووم دەبێت، بزر بوونی بابیشی سەرباروبنبار، ئەو لە ڕێگە چارەیەك دەگەڕێت و دەیەوێ چارەنووس بگۆڕێ، دەیەوێ ناسکی منداڵەکانی و جوانی هاوسەری ئایندەی لەبیرکات، ئێستا کەوتۆتە سەر کارکردن و بەرەنگاری مردن و ژیان بێتەوە، لە هەرشوێنێك کاری دەستکەوێ لەوێیە ئەوەی بیری لێناکاتەوە هاوسەرگیریە، خۆی تەرخان کردووە بۆ دایکی و خوشك و برایەکی، دەیەوێ خوێندنیان پێ تەواوکات و بەهەمووان بڵێ ئەگەرچی جێگەی بابم پڕنابێتەوە، لێ دەتوانم سەرکەوتووانە چەکوچەکەی بابم هەڵگرم و خێزانەکەم لە برسیەتی و دەست پانکردنەوە بپارێزم، هەموو خۆشەویستی خێزانەکەم کە تەنیا لەخەوندان دەدەمە براو خوشکەکەم دەیدەمە دایکم ئەو زۆر ماندوویەو پێویستی بە پشوویە، ناکرێ بۆ هەمیشە لەگەڵ خەوندا بژیم لەگەڵ خێزانێك تەنیا لە خەیاڵ و خەوندان، دەشێ بتوانم

**ڕێگەیەکــی نــوێ بۆخــۆم بــدۆزمەوە ڕێــگەیەك بــا هەمــووی لە بەرژەوەنــدی ئەواندیــدا بــێ و ئــاخر منــیش هەر بەوانەوە جـوانم، جگە لەخۆم کەس هاوژین و منداڵەکانی منی نەدیوە.**

## ئەوە رەنگە سەرەكیەكانن
## تابلۆی نیشتمان تەواو دەكەن

كاتێك بزر بوون لەنێو دەستی دوژمندابێ، لە گەیشتن و دۆزینەوە مەگەڕێ، ئەوان دوژمنانی ئەم نیشتمانە هەمیشە لە ئازاردانی هاونیشتمانی و كەسە دژەكانیان دەگەڕێن، لە كوێ دەرفەتێك هەبێ بۆ سڕینەوەو لەناوبردن ئەوان لەوێن، وەلێ بزربوون بەدەستی هاوزمان و نیشتمانیەكان ئازاری زیاتر دەبێ، لەمكاتەدا ژەوان بوونەوە لەتێكۆشان و خوێن بەخشین بۆ خاك زیاتر دەبێ، بەجۆرێك هەموو تێكۆشەرەكان دەبنە دێوەزمەو لەنێو جەنگە ناوخۆییەكاندا هێندە ناشیرین دەبن وەك شەیتان وەك دێوەزمە تەماشا دەكرێن.

ئەوەتا بزربوونی وەستا لوقمان درێژەی كێشا، بزربوون لەنێو دەستی براكانماندا، لەنێو ئەو بەندیخانانەی پێشتر شكێنران.

برایەكانی هەمیشە لە سۆراغی دابوون و بەڵام هیچیان دەستنەدەكەوت، پارەیەكی زۆریان لەم ڕێگایەوە خەرج كردو

هەوڵێکی زۆریان دا، کەچی ناو و وێنەی ئەم پیاوە لەهیچ بەندیخانەیەك و ژوورێکی نهێنی دەستنەدەکەوت، رۆژگاریش زۆر بەخێرایی دەڕۆشت و تادەهات رەنگی پارتە کوردیەکان لەنێو هەرێمێکی پارچە کراودا تۆختر دەبوونەوە، دەسەڵات دابەش کرابوو ژیان قورس و ئەوەی چەکداربا دەیتوانی بژی، ئەوانیدی لەنێو گەمارۆ ئابووری و داخستنی سنوورەکاندا گیریان خواردبوو، هەندێك لە لاوەکان خۆیان دەدایە دەست قاچاخچیەکان و رێگەی هات و نەهاتیان دەگرت، هەندێکیش دەستی بەکڵاوی خۆیەوە گرتبوو، وەستا عوسمان وەجاغی بابی کوێر نەکردەوە، هەمیشە خەریکی وەشاندنی چەکوچەکەی بوو، خوشکەکەی خوێندنی تەواو کرد و شوی بەکوڕە مامێکی کرد، هەر بەبێدەنگی شەکراویان خواردەوەو گەیشتە جێوریی خۆی، عیرفانی برای خوێندنی تەواو کردو بەهەر دەردەسەریەك بێت بۆ ئەوەی تووشی سیاسەت نەبێ بەڕێگەی هات و نەهاتدا رۆیشتە دەرەوەی وڵات، داکیشی لەخەمی بزر بوونی بابی منداڵان، لەخەمی چۆڵ بوونی ماڵەکەی، بسکە سپیەکانی لەژێر سەرپۆشەکەیەوە دەرکەوتبوون، خۆ ئەگەر جار جار سەرپۆشەکەی لادەدا کامڵبوون بەتەواوی سیمایەوە دیار بوو، هەمووان دەیانزانی هاوژینەکەی مابا هێندە زوو چرچولۆچیەکان دەرنەدەکەوتن، مووە سپیەکانی نێوچەوانی بریقەیان نەدەهات، ئەو هەمیشە دەیگوت:

بزر بوونی لوقمانی مێردم کۆستێکی گەورە بوو، لێ عوسمانی کوڕم هەموو بۆشاییەکانی ژیانی بۆ پڕکردینەوە، ئەوەتا خوشك و

برایەکەی دامەزراندو نەیهێشت موحتاجی کەس بن، منیش لەگەڵ ئەو لەنێو حەوشە و خانووێکدا دەژین هێشتا بۆنی لوقمانی لێدێ، هێشتا لە چاوەڕوانی گەڕانەوەیداین و پێمانوایە چاوێکی هەر لەسەر ئێمەیە، ڕۆژێك لە ڕۆژان خۆ بەماڵێدا دەکات و دەبینێ بەبزربوونی ئەو هیچ شتێ نەگۆڕاوە جگە لە دامەزراندنی کوڕو کچەکەی کە هەموو ئومێدی بوو بە گەورەیی بیان بینێ، تەماشا دەکات عوسمان گەورە بوەو چەکوچەکەی بابی هەر لەدەستدایە، خۆی بەدەستەوە نەداوەو سەربەرزانە ئەرکەکانی بابی لە ئەستۆ گرتووە، براو کەسەکانی لاواز بوون و سیمای بێ ئەویان پێوە دیارە.

دایکی پێنج فەرزە نوێژی دەکردو نزای بۆ هاتنەوەی لوقمانی هاوژینی و عوسمانی کوڕە گەورەی دەکرد، لێ زۆرینەی ڕۆژەکانی بەتەنێ لە ماڵەوە بەسەر دەبرد، ئەو تەنیاییە هەندێ جار ماندووی دەکرد، کاتیك خوانی رادەخست تەنیا دوو قاپ و لەگەنێکی بچوکی دادەنا، ئەو هەمیشە دەستی بە لێنانی شیوی زۆر راهاتبوو، خواردن بەشکردن و رازاندنەوەی خوان هەر لەخۆی دەهات، بۆیە نیگەرانیەکانی زیاتر لەسەر خوان دەردەکەوتن، لەسەر خوان دەیزانی سێ ئازیزی لەماڵێدا نەماون و لە دووری ئەوانیش زۆرجاران خواردنەکانی بێتاموبۆ دەردەچن، تەنیا ئەوکاتانە دڵخۆش بوو کە عوسمان لەکار دەگەڕایەوەو بەیەکەوە پاروە نانێکیان دەخوارد، هەمیشە و زۆربەی شەوان دایە بەعوسمانی دەگوت:

کوڕم با پێش مردنم منداڵت ببینم، تۆش بیر لەخۆت بکەوەو با ماڵەکەمان ئاوەدان بێتەوە، من لەسەر ئەو شین و تاقەتەی جاران

نەماوم و با ئاوێکی دەستی بووکە نازدارەکەم بخۆم، ئەوە خوشك و برایەکەت دامەزراندو مشورێکیش لەخۆت بخۆ، چ زۆرە کچ زۆرن و بەکراسی بەری دەتدەنێ، منیش لەو تەنیاییە رزگارم دەبێت و هاودەنگێکم بۆ دێتە ماڵ، خاڵەکانت هەرکاتێك دێنە لام باسی دامەزراندنی تۆ دەکەنەوەو دەڵێن: با ئەویش ژنێك بێنێ و چیدی بەتەنیا نەمێنێتەوە، خۆ لە جیرانەکانیش گەڕێ هەر بمبینن باسی تۆ دەکەن و هێندەت پێدا هەڵدەڵێن دەترسێم لەچاوت ببەن، چ زۆرە کچ زۆرە ئەوەتا بەشێکی زۆر لاوی ئەم وڵاتە لە جەنگی عێراق و ئێران بە کوشت دران، جەنگی ناوخۆش هەندێکی بردو زۆرینەش رایانکردو روەو هەندەران خۆیان بە چارەنووس سپارد، قوڕبەسەریەکەش بۆ کچانی ئەم نیشتمانە مایەوە، هەروا قەیرەکچ زیاد دەبن و لە ماڵێ چاو لە دەرگا خەریکی بەخت هەستانن، دەی کوڕم ئەگەر ڕێگەم بدەی نایەڵم بگاتە حەوتوێکی نازدارێکت بۆ دەدۆزمەوە.

وەستا عوسمانیش دەیگوت: دایەگیان جارێ بیرم لێنەکردۆتەوە، لە راستیشدا هەر ناوێرم بیری لێبکەمەوە، دەزانم ئەتۆش پێویستیت بە هاودەنگێکە و حەزیش دەکەی نەوەت ببینی، بەڵام دیارە هێشتا کاتی نەهاتوەو نیگەران مەبە بیری لێدەکەمەوە.

ئەم وەڵامەی عوسمان بۆ دایکی وەڵامێکی سواوە، چونکە هەمیشە بەمجۆرە دایکی رازی دەکات و خۆ هەرکاتێك مام و خاڵەکانیشی یان هەرکەسێك ئەو باسەی لەکن بکاتەوە ئەو باسەکەی دەگۆڕێ و بەلایەکیدا دەبا، ئاخر ئەو هێشتا کاریگەری خەونەکانی بەسەرەوە

مــاوە، ئەوەنــدەنا ئێســتاش زۆر شــەوان هاوســەرەکەی دەبینــێ و وایلێهـاتووە خەریــکە خۆشــی دەوێ، منداڵەکانیشــی دەبینــێ و زۆر جاران ماچیان دەکات، بەڵام کاتێك دەگاتە نێو گۆڕو خـۆڵی بەسـەردا دەکەن، ناترسێ لـێ غەمێك بەرۆکـی دەگـرێ و گومـان بـۆ داهـاتووی درووست دەکا، بۆیە ئیدی هەرگیز نایەوێ خۆبەدەست چارەنووسەوە بدات و لە دڵی خۆیدا دەڵێ: نامەوێ لەکوێ پسا لەوێ گرێی دەمەوە، هەر بـاوەڕم بەو گـوتەیەی پێشـینان نیـیە، هەوڵـدەدەم نەپســێ، تـا تووشی گرێ کوێرەیەك نەبم و بۆم نەکرێتەوە.

عوســمان لەســەر کـارەکەی بەردەوام دەبێــت، لەگەڵ کاتــدا وایەر رادەکێشێ، چەند کات ئەو بەرەو ئایندە دەبا هێندە تـۆپی وایەرەکـان لەبەر چــاوی کەمتــر دەبــنەوە، زۆریــنەی خــانووە نوێیەکــان ئەو رووناکی کــردوونەوە و دەنگــی چەکوچەکــانی ئەو لەگەڵ دەنگــی تەقەی تفەنگـی پارتەکـان کە دژی یەکتریـان بەکـار دەهێنـا تـێکەڵ دەبوون، چەند بزماری لە دیوارەکان دەدا هێنـدە گوللەش بە بارەگـا رەنگاو رەنگەکان دەکەوت و لەگەڵ وەرینـی تـوێی دیوارەکـان هەنـدێ جار خوێنێکی سوور دەڕژایە سەر ستارەکان و هێندەی دی عوسـمانی نیگەران دەکردو لە دڵی خۆیدا دەیگوت:

کێدەڵێ بابم بزر نەبووبا ئەویش لەنێـو ئەو خۆکـوژیەدا نەدەبـوو، داخـۆ دەیهێشـت مـنیش تـوخنی سیاسـەت بـکەوم و لەنێـو بەرەیەکـی دژدا لەجیاتی وەشاندنی چەکوچ گولله بووەشێنم؟ داخۆ بابم لێرەبـا هەر خەریکی کاسبی دەبوو یان بەزۆر راکێشی جەنگێکی نێو براکـان دەبوو؟

وەستا عوسمان لەنێو ئەم خەیاڵانەدا هەندێ جار چەکوچەکەی بەر پەنجەی دەکەت و ئازارێك هەموو شتێکی بیر دەبردەوە، لە دڵی خۆیدا دەیگوت:

نانێك بە دەستی خۆت پەیدای کەی هەزاران جار باشترە لەوەی بە تفەنگ و لەنێو جەنگی خۆکوژیدا دەستت کەوێ، بۆیە هەر زوو ئازاری چەکوچەکەی لەبیر دەکردو تۆپێك وایەری دی دێناو بەدیوارەکانیدا رادەکێشا، بیری لێدەکردەوەو دەیگوت:

رەنگی ئەم وایەرانە شین و سوورن بەهەردووکیان دەتوانن ماڵێك یان نیشتمانێك رووناك کەنەوە، ئاخر هەرگیز بەتەنیا رەنگێك گەڕەکەکان رووناك و ئاوەدان نابن، خۆ ئەگەر هەموو رەنگەکان بەیەکەوە بن، ئەوە هەموو دنیا ناتوانێ جوانیەکەیان بشارێتەوە، ئەوەتا دوو رەنگ لەنێو بەرگێکی خۆڵەمێشیدا ئاوەدانی دەخەنە نێو دیوەکانەوە روناکی دەدەنە نێو ناخ و چاوی کۆمەڵگا رۆشن دەبێتەوە، بیری دەکردەوەو دەیگوت:

بەڵام نابێت راستەوخۆ جەستەی رووتی ئەم دوو وایەرە وێك کەون، ئەوەتا لەسەر شەقام و نێو شارەکان بەهەڵە پیاوە سەربازی و سیاسیەکان، کاری خەڵکی دی دەکەن، کە ئی ئەوان نییەو پێیان دەکەن، ساردو گەرم لێك دەدەن و پروشکی ئاگر خەریکە هەمووان پێکەوە بسووتێنێ، وایەرەکانیان ئاڵۆز کردوەو گرێ کوێرەیەك هەمووی بەیەکەوە بەستوونەوە، ئەگەر وەستایەکی کارامەی وەك بابم نەیات ئەم وایەرە ئاڵۆزە چاکاتەوە دوور نییە ئێمەی کاسبیشی پێوە بسووتێین، وایەرەکان وەك مار لە گەردنمان ئاڵێن و

بمانخنکێنن، ئاخر ئەوان کاتێك لە شاخ هاتنە خوار بەرگێکی شڕی نایلۆنیـان لەبەر بـوو، پشـدێنەکانیان بـۆن خنکـی ئەشـکەوتەکانی لێدەهات، بەڵام سیمایان رووناکی دەبەخشی و خەڵك لەبەر رۆشـنایی ئەوان مـاڵ و مـوڵکی خۆیـان کـردە قوربـانی، ئێسـتا بەرگەکانیـان گۆڕیوەو وەك دوو وایەری رووت، یان دوو جەستەی روتـی ئـابڕوبەر بەریەك کەوتوون و خەریکە پڕوشکی ئاگر جەستەی هەمووومان کون کون دەکا، ئەم دۆخە وەستایەکی کارامەی دەوێ، دەبێت بزانی ساردو گەرم چـۆن بەکـاردێنی وەك مـن و بـاوکم، دەنـا ماڵەکـان روونـاك نابنەوە هەر هەڵەیەك چۆن وەستایی ئێمە دەخاتە گومـانەوە ئـاواش گومـان دەخـاتە سـەر ئەو پارتـانەو بـۆ هەتـا هەتـایە، بە پچڕاوی لە ژێر گەچ و ناو دیوارەکاندا بەبـزری دەمێنـنەوە، خـۆ ئەگەر بشتەوێ چــاکیکەیەوە ئەوە دەبێــت ســەرلەبەری خــانووەکە لە بنــاغەوە هەڵوەشــێنی و ســەرلەنوێ دروســتی کەیەوە، تەواوی خاشــاکەکان فڕێدەیە زبڵخانەوە، نابێت هیچ پێداویستییەکی کۆن بەکـاربێنیەوە، وایەری نـوێ بەڕەنگـی نـوێ و مـۆدیلی نـوێ لە جەسـتەی خـانوەکە ئالێنی و ئەوکات بەیەك دوگمە ماڵێك دەکەیە چراخان.

لە دڵی خۆیدا دەیگوت: هەڵەکردن باجی خـۆی هەیە، هەروەك ئەو چەکوچانەی لە پەنـجەی خـۆمی دەدەم و ئازارێـك هەمـوو جەسـتەم دادەگــرێ شــوێنەکەی مــۆر دەبێــت و دواتــر رەش، وەك ئەو پەڵە رەشــانەی بەتەوێڵــی پارتەکــانەوە نووســاوەو بــۆ هەمیشــە لێیــان نابێتەوە .

## مردن ئاوەدان کردنەوەی خاکە

مـردن رێگەیەکـی روونـاکە بەرەو تـاریکی، ئـاوەدانکردنەوەی نـاخی خـاکە، داڵـدەدانی ئازارەکـانی ژیـانەو رشـتنی فرمێسـکەکانی ئەوانـی دییە.

## مردن خەوێكی هەتاییەو خەونی تێدا نییە

هێشتا رووناكی نەگەیشتبووە سەر ناوك و تاریكی لە راكردندا بوو، تاك و تەرا پاسارییەكان دەنگیان دەبیسترا و ئەستێرە نزیكەكانیش لە درەوشانەوەی خۆیان نەكەوتبوون، لە سەربانەكان ژنان خەریكی كۆكردنەوەی پەردەو کوللەكانیان بوون، ئەو پەردەو کوللانەی بەرۆخی سیسەمەكانەوە ئاڵا بوون و شەوێ تا بەیانی دوو هاوسەر راموسانیان تێدا كردووە، ئەوانەی هێشتا دەنگی هانكەهانكێكی نەرم لەنێویان جێمابوون و لەگەڵ لێكردنەوەی پەردەكەدا پەرتی نێو گەڕەك دەبوون، ئەوكات بۆنی ئارەقەو هەناسەیان شنەیەك دەیبردو توند بەر لوتی لاوێك دەكەوت، ئەویش بەناچاری دەچۆ ئاودەستێك و خۆی بەتاڵ دەكردەوە، هەندێ لە

پیاوەکانیش دەستەیەك نانی گەرم و جامە ماستێکیان بەدەستەوە بوو دەگەڕانەوە ماڵێ، منداڵەکانیش تازە لەخەو هەستا بوون و خەریکی خۆگۆڕین بوون بۆ قوتابخانە، خۆ کرێکارەکانیش دەمێك بوو دەستیان بەکاری خۆیان کردبوو و سەرگەرمی گرتنەوەی خەفتەکان بوون.

ئەو سپێدەیە وەستا عوسمان بەدەنگی دایکی هەڵنەستا، لەخەوێکی قووڵدا خەونێك کە هەرگیز لە خەونەکانی رابردووی نەدەچوو بەتایبەتی لە کۆتایی خەونەکەدا (برووسکی رووناکیەك کە دەنگێکی گەورەی لەگەڵدا بوو، شاری بەخەبەر هێنا ) رایتەکاندو وشیار بۆوە، خەونەکە پێیگوت: هەستە گڵۆپەکانی ماڵەوەتان سوتاوە دەبێت ئەوان و ئی ژیانیش بگۆڕی، لێ رووناکی خۆر کەوتۆتە بەرپێیان و ئەمڕۆ لەکارێکی دژواردا زۆر ماندوو دەبی، ئەو لە خەونیدا کارەبای تەواوی شار بڕابوو، لێ تەنیا لە ماڵی ئەوان کارەبا هەبوو، نەیدەزانی هۆکارەکەی چییە، بۆیە بەدەستی خۆی ئەو گڵۆپەشی کوژاندەوەو ئیدی تاریکی تەواوی شاری داگرت، لەو چرکە ساتەدا عوسمان لەخەو هەستاو دیتی هێشتا خوانی بەیانی دانەنراوە، دایکی هەر لەناو جێگەکەیدایەو ساردیەك بە ماڵەکەیانەوە دیارە، خورپەیەك رایتەکاند و بەرەو جێگەی دایکی چوو، ئەو دایکەی کە هەموو ژیانی خۆی پێبەخشی بوو، تەنیاییان دەدایە یەکتری و دڵی دنیایان بەیەکتری خۆش بوو، کەلێی نزیك کەوتەوە، بۆنێکی ساردو رەنگێکی سپی، دڵی وەستا عوسمانی هەژاند، هاوارێك بەبێ ویستی خۆی لەناخیەوە دەرچوو، لێ هیچ وەڵامێکی لەدایکیەوە نەبیست،

دڵی زۆر بەخێرایی لێی دەدا، تەپەتەپی سینگی ئارامی ژوورەکەی نەهێشت، لێ هێشتا گوێی لە دەنگی دڵی داکی نەبوو، نالەیەك لە نێو ناخی کورێکەوە دەرگاو پەنجەرەکانی لەراندەوە، کەچی جوڵەیەك لە دایکیەوە نەبینرا، دەنگێکی گڕ دیوارەکانی بڕی و لە کەلێنی دارەڕێیەکانەوە خۆی قوتار کردو بەنێو کۆڵانەکاندا دەنگی ئەو پاسارییانەی کپ کرد، کە تازە لەهێلانەکانیان دەرچوو بوون، ئاوڕی بەتەواوی ئەو ژنانە دایەوە کە خەریکی کۆکردنەوەی پەردەوکوللەکان بوون، ئەو دەنگە گڕە تەواوی جیرانەکانی لەخەو هەستاند، ئاوەدانی خستە کوچەکەیانەوەو بەبێ ویست دەستی خستە سەر رومەتی و گوێی لە هەناسەی دایە گرت، وەك ئەوەی لە خەوێکی درێژ خایەندا بێت و نەیەوێ بۆ هەمیشە هەستێتەوە، رومەتی سارد و نێو نوێنەکەی ساردتر، چاوی کراوە بوون وەك ئەوەی لە چاوەڕوانی کەسێکدا هێشتا سەرنجی خستبێتە نێو هیواکانی.

لەوکاتەدا گریانی پیاوێك تەقیەوە هاوارو نالەیەك میچی خانوەکەیانی شەق کردو شەپۆل شەپۆل بەنێو شاردا دەڕۆیشت و زایەڵەی دەهات، جیرانەکانی بەسەر گەڕان، حەوشە پڕ بوو لە خەڵك، هێشتا وەستا عوسمان لەسەر چۆك کەوتبوو فرمێسك تەواوی سیمای تەڕ و چاوی سووردا گەڕاند، ئێشێك رژایە لەشیەوە و تەواو بێهێزی کرد، ژنەکان دەنگ و نالەی عوسمانیان قوتداو هەواڵی مردنی داییکیان گەیاندە تەواوی ئاوایی.

مردنـی دایکێـك لەنێـو چـاوەڕوانی مێردەکەیـدا، بەدیـار کـوڕی گەورەیـی و جێهێشـتنی دەیـان خـۆزگەو حەزرەت، موچـوڕکی لە جەستەی جیرانەکان چەقاندو هەناسەیەکی ساردی پژاندە نێو دیـوە چۆڵ و ساردەکەی وەستا عوسـمان، ئـالێرەوە چیرۆکـی راستەقینەی خەونەکـان رژانە مـاڵێکی چـۆڵەوە، سـەرەتای تراژیـدیای خێزانێـك سـەریهەڵدا و مردنـی راسـتەقینەو گـۆڕ، لە دەرەوەی خەونـدا خـۆی هاویشتە بەردەمی وەستا عوسـمان، ئەگەر پێشـتر و ئێسـتا هیـوایەك بۆ دەرکەوتنەوەی بـابی هەبـوو، ئەگەر لەدنیـادا گۆڕێـك نەبـوو نـاوی بابی لەسەر بێت، ئێستا ئەوەتا رێك وەکو خەونەکـانی داکـی دەنێـژن و گـۆڕەکەی بەڕۆخـی گـردێکەوەیەو دەڕوانێـتە ئـاوایی، کێلەکـانی بەسەر دۆڵێکی قوڵدا بەچاوکراوەیی سەرنجی خستۆتە سـەر خێـزانە پەرت و بـــڵاوەکەی و لە چـــاوەڕوانی مێردەکەیـــدا پێڵوەکـــانی ناتروکێنـێ، بەلاپاڵێکەوە گۆڕێکی نوێ هێشتا بۆن بخوور بەرینەداوەو گوێی لە گریەو نـووزانەوەی کـوڕو تـاقە کچەکەیەتـی و بە کۆمەڵێـك خۆزگەوە کەوتۆتە نێو خەوێکی هەتـاییەوە، ئێسـتا چـاوی لە هەمـوو رووداوەکـانی ژیـانەو تەنـانەت چەکـوچی دەسـتی عوسـمانی کـوڕی گەورەشی دەبینێ، کاتێك لە کاردا دیوارەکانی پێ کوون دەکا.

کەسـێکیش بەتـاقی تەنـێ لەنێـو خـانوێکی چۆڵـدا بەنێـو چارەنووسدا دەچێتەوە، بەنێو خەونەکانیـدا دەچـۆڕێتە نێـو گـۆڕێکی تاریکەوەو هەر لەتەنیشت دایکی دەینێژن، جگە لەدوو گـۆڕ هیچیـدی نابینێ، هێشـتا بـابی گـۆڕونەو کەبیـری دەکەوێـتەوە ئـازارێکەو وەکـو مێخ لە دڵیـدا کوتراوە ، هەمـوان چوونەوە نێـو ماڵەکـانی خۆیـان و

ئەویش بەتەنێ ماوەتەوەو هێشتا سووره لەسەر ئەو جەنگەی دژی ئایندەی بەرپای کردووە، خەمێك لەنێو مردنی دایکە نازدارەکەی و بزر بوونی بابی خەریکە دەیکەوێنێ، بەدیار یادەوەریەکانی رادەمێنێ و دەیان پرسیار لە مێشکیدا دێن و دەچن، ئاخر ژیان چی لەو دەوێ ئەوەتا هەموو تەمەنی خۆی بۆ دایك و براو خوشکەکەی تەرخان کرد، کەچی قەدەر لەنێو جەنگێکدا بەتەنێی هێشتەوەو هەر بەتەنێش دەبێت ئەو جەنگە بکات، ردێنی پێبەردایەوەو دیدەکانی وشك کرد، داخۆ دەتوانێ ئەگەر بۆجارێکیش بێت رێڕەوی خەونەکانی بگۆڕێ و شوێنێکی دوورتر لە ئایندەی ببینێ؟ داخۆ هەموان بە ئایندەی خۆیان دەزانن، یان چارەنووس دەیەوێ ژیان لەسەر ئەو تاقیکاتەوە؟ دەیەوێ لەنێو خانوێکی پڕ لە یادەوەری خێزانەکەی بکەوێ و وەك گۆڕی نێو خەونەکانی هەر بەئاگاوە مردن ببینێ، بەچاوی زەقەوە خۆڵی بەسەرداکەن و کەس هاوار و ناڵەی نەبیستێ.

لەنێو خانوێکی چۆڵدا خەریکە لە تەنیایی خۆشی دەترسێ، زۆر کەڕەتان لەنیوە شەودا تارمایی داکی دێت و لێفەکەی پێدا دەداتەوە، دیمەنێکی ترسناکەو وەلێ ئەو هیچ ناترسێ، وەك ئەوەی لەگەڵ داکی بژی و هیچ رووی نەدابێ، زۆر جاران هەر لەنێو نوێنەکەی خۆیدا بیردەکاتەوەو دەڵی: بلێی گۆڕی نێو خەونەکانم ئەم تەنیاییەم نەبێ؟ ئاخر مردن چییە جگە لە تەنیایی، ئەوەتا تەنیام و تارمایی دایە بەسەرمەوەیە، لەتەنیشت ئەوم و دەشێ ئەوە مردنێکی لەسەرخۆ بێت، لەنێو ئەم بیرکردنەوانەدا هەندێجار

هیـوای لـێ بـزر دەبێـت و بـۆی نـادۆزرێتەوە، وەلـێ ئومێـدێك هێشـتا لەنێـو خەونەكانیـدایەو پێـی دەڵـێ: **(ئەگەر ریشـت بیسـت گەزیـش درێژكەی ناتوانی گەزێك بۆ دواوە بگەڕێیەوە)**، رابردوو ناگەڕێتەوەو چیـدی جەنـگ دژی چـارەنووس بەرپـا مەكە، داهـاتوو ئەگەر قاپێـك ژەهریش بێت دەبێت بینۆشی، تۆ هێشـتا كاتـت مـاوە بەچـاوی خـۆت هاوژین و منداڵەكانت و مردن دەبینی، مردنێك ژیانـت پێدەناسـێنێ، ژیانێك مردنت دەداتێ و هەنـدێ شـتت لێدەسـتێنێ و خـۆ هەنـدێكی دیت پێدەبەخشێ.

# قونە شەڕ

لە دەرەوەی شـــار بریســـکەی گوللەکـــان دەبینـــران، وەلـــێ دەنگـــی نەدەهـات، تەواوی خەڵـك لە چـاوەڕوانی هەواڵێکـی کتـوپڕدا بـوون، ئەگەر جاران پێشمەرگە بەشوێنە نەدیوەکان و ڕۆخـی شاردا خۆیـان بە ئاوایی دا دەکرد، یان ڕێکخستنەکان چاوساغیان بـۆ دەکـردن و بە کۆڵانە ئارامەکاندا دەیانگەیاندنە شوێنی خۆیـان، ئەمجارەیـان لەسـەر شـــەقامە قیرتاوەکـــانەوە لەشـــکرێك چەکـــدار بە تفەنگـــی نـــوێ و سەیارەی سەربازیەوە کە تەواوی ڕووناکیەکانیا پێکردبوو، بەبێ هیچ ترس و بەرگرییەك رویان لەشار کردبوو.

ئەو شـــەوە گوللەکـــان دەوەشـــێنران و کەســـیان نەدەناســـی، بەبـــێ نیشـانەو روانـگە ڕێـك بەشـاریانەوە دەنـاو کـوێرانە بەردەمـی خۆیـان پاکدەکردەوە، دەنگۆی گەڕانەی ڕێکخراوی جەدەلیەکانیان رادەگەیاند، نەڕە نەڕی دەنگی بزووێنەری ئۆتۆمبێلەکان زۆر بەسانایی دەبیسـترا،

ڕێژنەی گوللەکانیش پێش خۆیان دەگەیشتنە نێو شارو شەلم کوێرم ناپارێزم بەسەر شاردا دەباری، هەبوو دەنگی ئەو گوللانەی لە مۆسیقا پێخۆشتر بوو، هەشبوو دەیزانی ئیدی سەردەمی ئەوان لەمشارە کۆتاییەتی و زەندەقی چووبوو، دۆستەکان یەکتریان حەشار دەداو چراکان هەندێکیان پێدەکران و هەندێکیشیان دەکوژانەوە.

وەستا عوسمان ئەو شەوە خەوی لێنەدەکەوت دەیزانی ئەوە سەرەتای جەنگی تۆڵە سەندنەوەیەو وەك تۆتسی و هۆتۆییەکانی ڕواندا وەنێو یەکتری دەکەون و ئەوەی دەستیان کەوێ دەیکوژن.

بەکەمتر لە یەك کاتژمێر دەنگی تەقە گەیشتە نێو کۆڵانەکان، سروودی(سەرکەوتن) ئاوێتەی ڕێژنەکان دەبوون و تەپە تەپی بارانی گوللەکانت گوێ لێدەبوو کە وەکو تەرزە بەسەر بانەکاندا هەڵدەوەرین، ئەو شەوە سەخترین شەو بوو بۆ پارتی مەوالییەکان و خۆشترین شەویش بوو بۆ جەدەلیەکان، هەربۆیە قونەشەڕی کۆڵانەکان دەستی پێکردو وەستا عوسمان گوێی لە دەنگی پێی هەڵاتنی مەوالییەکان دەبوو، ئەوان چۆن بەخێرایی هاتن و تەواوی شارەکانیان گرت ئاواش بەپەلە و بەقونە شەڕ ئەمشارەیان چۆڵ کرد، ڕۆیشتن و هەتا ئەودیوی دێگەڵە ڕانەوەستان، جەدەلیەکانیش ڕێك وەك ئەو بەرنامەی بۆیان دانرابوو لە دێگەڵە ئیستۆپێکی بزماریان گرت و ئیدی لەوێوە ڕەنگ و ناوی دوو زۆنیان تۆخ نۆخ کردەوە.

## ژیان لەنێو دەخیلەی جەنگدا بزر دەبێ

هێشتا بۆنی باروت لە کۆڵانەکانی شار دەهات، جێ گوللەی براکان بەزۆرینەی دیوارەکانەوە دەبینرا، لوورە لووری گوللەی تۆپەکانی ئێران بەسەر کۆیەدا رەتدەبوون و زەویەسپیان رەش رەش دەکردەوە، دیوارە بەردینەکانی رادەتەکاندو قسڵەکانی شەق شەق دەکرد، ئاوارەکانی ئێران لەنێو کەمپەکانیان هەڵدەقەنران و جارێکی دی ئاوارەی پایتەخت دەبوونەوە، لەولاشەوە تانکەکانی بەعس خۆیان بە پایتەخدا دەکردو جگە لەهەڵدانەوەی ئاڵای عێراق، لەسەر پەرلەمانە زامدارو ساواکەمان، تاڵان وماڵوێرانکردنی یەکتری ببووە دیاردە، هەر بابابوو هەڵدەهات و نیشتمانێکی لەتکراویان کردە مەملەکەتی ئاوارەکان، هەر ئەوەندەنا دوو حکومەتیشیان درووست کردو هەندێ پارێزگا هەبوو دوو پارێزگارو هەندێ شارۆچکەش دوو

قایمقامیان بۆ دانا بوون، بەجۆرێك وڵاتیان شێلو کردبوو خۆشیان سەریان لەو ئاڵۆزیە دەرنەدەچوو.

شار لەنێوان خەڵکی هەڵاتو و ئاوارەکاندا ئاوێتەیەکی شێلوی دروست کردبوو، ئەوەی بەچەك پەیدا دەکرا چەکوچ نەیدەتوانی و ئەوەی دەستە چەکدارەکان دەیاندوریەوە، داس پێی نەدەوێرا، ژیان لەنێوان جەنگ و مردندا تاریك ببوو، تەنیا لە شەو و رۆژێکدا بەرێوەبەر دەبووە خزمەتگوزار و خزمەتگوزار بە بەرێوەبەر، دەوڵەمەند دەهاتە سەر ساجی عەلی و بکوژیش دەببووە سەرمایەدار، یاساو دەقەکانی چینایەتی پەیژەکانی سەرکەوتن و هاتنە خوارەوە لێك هەڵوەشا بوون و بە جۆرێك هاوکێشەکانی ژیانیان تێکدابوو کەس رێ راستەکانی بۆ نەدەدۆزرایەوە، تالانکردنی بارەگاکان، دامودەزگاکان زۆر ئاسایی بوو، دەتگوت گەڕاوینەوە سەدەکانی پێش زایینی و لەنێو جەنگی خێڵەکاندا هەموو بەهاو شتە جوانەکان لە دەست دەدەین، هەروەك خێڵە ونبووەکانی ئەمازۆن و هیندییە سوورەکان کوخەکانی یەکتریمان دەسووتاند، کیژەکانمان دەبردو خوێنی پیاوەکانیشمان فڕدەکرد، رێك وەکو ئەو ئەنفالەی چەند ساڵێك پێشتر بەسەرمان هات و بە زیندوویی خراینە گۆڕە بەکۆمەڵەکانەوە، ئاوا کەسانێك بەزیندوویی بزردەکران و دەخرانە زیندان و گۆڕە بەکۆمەڵەکانەوە، ئاخر برا تفەنگی بەبرای خۆیەوە دەنا، لەسەر خوانەکان قاپە شلەیان لە یەکتری

دەگرت، قەوانی بەتاڵ هێندە لەسەر شەقامەکان کەوتبوون، منداڵیش یاریـان پێنەدەکـرد، دەرگـاو پەنـجەرەی تـاڵانکراو لەنێـو بازاڕەکـان خرابـوونە مەزادەوە، تیفیەکـانیش لە نەڕەنەڕ نەدەکەوتـن و ئـاگری رق و جەنگیـان جـۆش دەدا، نـان هەنـدێ لە قەڵەم بەدەسـتەکانی هاویشتبووە نێو ئەو دۆزەخەو پەخشانی ئاگرینیـان دەنووسی، هـانی لاوەکانیان دەدا بچنە بەرەکانی شـەڕی خۆکوژی و وەك ئەوەی ئـازاد بـوونی نیشـتمان لەم جەنـگەدا بێـت، دوژمنــانی کـورد ئەوانەی سـنوورەکانیان لەسـەر داخسـتبووین، خوانیـان گەرم بـوو، بەتـرێلە تەقەمەنیـان دەنـاردو ئـێمەش لە جەسـتەی یەکتریـدا بەتاڵمـان دەکـردەوە، چاوسـاغیان دەنـاردو ئـێمەش روانگەیـان بـووین، تۆپیـان دەداینێ و ئێمەش نیشانە.

قاقای پێکەنینەکانی ئەوان وەك رمبەی گوللە ئاربێجیەکان دەنگی دەدایەوە، ئەم قاقایـانە بەنێـو کێلـی گۆڕسـتانەکاندا رەت دەبـوو نووزەی دایك و خوشکی براکوژراوەکانیان کپ دەکـرد، چیرۆکـی دیل کوشـتن و مـاڵ وێرانکـردن حیکـایەتی شـەوە تاریکەکـانی هەمـوو خێزانێـك بـوو، خـۆ قەیرانـی برسـیەتی و بێکـاری و گەمـارۆ ئابوورییەکان بەجۆرێك خەڵکی پەرێشان کردبوو، خـۆزگەی زەمەنـی ژێردەستیان دەخواست، بە چلەی هاوین قومێك ئـاوی ساردت دەست نەدەکەوت دوژمنـانی کـورد ئەوانەی سـنوورەکانیان لەسـەر داخسـتبووین، خوانیـان گەرم بـوو، بەتـرێلە تەقەمەنیـان دەنـاردو

ئـێمەش لە جەسـتەی یەکتریـدا بەتاڵمـان دەکـردەوە، چاوسـاغیان دەناردو ئێمەش روانگەیان بووین، تۆپیان دەداینێ و ئێمەش نیشانە.

قاقای پێکەنینەکانی ئەوان وەك رمبەی گوللە ئاربێجیەکان دەنگی دەدایەوە، ئەم قاقایـانە بەنێـو کێلـی گۆڕسـتانەکاندا رەت دەبـوو نووزەی دایك و خوشکی براکوژراوەکانیان کپ دەکرد، چیرۆکی دیل کوشـتن و مـاڵ وێرانکـردن حیکـایەتی شـەوە تاریکەکـانی هەمـوو خێزانێـك بـوو، خـۆ قەیرانـی برسـیەتی و بێکـاری و گەمـارۆ ئابوورییەکان بەجۆرێك خەڵکی پەرێشان کردبوو، خۆزگەی زەمەنی ژێردەستیان دەخواست، بە چلەی هاوین قومێك ئاوی ساردت دەست نەدەکەوت، زستانان لە سەرمان و شەوانەش لە برسان دەنووستین.

وەستا عوسمانی تەنیاو کۆست کەوتوو لەمنێوانەدا زۆر بە مەلولی مابۆوە، لە نەبوونی کارو ئەم بارودۆخەدا پەرێشانیەکی زۆری پێوە دیـار بـوو، ئەو دەیتـوانی خـۆی بپـارێزێ و تەنـانەت هاوکـاری ئەو خوشـکە تاقانەشـی دەکـرد، کە لەنێـو خێزانەکەیـدا تەنیـا ئەوی لەبەرچـاو مـابوو، بـراکەی لە دەرەوەی وڵات پەناهەنـدە بـوو نەیـدەتوانی بگەڕێـتەوە ئەو کـارێکی دۆزیبـۆوەو جـار جـار هاوکـاری هەردووکیـانی دەکـرد، دەیزانـی بـراگەورەکەی چەنـدی پێـوە مانـدوو بووەو هەروا ئێستا کە بەتەنیا ماوەتەوە چ ئازارێك دەکێشێ، بۆیە لە زۆریـنەی نامەکانیـدا هانیـدەدا ئەویـش بێـتە دەرەوەی وڵات و هاوکاری دەکا، یـان هەر لە کوردسـتان خێـزان دروسـتکات و چیـدی

بەتەنێ نەمێنێتەوە، لێ وەستا عوسمان نەیدەتوانی خوشکە تەنیاکەی و گۆڕە تەنیاکەی دایکی جێبهێڵێ، لەنێوان چارەنووس و تەنیایی خۆیدا گیری خواردبوو، ئەو ئیدی کۆمەڵێك کارو ژیانێکی سادە بەتایبەت شاگردەکانی بە خاکیەوە بەستبۆوە، بۆیە هەرگیز نەیدەتوانی نیشتمان جێبهێڵێ، زۆر جارانیش بیری لەلای باوکە بزر بووەکەی و مردنی لەناکاوی دایکی بوو، ئاخر هێشتا ئومێدی دۆزینەوەی بابی هەیە، ئەو زۆر لەناکاو بزر بوو، شەوانە سەردانی خوشکە تاقانەکەی دەکردو زۆر جاران هەر لەوێ دەمایەوە، خۆ خاڵ و مامەکانیشی بیر نەکردبوو، هەمیشە سەردانی دەکردن، بارودۆخ هەر درێژ دەبۆوە، تا لەدەرەوەی وڵاتەوە زلەیەك بەبناگوێی سەرکردەکان کەوت و بە کونفەیەکونێك ئاشتی جێگەی شەڕی گرتەوە، تخوبێك بۆ هەردوو رەنگ دانرا و دەنگی تۆقەی دوو سەرکردە لە شاشەکانەوە دەنگی لولەی تفەنگەکانی کپ کرد.

وەستا عوسمانیش هەر خەریکی کار بوو، تا یەك لەو شەوانەی لە ماڵی خاڵی بوو کاری نۆژەن کردنەوەی باڵەخانەیەکی وەرگرت، کە لەرێگەی کاك وسووی جیرانێکی خاڵەکەیەوە پێی سپێردرا، ئەو کاك وسووە لەلای وەستا عوسمان نامۆ نەبوو، زۆر جاران لەگەڵ بابی دیویەتی و هەروا دەسترپیشتوویەکی ئەم دەڤەرەش بوو، ئیدی دڵخۆش بوو بەم کارەی چونکە زیاتر لە دوو هەفتەی دەخایاندو لە بێکاری و بیرکردنەوە رزگاری دەبوو.

وەستا عوسمان بارودۆخی دارایی خراپ نەبوو، جگە لەوەی ژیانی بەکارەباچیەتی باش هەڵدەسوڕا، برایەکەشی ناوە ناوە هاوکاری بۆ دەنارد، ئەو لە رۆژانی بێکاری و چارەنووسی خۆی بێزار دەبوو، بەتایبەتیش کە شەڕی ناوخۆ لە گۆڕێدا بوو و بەتاقی تەنێ لەنێو خانوێکی چۆڵیشدا مابۆوە.

بۆیە هەر لە رۆژی دواترەوە لە دوو شاگردەکەی چوو و دەستیان بە نۆژەنکردنەوەی کارەبای ئەو باڵەخانەیە کرد و سەرقاڵی کاری خۆیان بوون، لە دەرەوە دەنگی تەقەی براکان نەمابوو، شار ئارامی بەخۆیەوە دیبوو، بەزەبری هەڕەشەو شەقی ئەمەریکا سنوورێکیان بۆ دیاری کردن و ئیدی لەو رۆژەوە زۆنی سەوز و زەرد جیاکرانەوە، لەناو باڵەخانەکەشدا تازە دەنگی چەکوچەکانی وەستا عوسمان دەبیسترا، دەنگێك مژدەی چوونەوە سەرکاری هەموو کاسبکاران بوو، لەولاشەوە دەنگۆی بڕیاری نەوت بەرامبەر بە خۆراك هەناسەیەکی نوێتری وەبەر هاوڵاتیانی عێراقی و کوردستانی نابۆوەو کەمێك لە خوانەکانی ئاوەدانکردەوە، ئاهێك هاتەوە بەر هەژاران چونکە ئەم بڕیارە پەیوەندی بە دەسەڵاتەوە نەبوو، راستەوخۆ لە رێگەی بریکارەکانەوە خۆراك دەدرایە هەموو ماڵێکی عێراقی، ئیدی لێرەوە بوژانەوە کەوتە ناو شارەکان و لێ ئاوارەکانی شەڕی ناوخۆ هەر مابوون، لەهەر شارێك ماڵیان داگیر کرابێ، لەبەرامبەردا ئەوانیش ماڵی دیکەیان لە شارەکانی دی داگیر دەکرد، تەنانەت رێکەوتنی

ستراتیژی نێوان مەوالییەکان و جەدەلیەکانیش ئاوارەکانی نەگەڕاندنەوە شوێنی خۆیان، چونکە هێندە کاری قێزەونیان بەرامبەر یەکتری ئەنجام دابوو، هێندە تالآن و کوشتوکوشتاریان کردبوو، شەرمیان دەکرد بچنەوە نێو کەسەکانیان.

وەستا عوسمان چونکە سەر بەهیچکام لەم لایەنانە نەبوو، هەروابێتەوە هەر لەدوای بزر بوونی بابی و بەجێهێشتنی قوتابخانە روی لە کاسبی کرد، بۆیە هیچ کام لەم دوو لایەنە توخنی نەدەکەوتن، بە پێچەوانەوە رێزیان دەگرت و دەیانزانی خەتایەکی گەورە لە ماڵباتەکەی کراوە، بۆیە لەجیاتی ئازاردانی کاریان دەدایەو ئەویش دڵسۆزانە و بێلایەنانە کارەکەی خۆی دەکرد.

هێشتا هەفتەیەکی تەواو نەکردبوو لەسەر کارە نوێیەکەی کاك وسووی خاوەن باڵەخانە کە یەك لەدەستڕۆیشتوەکانی دەڤەری جەدەلیەکان بوو، هەروا جیرانی خاڵی و دۆستی بابی بوو، هاتە سەر باڵەخانەکەو جگە لەوەی خواردنێکی باشی بۆ خۆی و شاگردەکەی هێنا بوو، برێك پارەی پێشەکیشی دایە، هەر لەسەر نانخواردن بە وەستا عوسمانی گوت شەڕ راوەستاوەو ئیدی جارێکی دی براکان یەکتری ناکوژن، دەبێت رێکەوتنەکەی نێوانمان بەتەواوی جێبەجێ بکرێ، چونکە هێشتا سێبەری بەعس لە سەرمانەو بەزووترین کات کوردستان ئاوەدان دەکەینەوە.

وەستا عوسمانیش گوتی: ئەوە باشترین رێکەوتنە هیوادارم هەرگیز ئەم رۆژانە نەبینینەوە، چونکە لەم شەڕەدا تەڕو وشکتان بەیەکەوە سوتاند، ئەوەتا بابم لەمنێوانە بزر بوو، داکم لە خەمان شەپلە لێیدا و منیش خوێندنم لەسەر ئەم روداوانە دانا، دوور نییە هەزاران خێزانی وەکو من ئاوا بەبێ خەتا تێدا چووبن.

وسووی خاوەن ماڵ گوتی: کەسمان حەزمان لەمشەڕە نەبوو، ئەوەتا بەچەندین مانگ منیش ماڵی خۆمانم نەدیوە، بەڵام پێم بڵێ بابت چی بەسەر هات؟

وەستا عوسمان: شەوێك مەفرەزەیەکی چەکدار هاتن و تەواوی ماڵەکەیان پشکنی، تەنیا ئەو چەکەیان دۆزیەوە کە لەسەردەمی شاخەوە هەیبوو، چەکەکەیان بردو بۆ سبەینێش لەسەر کارەکەی و بەبەرچاوی شاگردەکانی ئەویش دەبەن و ئیدی هەر ئەو بردنە دەبێ تا ئەمڕۆ.

وسوو: نەتانزانی مەفرەزەکە ئی کێ بوون؟

وەستا عوسمان: با ئەوکاتی مەوالییەکان ئێرەیان داگیر کردبوو، مەفرەزەکانی ئێوە چوبوونەوە شاخ، چوزانم لەوانەیە ئیوەش بووبن بەشەو هاتبن، بەڵام ئێمە تەنیا لەولا بەدوایدا گەڕاین و هیچمان دەستنەکەوت.

وسوو پرسیاری دی نەکرد، نانەکەی لەگەڵ خواردن و بە لاندگرۆزێکی میچ بەرز لەگەڵ حیمایەکانی رۆیشتن.

وەستا عوسمانیش لەگەڵ شاگردەکەی چایەکیان خواردەوەو چوونەوە سەر کارەکانیان، ئێوارە داهات و بەیەکەوە گەڕانەوە هێلانەکانیان، وەستا عوسمان لەماندوویەتیان تەماشای تەلەفزیۆنیشی نەکرد، پاڵیدایەوەو هەر لەجێی خۆی خەوی لێکەوت، وەك زۆرینەی جاران دیسانەوە و هەمان خەون یەخەی گرتەوە، ئەو خەونەی بە ئاشکرا چارەنووسی خۆی پیشانەدا، جارێکی دی هاوژینەکەی دیت و خۆشەویستیەك لەناخیدا زیندوو بۆوە، منداڵەکانی کەوتنەوە بەرچاوی و زۆری نەبرد، لە نیگاکانیدا بابی خۆی پیشاندا، هەر بەئاگاییەوە هاویشتیانەوە نێو گۆڕێك کە لەتەنیشت دایکی بوو، چاوی دەگێڕاو کەس نەبوو غەمی بۆ نەخوا، لەهەمان کاتیشدا کەس نەبوو بڵێ بابە نەمردووەو دەری بێننەوە، ناشتیان و بارستاییەك خۆڵیان بەسەردا کرد، کە بەئاگا هاتەوە، وەك هیچ روی نەدابێ وابوو، خەوی لێکەوتەوەو بۆ بەیانی هەروەك رۆژانی دی چۆوە سەر کارەکەی و خۆشبەختانە هێشتا ئەو کارەی تەواو نەکردبوو، وسووی خاوەن باڵەخانە هات و کارێکی گەورەتری بۆ دۆزیبۆوە، ئەویش نوێکردنەوەی تەواوی کارەبای بارەگا گەورە و وێرانبووەکەیان بوو.

زۆری نەبرد و دوو رۆژ پێش وادەی خۆی کلیلی باڵەخانەکەی دایەوە کاك وسوو، ئەویش لەگەڵ خۆی بردو لەناو بارەگا گەورەکەی دابەزاند پێی گوت:

هەرچیت دەویّ بینووسەو سبەی تەواوی کەلوپەلەکانت بۆ لەم ژووره دادەنێین، دەستبەکاربەو دەبێت هەرچی زووه تەواوی کەی.

کاتێك وەستا عوسمان بەنێو دیوەکاندا گەڕاو پێداویستیەکانی دەنووسی، دیتی هیچی بەسەر هیچەوە نەماوە، هەستی بەوەش کرد کە پاسەوانێك چاودێری دەکات، بەڵام گوێی نەدایەو هەر خەریکی کاری خۆی بوو، سەرنجیدا هەر هەموو پلاك و وایەرو گڵۆپەکان تالان کراون، دواتر سوتاندویانەو زۆرینەی دیوەکان رەش داگەڕاون، بۆیاخچیەکان خەریکی نۆژەن کردنەوەن و هەندێك لە وەستایەکانیش خەریکی پڕکردنەوەی قۆرتی گوللەکانن، دەرگاو پەنجەرەی نویّ لەم گۆڕە فڕێدراون و لەشکرێك مرۆڤ خەریکی کار کردنن، ئەویش ژوور بەژوور دەگەڕا و گەیشتە نێو ئاودەستەکان، ئەویّ ئاگری نەگەیشتبوویە بەڵام هیچ پێداویستیەکی کارەبای تێدا نەما بوو، ئەوەی جێگەی سەرنجی بوو، وەك ئاودەستەکانی مزگەوت جۆرەها درووشم لەسەر دیوارەکان نووسرابوو، هەر بەتەنیشت ئاودەستەکانەوە دیوێکی گچکەی بیّ پەنجەرە هەبوو، چۆ ژووریّ و سەرەتا لە تاریکیان هیچی نەدی، دواتر کەچاوی رۆشن بۆوە، تەماشای کرد، ئەوە رێك ژووری بەندیخانەیە، تەواوی دیوارەکانی ئەو ژوورەش نووسین بوون، کاتێك لە کونی پلاك و وایەرەکان دەگەڕا و دەیویست پێداویستیەکانی ئەو دیوەش بنووسیّ، سەرنجی چۆ سەر نووسینێك لە خوارەوە نووسرابوو وەستا لوقمان،

خورپەیەك بەدڵیدا هات و رێك وێنەی بابی هاتە بەرچاو بێئاگا دڵی زیاتر لێی دەدا، وێنەی بابی هاتە نێو چاوی جارێکی دی پلایسەکەی بەر پشدێن و دەرنەفیزەکەی بەرباغەڵی کە هەمیشە بەبابیەوە هەڵواسرابوون، وەك تیسکەی تفەنگ بەبەرچاویدا رەت بوو، کاتێك نووسینەکەی خوێندەوە کە بەنووکی شتێکی تیژ لەسەر گەچەکە هەڵکۆڵدرابوو، رەنگی سوور سوور داگەڕا، خەتی بابی ناسیەوەو تێگەیشت، بابی لێرە زیندانی کراوە، تێگەیشت ئەوە خەتی بابیەتی و نووسیویەتی:

**(من وەستا لوقمانی کارەباچی، بەبێ خەتا ئاگری شەڕی ناوخۆ منی هاویشتۆتە ئێرە، ئەوشوێنەی بەدەستی خۆم کارەبایەکەیم بەستوەو بۆم روناك کردوونەتەوە)**

وەستا عوسمان پێنوس و دەفتەرەکەی خستە سەر چۆکی و خەریکی نووسینەوەی نووسینەکەی بابی بوو، دیسانەوە هەستی کرد هەمان پاسەوان چاودێری دەکات، لێ گوێی نەدایەو پێنووس و دەفتەرەکەی خستە بەرکی و لە دیوە تاریك و بێ دەرگایەکە هاتە دەرێ و بە بۆیاغچیەکانی گوت:

تا کاك وسوو نەیات ئەم دیوە نۆژەن مەکەنەوە، تکایە هەرگیز بەلایدا نەچن دەنا بەرپرسیار دەبن، پاسەوانەکەش وەك ئەوەی سیخوڕێکی دۆزیبێتەوە خۆی لە گێلیداو پشتی تێکردو رۆیی.

وەستا عوسمان لە بارەگایەکە دەرچوو یەکسەر رووەو ئەو خانووە رۆی کە بارەگای جەدەلیەکانی لێیە، خۆشبەختانە لاندگرۆزە میچ بەرزەکەی کاک وسوو لەوێ بوو، چونکە پاسەوانەکان دەیانناسی یەکسەر بردیانە لای کاک وسوو، تەماشای کرد دەوروبەری پرە لە ئەندام و لایەنگر.

کاک وسوو بەخێراتنی کردو گوتی: ها پێداویستیەکانت نووسی؟

وەستا عوسمان گوتی: بەڵێ بەڵام کارێکی زۆر گرنگم پێتە ئەگەر خۆم و خۆت بین.

کاک وسوو لەگەڵی چۆ دیویکی چۆڵ و ئەوەی دیتبووی پێی گوت، هەر ئەوکات وازی لەهەموو کارەکانی هێناو وەستا عوسمان و پاسەوانەکانی لەگەڵ خۆی بردوو چوونە مەڵبەندە وێران بووەکە، لەوێ بۆیاخچییەکان گەیشتبوونە بەردەرگای دیوەکەو خەریکی پڕکردنەوەی چاڵەکان بوون، کە کاک وسوویان دی ترسان و کشانەوە، پێدەچوو بەبڕیاری پاسەوانەکە خەریک بوون دیوەکە بۆیاغ کەن، وەستا عوسمان تێگەیی لێ بەسەر خۆی نەهێنا و نووسینەکەی بابی کە هێشتا نەگەیشتبوونێ پیشانی کاک وسووی داو گوتی: ئیدی تۆپەکە لە گۆڕەپانی ئێوەیە، دەبێت بابم بە مردوویی بێت یان زیندوویی بۆم بدۆزیەوە.

کاک وسوو ناردی لایتێک هات و چەند جارێک نووسینەکەی خوێندەوە، ئەوجار کاتێک نووسینەکانی دەخوێندەوە، رێکەوتێکی

کەوتە بەرچاو کە یەك لە زیندانیەکان نووسیبووی تێگەیشت لەم ڕێکەوتەدا ئەوان لە شاخ بوون، بۆیە بە وەستا عوسمانی گوت:

دەشێ بابت و ئەوانە لەلایەن مەوالییەکانەوە گیرابن و لێرەیان بەند کردبن، ئەوەتا ئەم ڕێکەوتە ئێمە لێرە نەبووین، بەڵام بەڵێن بێت سۆراغی بابت بیر ناکەم، چۆن بیریکەم من بەهەموو ژیانم قەرزاری ئەوم و تۆ کاری خۆت بکە منیش لای خۆشمان پرسیار دەکەم.

ئیدی وەستا عوسمان بزر بوونی بابی و مردنی دایکی و ڕووداوە ترسناکەکانی بیر هاتەوەو تێگەیشت لەنێوان ئەم دوو پارتەدا بابی دیزەبەدەرخۆنە کراوەو وەك دیلی یەکتری گۆڕ ونیان کردووە، ئەوەی تەنیا دڵیشی خۆش دەکرد دۆزینەوەی لاشەی بابی بوو، جا لەهەر شوێنێك و بەهەر هۆکارێك بێت.

ڕۆژەکان دەڕۆیشتن و وەستا عوسمانیش لە کارکردن بەردەوام بوو، هەموو ڕۆژێ پێش دەست بەکار بوون لەناو بارەگایەکەو دوای دەست هەڵگرتن، سەرێکی لەو دیوە دەدا کە بابی تێدا دیل کرابوو، هەرچەندە نوێ کرابۆوەو تەنیا بۆنی بۆیاغی لێدەهات، بەڵام ئەو گوێی لە چرپەکانی بابی دەبوو، دەیزانی ئامۆژگاری دیلەکانی کردووەو ئەم شەڕەی ڕسوا کردووە، بۆنی ئەوی دەناسیەوەو ئاسوودەییەك هەموو گیانی دادەگرت.

## دوای جەنگ کەلاوەکان ئاوەدان دەبنەوە

جەنگ زۆرجاران دەماری نێوچەوان دەئاوسێنێ و رق و سووتان جێدەهێڵێ، بەهۆیەوە وێرانی و گریان لەدایك دەبن.
جەنگ کوڕی هەژارەکان و خەڵکی بێتاوان وەکو یەك دەهاڕێ، لەبەرامبەردا هەندێ لە سەرمایەدارەکان قەڵەو دەبن، گەندەڵی گەشەی ژیان رادەگرێ.
بۆیە ئەگەر مارکس مابا دەیگوت: ئەی خەڵکی هەژار و زەحمەتکێش خۆبەکوشت مەدەن تا سەرمایەدار دەوڵەمەندتر و بەرپرسەکان نەبنە ئاغا.

# تەنیا خوێن تینواتی فیشەك فرۆشەكان دەشكێنێ

جموجـوڵ كەوتبـۆوە نێـو بارەگاكـان و دژەكـان زۆر بە هێواشـی خەریكـی ئاشـتەوایی بـوون، ئەو ئـاوارانەی هیچیـان لەخۆیـان شـك نەدەبـــرد دەگەڕانەوەو بەبـــێ تەقە ماڵەكانیـــان بە وێرانەیـــی وەردەگرتەوە، بەجۆرێك هەرچی پلاك و گڵۆپ و دەرگـاو پەنـجەرەیە نەمابوون و تاڵان كرابـوون، خـوێنی سـەر دیوارەكـان دەمێـك بـوو بە بۆیـــاغێكی ســـەوز یـــان زەرد شـــاردرابوونەوە، فەردە گڵـــی ســـەر باڵەخانەكـــان فڕێـــدەدران و خەریكـــی نـــۆژەنكردنەوە بـــوون، مانـدووبوونێكی زۆر بەچەكـدارەكانی هەردوولاوە دیـار بـوو، بـۆنی ئاشـــتی جـێگەی بـاروتی گرتبـۆوە، سـیمای بـاوانی كوژراوەكـان پەشیمانی لێـدەتكا، رقـی پێـوە دیـاربوو، رق لەو پارتـانەی كوڕەكـانی خۆیان حەشارداو هەژارەكانیشیان بەكوشتندا و ماڵ وێرانیان كرد.ن

ئـارامیەك كەوتبـووە دڵـی دانیشـتوانەوەو چەنـد مـانگێكیش بـوو نەوت بەرامـبەر خـۆراك دابەش كرابـوو، هەژارەكـان كوڵمەیـان وردە وردە دەئاوسایەوە، بۆنی نـانی تەنـدور و سـێڵ لە زۆریـنەی ماڵەكـان دەهات، تەنیا ئـی وەسـتا عوسـمان نەبـێ، جموجۆڵی بازرگـانی لەنێـو شار و سنوورەكان گەرم و گوڕی پێوە دیار بـوو، بەڵام هێشـتا سـیمای نـامۆ لەنێـو شـەقامەكان دەبینـران، جیـاوازیە چینایەتیەكـان زەقتـر ببـوونەوە، هەنـدێك لەپـڕ زۆر دەوڵەمەنـد بـوون و زۆریـنەش لەنێـو پرسە و نەداریدا پوكابوونەوە، هەبوون بەئازاد كردنەوەی شارەكەیان دڵخۆش بوون و هەشبوو نیگەرانیەكی زۆری پێوە دیـار بـوو، چونكە هەمیشـە بازرگـانـی شـەڕ، ئەوانەی نانیـان لە فیشـەك فرۆشـتن و تەقانــدن بــوو، هەردوو دەســتیان شــۆڕ ببــوونەوە، لێــرەو لەوێ دەیانەویست ئـاگری شـەڕ جۆشـدەنەوە لـێ نەیانـدەتوانی و پێـدەچوو گەورەكانیان لەژێر فشاری دەرەوەدا خۆیـان بەدەست ئاشتیەوە دابـێ و ئیـدی نەیـانەوێ لەوە زیـاتر ناشـیرین بـن، ئەو بازرگـانـانەی شـەڕ، پێشــتریش لە ســەردەمی بەعســدا جــاش و موستەشــار بــوون، هەڵیانــدابوونە نێــو جەنگــی نــاوخۆوەو رۆژ بەرۆژ پلەیــان بەرز دەبۆوە، جێگەی ریشدارەكانی چیایان دەگرتەوەو ئەوەی بەوان دەكـرا بەكەســی دی نەدەكــرا، هەنــدێك لەوانە تاوانبــارانی ئەنفــال و جینۆســاید بــوون، كەچــی دوای بەشــداریان لە شــەڕی نــاوخۆ هاویشـتیاننە ژێـر بـاڵی خۆیـان و دەیانپاراسـتن، بەجۆرێـك شـوێنی

خۆشـتریان لەوەی پێشـتر وەرگـرت، لـێ بەوەسـتانی جەنـگ، ژیـانی ئەوانیش لە وەستان نزیك بۆوە، هەستیان دەكرد پەراوێز دەخرێن و لەدیدی خەڵكەوەش هەر خۆفرۆشەكەی جارانن.

لەمنێوانەدا كاسبكارەكان ئەوانـی پەیوەنـدیان بەسیاسـەتەوە نەبـوو كاریـان بـاش بـوو، ئـاخر حكـومەت نەمـابوو تـا ئاگـای لە بـاج بێـت، لەنێوان دوو زۆنەكە بە بڕێك پارەی كەم دەتتوانی دەبـابەش ئـاودیو كەی، هەركەسەو بۆخـۆی بـوو، دوو حكـومەتی و دوو ئیـدارەیی وەك جیاوازیەكـانی رەنگـی سـەوز و زەرد دەبینــران، بەڵام كۆبــوونەوەی گەورەكـــان بەردەوام بـــوو، هەردوو لایـــان هێنـــدە مانـــدوو ببـــوون زۆرجـاران لەنێـو كۆبوونەوەكانــدا پێكەنینـی دەسـتكرد و هەنـدێ جـاریش قاقـای راسـتەقینەمان بەر گـوێ دەكەوت، قاقـایەك فـیچقەی پژانـــی خـــوێنی براكـــانی داپۆشـــیبوو، پێـــی دەگـــوتین ئەوانەی لە جەنگەكاندا سلار بـوونەوە، ئەوانەی لە پێنـاوی حزبـدا كەوتـنە نێـو گڵكۆكـــانەوە، بـــوونە رابـــردوو، گرنـــگ ئەوەیە ســـەرزلەكان مـــاون و دەتوانن بە قاقایەكی راستەقینە ئاشتی بگەڕێننەوە.

ئەو بەرپرسـانە ئامـادەبوون كۆبوونەوەكـان لە نێـو ئاغەڵەكـانیش ئەنجـــام بـــدەن، ئەو متمـــانەیەی لە دەســـتیان دابـــوو بە هاوكـــاری ســـەرۆكی كۆمۆنیســـتەكان، كە هەمیشـــە ئەو نێوەنـــدگیری دەكـــردن خەریكـــی گەڕانەوە بـــوو، هونەرمەنـــدەكان دژی شـــەڕی خۆكـــوژی بەردەكانی دێگەڵەیان رەنگاورەنـگ كـرد، بەنێـوچەوانی هەر بەردێـك

پەڵەیەکی ڕەشی شەرمەزاریان پێوە هەڵواسیبوو، ئەوکات (پی ئێم ئێف) کە گەورەترین دوژمنی کورد بوو، بەرنامەکانی خۆی جێبەجێ کردو نەخشەی باشووری وەرگرت و زاڵگەکانیشیان هەڵگرت و گەڕانەوە تورکیا، دیلەکانی یەکتریان ئاڵوگۆڕ دەکردو بارەگا داگیر کراوەکانیان دەدایەوە یەکتری، لە هەمووشی سەیرتر لە هەندێ شار بارەگایان لە یەکتری دەکڕیەوە، وەك ئەوەی موڵکی باپیرانیان بیت و بەیەکتریان دەفرۆشت، ئاوارەکان کە زێدەڕۆییەکی زۆریان لەسەر زەوی و باڵەخانەکانی دەوڵەت کردبوو، دێو نەیدەتوانی لێیان بستێنێتەوە، ئاخر ئەوان لە جەنگ گەڕابوونەوە، بۆیە هەموویان لەسەر تاپۆ کرا، ئیدی لەوێوە دزینی ئاشکرا و نهێنی دەستی پێکردو کردیانە کولتورو لەنێو یاساکانی دەوڵەتە دوو ئیدارەییەکەدا ڕەنگی دایەوە، ژمارەی پێشمەرگەی دێرین سەدان بەرامبەر زیادی کرد، بەجۆرێك جاش و موستەشارەکانیشیان وەك پێشمەرگەی دێرین ناونووس کرد، کردیاننە کەڵەگا و بەخۆشیان ماڵی نەدەکرانەوە، لەشکرێك چەکداری سەردەمی زوویان لەخۆیان کۆکردبۆوە بەجۆرێك نمایشی خۆیان دەکرد سەرکردایەتی هەردوو حزب لێیان دەترسان، بەکونفەیەکونێك لە فەوجەوە کرانە هێز، ناسنامەی پێشمەرگایەتیان لەبەرکی خۆیان هاویشت و کەسە ئازاو ناودارەکانی هەردوو پارتیش هەرکاتێك لە ناسنامە شڕەکانی بەرکی خۆیان دەڕوانی کە لەچیا درووست کرابوون، شەرم دایدەگرتن و

چەکەکانیـان لـێ شـۆڕ دەبـۆوەو دەچـوونە مـاڵێ و بـۆی دادەنیشـتن، ببڕاییبـڕ چەکیـان نەچـۆوە سـەر شـان و ناسنامەکانیشـیان دایەوە بازرگانانی شەڕو پێیان گوتن: ئیدی سەردەم سەردەمی جاشانە.

جموجۆڵی بازرگانی لەنێوانیان دەستیپێکردبۆوەو ئومێد و ئاشتی بـاڵی بەسـەر هەرێمـدا کێشـابوو، بەڵام هێشـتا جێمتمـانەی خەڵـك نەبـوون، بەگومـان و دوودڵـیەوە گوێیـان بـۆ دەگـرتن، رقێـك رەگـی لەنێـو دڵیـان داکوتـا بـوو بە رەنگی پەرچەمـی سـەر بارەگاکـان تێـك دەچوون و هێڵنجیان دەهاتێ.

وەستا عوسمانیش کەوتبووە نێو کاری خۆی و دوکانەکەی فراوانتر و شاگردیشی زیاتر وەرگرت، چونکە زۆرینەی خانووەکـان پێویسـتیان بە نۆژەنکردنەوە هەبوو، بەتایبەت سویچ و پلاك بەهیچ شوێنێکەوە نەمـابوو، ئەوەی دووعـانەی کردبـا لێیـان کردبـۆوەو فرۆشـتبوویان، دەرگاو پەنجەرەی باڵەخانەکان لەلای کۆنە فرۆشەکان کەڵەکە ببوون و هەر خۆیان لێیان دەکڕینەوە، ئەوە جگە لەوەی تەنیـا بە فرۆشـتن و بەستنی ئەنتێنی تیفیەکان کە هەمیشە کەناڵەکان لە زیـاد بوونـدا بوون دەبوو ئالێرەکـانیش بەرزتـر ببـنەوە، وەسـتا عوسـمان باشـترین قازانجی دەکرد، سەرقاڵی بە کارەکەیەوە زۆر شـتی بیـر بردبـۆوە، تـا ئەو رۆژەی شاگردێکی نوێی بۆ نـانخواردنی نیـوەڕۆ داوەتـی مـاڵەوەی کردو لەوێ جارێکی دی گەڕانـدیەوە نێـو خەونەکـانی، (ضـونكة ئـةم ديمةنـةي جاريَكي دي ديبـوو، وةك ئـةوةي شـيَشـتر لـة هـةمان

شويَن دانيشتبيَ، نةيدةزاني لة خةوندا ديويةتي يان بةراستي، وةليَ دلَنيابوو كة ئةم ديمةنةي ثيَشتر ديوة.)

كاتێك خوانیان رادەخست و خوشکی شاگردەکەی خواردنی دێنا، یەکەم سەرنج وەستا عوسمانی لە جێی خۆی سڕکرد، ئەو هاوژینەی کە هەمیشە لەنێو خەونەکانی بوو، ئەوەتا لەم ماڵەدایەو دێت و دەچێ، ئا لێرەدا باوەڕی بە ئایندەبینی و خەون و چارەنووس پتەوتر بوو، لێ ئەو بەڵێنی دابوو دژی چارەنووس بجەنگێ، بەڵام ئەوەتا هاوژینەکەی کە تەنیا لەخەون هەستی خۆشەویستی بۆ دروست کردووە لەبەر چاویەتی و ئاوا بڕوا دوور نییە خۆ بەدەست ئایندەوە بدات، هەر لەمەداوەتەدا بوو کە چایان بۆ هێنا، کاتێك وەستا عوسمان خواردیەوە، هەستی کرد هەزارانجار ئەو چایەی خواردۆتەوە، لەزەتێك لەنێو چایەکەوە رژایە نێو دەمارەکانی، هەستێکی خۆشەویستی تەواوی جەستەی سڕ کرد، زۆر بە خێرایی بەناو دڵیدا رەتبوو، وەك ئەوەی خەون و چارەنووس گەمارۆی دابێ هێشتا چایەکەی تەواو نەکردبوو داوای چایەکی دیشی کرد، ئا لەوێوە هەنگاوێك کە نەیدەویست بیهاوێ، لەپێتەی دەرچوو، چایەکەیان بۆ هێناو بەجۆرێك سەرنجی چووە سەر خوشکی شاگردەکەی، شاگردە کۆنەکەو ئەوەی لە سەردەمی بابیەوە لەگەڵی بوو و تەواوی خێزانەکە هەستیان پێکرد، لە ساتەوەختێکی زۆر دژواردا بەهۆش خۆی هاتەوە تەماشای کرد سەرنجی هەمووان

کەوتۆتە سەری، ئەویش تەماشای بەردەمی خۆی دەکات چایەك و نیو دەبینێ، بۆ ئەوەی تەریق نەبێتەوە دەڵێ ئەم چایە کتومت تامی چای داکمی لێدەهات بۆیە داوام کردەوە، دەستی ئەو کەسە خۆش کە لێی ناوە.

# خۆشەویستی گۆمێکی قووڵە و عاشقان دەخنکێنێ

ئەگەر خەون چیرۆکێکی نەبینراو بێ و لەنێو گۆمی خەودا مەلەبکا، خۆشەویستی بەنداوێکی قووڵەو عاشقان دەخنکێنێ.

## ئەو باخچەیەی دەنگی باڵندەی لێبڕاوە
## دڵنیابن لەوێ ڕاوچییەك خۆی حەشارداوە

کاریگەرییەکانی خۆشەویستی شەیداکان بەخۆیەوە دەبەستێتەوە، ناچاری خۆبەدەستەوەدانیان دەکات و زۆرجارانیش هەموو بەرنامەکانی ژیان تێکوپێك دەدا، ئەوانەی لە دڵەوە دەکەونە نێو ئەم ئاگرەوە بە باوەشێنێك گەش دەبنەوەو بە دەریایەك ئاو ناکوژێنەوە، بەجۆرێك دادەگیرسێن رابردوو دەسوتێنێ و ئایندە لەنێو بەستەڵەکیشدابێ گەرمی دەکاتەوە، ئەوە یاسای خۆشەویستییە دەتوانێ هەموو ڕێرەوە تاریك و ڕوونەکان بخاتەوە سەر شاڕێی خۆی.

هەربۆیە وەستا عوسمان چیدی پێویستی بەخەون دیتن نابێت، چیدی بۆ خەون نانوێ و مەگەر بیەوێ منداڵەکانی ببینێ، ئاخر

ئەو ئیدی شوێنی خەونەکانی خۆی دۆزیوەتەوە، ئەوەتا خـواردنەوەی چـایەك مێخـی خۆشەویسـتی لەناوەنـدی دڵـی چەقانـد و تەواوی بیرکـردنەوەی داگیـر کـردووە، ئێسـتا ڕەنگـی کچێـك بەنێـو شـیلەی چایەکدا لەنێو خوێنی دێت و دەچێ، کاتێـك قـوڵپەی خـوێنی خـۆی لەنێـو تـاوەی خۆشەویسـتی گـوێ لێـدەبێت هەسـتێکی نـامۆ خەریـکە دەینوێنێ، پێڵوەکانی شل دەبن و تارماییەك خەریکە لەنێوان خەو و ئاگاییدا دەیهاوێتەوە نێو خەونێك کە هەر لەمنداڵیەوە کـۆڵی لێنـادا، ڕۆژنیـــیە چەکوچێــك بەپەنــجەی نەکەوێ، هەمــوو ئەو گلۆپــانەی دەیبەستن بەدەستی خـۆی تاقیـدەکردنەوەو لەگەڵ هەر ڕووناکیەکـدا وێنەی هاوژینەکەی دەدی، منداڵەکانی بەنـاو ڕووناکیەکانـدا دەهـاتنە دەرێ، جار هەبوو بـۆ بەسـتنی برغـوویەك تاوێـك لە دەرنەفیـزەکەی دەگەڕا و لەنـاو دەستیشـیدا بـوو، ئەو هەسـتی بەوە کردبـوو ئیـدی هەر بەشــەونا ئەوەتــا بەڕۆژیــش خەون دەبینــێ، ئەوە لەکاتێکــدا پێویسـتی پێنـیەو کەچـی چـارەنووس کـۆڵی لێنـاداو دەیەوێ لەگەڵ خـۆی بەرێ، مردنـی دایکـی و بـزر بـوونی بـابی بـۆتە رابـردوو، پێـی سـەیر بـوو ئەو کۆسـتە گەورانە ئـاوا بەئاسـانی بیـر بچـنەوە، داخـۆ خۆشەویسـتی چیـیە تـا بتـوانێ وەك پەردەیەکـی ئەسـتوور هەمـوو ناخۆشـیەکان بـزر کـا؟ داخـۆ ئەو گـڵەی ڕژانـدیانە سـەر داکـی چ ئەفسـونێکی تێـدایە نێوانەکـان ئەوەنـدە دوور دەکـات، ئەو گـڵە سـۆز دەکوژێ، یان فرمێسکەو ئازیزەکان دەچۆڕێنێتە نێو زەوی؟

وەسـتا عوسـمان دەچـۆ نـاو خـۆیی و دەیگـوت: بـابم نە خـۆڵی بەسـەردا کـراو نە تـاوەکو ئێسـتا یەك دڵۆپ فرمێسکم بـۆ رشـتووە، ئـاخر هەمیشـە لە چـاوەڕوانی گەڕانـەوەیـدام، ئەگەر بـۆی بگـریەین ئەوە سـەلماندنی مردنیەتـی، باشـە بیرچـوونەوەی ئەو بـۆ؟ بڵێـی خۆشەویسـتی ئەو دیواربەنـدە ئەسـتوورە بێـت لەنێـوان غەم و خۆشییەکاندا، ئەوەتا هەموو لەشم دەتریوێنێ و هەستەکانم هەست بەتروسـکاییەك دەکـات و دەیەوێ مـاڵە چـۆڵەکە ئـاوەدان کـاتەوە، هەسـتدەکات تەنیـایی بەرەو کـامڵبوونی دەبـا، لەولاشـەوە خۆشەویستیەك سنگوبەرۆکی بۆ کردۆتەوەو بەرەو خەونەکانی دەبـا، بەرەو بینینـی منـداڵ و مردنـی دەبـا، بەرەو جەنگێکـی نـوێ لەگەڵ چارەنووسدا، زۆر جاران دەڵێ:

( مـرۆ بەپیـریش نابێـت دەسـت لە خەونەکـانی هەڵگـرێ، ئەوە خەونە مرۆ بە لاویەتـی دێڵێـتەوە، ئەوە خەونە سـەرکەوتنت پیشـان دەدا)

خۆ وەنەبێ ئەویش هێندە دڵ رەق و بێ هەست بێ، وەك هەمـوو مرۆیەکـانی دی دەخـوازێ بـژی، لەنێـو باوەشـی ژنێکـدا رۆژ کـاتەوە، بـۆنی مێیینـە بکـات و چیـدی پەنجەکـانی لەسـەر بلـۆك و گەچێکـی رەقـدا زبـر نەبـن، دەیەوێ بەر نەرمـاتیەکیش بـکەوێ و ئەو چێـژە بڕژێتە ناخیەوەو لەجیاتی تەقەتەقی چەکوچەکان لەنێو دیوەکانـدا گوێی لە فلچەی ماچی خۆشەویستی بێت، دەیەوێ لەنێو خۆشیەکانی

دەستلەملان بوون ئەو خەونانە بەسەر بچن کە هەر بەزیندوویی دەیخەنە نێو گۆڕەوە، بەڵکو چارەنووس لە بەرامبەر خۆشەویستی کوڕو کچێکدا چۆك داداو چیدی نەچێتە نێو خەوەکانیەوە، ئاخر وەستا عوسمان دەیەوێ چیدی بەتەنیا لەنێو ماڵێکدا نەمێنێتەوەو ئەو حەزە مرۆییانەی لەهەموو تاکێکدا هەیە ئەویش هەیەتی و دەخوازێ لەگەڵ کەسێکدا هاوخەم و خۆشی بن، لێ خەون و کارەساتە لەناکاوەکان هەمیشە پرۆژەکانی ئەو دوادەخەن، هەروەك بزر بوونی بابی و مەرگی چاوەڕوان نەکراوی دایکی.

لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا وەستا عوسمان خەریکی کارکردنی خۆیەتی، ئەو بڕیاری داوە خۆبەدەستەوە نەدا، بەقای بەخۆی هەیەو خۆشەویستیەك خەریکە جوانیەکانی ژیانی پیشاندەدا، دەڕژێتە نێو ناخیەوەو حەزی ئاوێتە بوون، چێژی مێینە بەرەو خۆی رایدەکێشێ و گەرم گەرمی دەکاتەوە، ئەو زۆرجاران بیر دەکاتەوەو دەیەوێ لە شوێنێکی دی چارەنووس راگرێ، لەشوێنێك جەنگ دژی چارەنووس راگەیەنێ کە بەشێك لە حەزەکانی بێنەدی، ئاخر ئەو لەنێوان کورەی خۆشەویستی و راگرتنی چارەنووسدا هەموو رۆژێ چەکوچ لە پەنجەکانی خۆی دەدات، دەیەوێ بەر لە مردن ئەو چێژە ببینێ کە هەموو مرڤێك حەزی لێیەتی، ئاخر کێدەڵێ کاتێك دەکەوێتە باوەشی ژنێکەوە خەون دەمێنن، خۆ خەو نامێنێ تا دەرفەتی خەون دیتن هەبێ، داخۆ جارێکی دی گۆڕ باوەشی بۆدەکاتەوە هەر بەچاوی

كراوەوە دەینێژن؟ کێ دەڵێ ئەوە ترسێکی بۆماوەیی نییەو لەگەڵ گەورە بوون و کاتدا کۆتایی نایە، کێ دەڵێ ئەو دیوەی بابی لێبەند کرابوو هەمان دیوی خەونەکانی نییە و بابی چۆتە جێی ئەو.

ئالێرەوە تەزووی خۆشەویستی دەیخاتەوە سەر ڕێی چارەنووس و دەیەوێ لە جێگەو کاتێکی دی ئەو جەنگەی بڕیاری لەسەر دابوو هەڵیگیرسێنێ، یان هەر لە سەرەتاوە بابی لە جیاتی ئەو کۆتایی پێهێناوە.

دەزانێ بەردەوام بوون لە کارەکەی بەتایبەتیش لەگەڵ شاگردە نوێیەکەی دوور نییە هەم بەرەو چارەنووس و هەم بەرەو مردن بچێ، ئالێرەوە درێژەدان بەکارەکانی بەباشتر دەزانێ، لەم سەروبەندەدا لەوکاتانەی خەریکی کارکردنەو دەیەوێ وەك هەموو تاکەکانی کۆمەڵگا ژیان بەڕێکا، دەیەوێ سەرگەرمی کارکردن بێت و بیر لە هیچ نەکاتەوە، جگە لە خۆشەویستیەك کە تاکلایەنە مێخی لە لەناو دڵی داکوتاوە، ڕۆژێك کاك وسووی دۆستی بەخۆ و دەستەیەك چەکدارەوە دێنە سەر کارەکەی و بەپەلە وەستا عوسمان لەگەڵ خۆیان دەبەن، هێندە بە تاڵوکەیی دەیبەن دەرفەتی ئەوەی نابێت دوو قسە لەگەڵ شاگردەکانیشی بکات، ئەوەندە نەبێت لە نێو شلەخەجێیەکەوە بەدەست ماڵئاواییان لێدەکات و هیچیدی.

شاگردەکانی ترسیان لێدەنیشێت پێیان وایە وەك بابی بەسەر دێنن و بزر دەبێت، ئەوان دەزانن نامەیەکی بابی لە نێو بارەگایەك

دۆزراوەتەوەو دوور نییە ئەو نامەیە سەری وەستا عوسمانیش لەقوڕنێ، خۆی و بابی بۆ هەمیشە بکەنە رابردوو، بۆیە دەست لەکار هەڵدەگرن و هەریەکەو بەڕێگەی خۆی بەدواداچوونی بۆ دەکەن، ئاخر ئەو نەداکی ماوە پەنای بۆ ببەن نە بابیشی دیارە تا هەواڵی بدەنێ، برایەکەی لە غەریبایەتیەو خوشکەکەشی هیچی پێناکرێ، بۆیە شاگردەکان پێش ئەوەی خاڵ و مامی ئاگادار کەنەوە خۆیان بەدوایدا دەگەڕێن، راستە تازە شەڕی ناوخۆ کۆتایی هاتووە، لێ لە شەڕەکانیشدا دژەکان کەسی یەکترن و بەبێ ترس و شەرم دەتوانن پرسیار لە کەسەکانیان بکەن، لەلایەکی دیشەوە هێشتا مۆڕە مۆڕ لەنێو بازاڕ و کوچەو کۆڵانەکان لە یەکتری هەن، هێشتا تۆمەت دروستکردن و بەلارێدابردنی یەکتری هەیە، بۆیە گومانی شاگردەکان لە جێی خۆی دەبێت، ئاخر وەستا عوسمانێکی بێکەس سەر بەهیچ کام لەو دوو حزبە نییە زۆر بە ئاسانی دەتوانن بیگرن، بیکوژن، کەسیش لێی نەپێچێتەوە، هەروەك بزر کردنی بابی و نەدانەوەی لاشەکەشی.

ئەو رۆژە تا ئێوارە شاگردەکان دەگەڕێن و هیچ هەواڵێکی وەستایەکەیان دەست ناکەوێ، بۆ شەوێ هەرسێ شاگردەکە رێك دەکەون و دەچنە ماڵی کا وسووی، لێ کاك وسوو لەوێ نییە، ناچار پرسیاری وەستاکەیان لە خێزانەکەی دەکەن و ئەویش پێییان دەڵێ: نایناسم بەلام بابی مندالان ئەمڕۆ نەهاتۆتەوەو پێدەچێت هەر لە

بارەگاكەيـان بێـت، سـەردانی ئەوێ و زۆر شـوێنی دی دەكەن، ئـاخر شاگردەكانیش سـەردەمێك كلكیـان لەنێـو سیاسـەت وەرداوەو سـەر بە لایەنە سیاسـییەكان بـوون، بـۆیە هەركەسـەو لەلای خـۆی چەنـد بەرپرسـێك دەناسـێ، دوای گەڕانێكـی زۆر بێهیـوا دەبـن و نە كـاك وسـوو و نە وەسـتاكەیان نـادۆزنەوە، بەڵام لە بارەگـاكە ئەوەنـدەیان پێـدەڵێن كە كـاك وسـوو تـازە بـۆتە ئـامر بەتـالیۆن و سـەفەری پایتەختی كردووە، كەسیش نازانێ وەستا عوسمانی لەگەڵ بووە یان نـــا، بـــۆیە شـــاگردەكان بە خەمەوە ئەو هەواڵە بە كەســـەكانی وەستاكەیان دەڵێن و دەگەڕێنەوە ماڵێ و بڕیار دەدەن سبەی بچنەوە سەركارەكانیان و هەر واشیان كرد.

دوو رۆژ لەسەر كارەكەیان بەردەوام بوون، بێ وەستاییان پێوە دیار بوو، لێ بە هاوكاری شاگردە كۆن و بە ئەزمـوونەكە توانیـان تەواوی گرفتەكـان تێپەڕێـنن، هەمیشـە بەگومـان و چاولەڕێ كاریـان دەكـرد، ترسی ئەوەیان هەبوو ئەوانیش چارەنووسیان وەك وەستا عوسـمان و بابی لێبێ.

رۆژی سێیەمی كاركردنیان بوو، ئەو دەستەیەی وەستا عوسمانی لە سـەر كـارەكەی بـرد هـاتن و هەرسـێ شـاگردەكەی وەسـتا عوسـمانیان سواری شلەخەجێیەك كردو پێیان گوتن وەستا عوسمان كاری پێتانە، ئـالێرەدا خـورپەیەك كەوتە سـەر دڵـی هەرسـێ شـاگردەكەو لە رێـیە بیریان لەوە دەكردەوە كە وەك وەستاكەیان و بابی بزر بكرێن ئیـدی

رۆژی رووناك نەبیننەوە، پێیان وابوو ئەوانیش بەبێ تاوان دەخرێنە زیندانەوە ئیدی کەسوکاریان نابیننەوەو هەموو ئەو خەونانەی هەیانبوو، تەواوی ئەو بەرنامەی دایاننابوو هەڵوەشێتەوەو چیرۆکی ژیانی ئەوانیش کۆتایی دێت، خۆزگەیان دەخواست وەك هاوڕێکانی دیان ئەم نیشتمانەیان جێهێشتباو لەنێو دەریای ئیجەدا خنکابان، یان لە لاڕێیەکدا بوبانایە خۆراکی گورگان و ئەم شەڕو ماڵوێرانیەیان بەچاوی خۆیان نەدیبا، هەرسێکیان لەنێو ترسدا و لە پشتی شلەخەجێیەك بەرەو شوێنێکی نادیار دەبردران، بۆیە یەك لە شاگردەکان بیری لە هەڵاتن کردەوە، خۆی دەخزاندە رۆخی شلەخەجێیەکە تا خۆی فڕێبدات و راکات، لێ دواتر بیری کردەوە خۆ ئەو هیچی نەکردوە، هەروابێتەوە یەك قسەی ناشیرینیشیان پێ نەگوتراوە، دواتر دەرگای شوێنەکەشیان داخست تا کەسی هەلپەرست نەچێتە ژووری، کاتێك لەنێو خۆشیاندا باسی زیندوو کردنەوەی بەرەی کوردستانیان کردوەو پێیان باش بووە ئەم دەسەڵاتە بگۆڕدرێ هەر خۆیان بوون و کەس گوێی لە قسەکانیان نەبووە، هەروا ئەم دەستەیە زۆر لەگەڵیان باشن و کێدەڵێ راست ناکەن و وەستا عوسمانیان هێناوەتەوە.

لەو بیرکردنەوانەدابوون گەیشتنە گەڕەکی ماڵی وەستا عوسمان و سەرنجیاندا بەردەرگایان پڕە لە خەڵك و دەرزی هەڵدەی ناکەوێتە زەوی، دەنگی گریان نایات و پێناچێ شتێکی خراپ روویدابێ،

هەرسێکیان ئاهێکیان هاتەوە بەرو هەناسەیەکی ئارامیان هەڵمژی، کاتێك لە نێو ئاپۆڕای خەڵکەکە دابەزین دیتیان هەموو پێدەکەنن، روویان لە ژووریّ کرد ئەو دەستە چەکدارەی لەگەڵیان بوون، سواری ئۆتۆمبێلەکەیان بوونەوەو هیچ کارێکیان بەوان نەما، نە بەدوویان کەوتن نە گەمارۆیان دان، چاودێریشیان نەکردن و تەنیا گوتیان وەستایەکەتان ئەوە لە ژوورێیەو بڕۆنە ئەویّ، هەر کە چوونە بێلاییەکە دیتیان ئەوە وەستا عوسمان و بابی دانیشتوون و کاك وسووش بە پێکەنینەوە قسەیان بۆ دەکات، هەرسێکیان لە خۆشیان نەیاندەزانی پێبکەنن یان بگریەن، لیّ دیتیان کاك لوقمانی بابی وەستاکەیان ریشێکی درێژ سیمای داپۆشیوەو دەگریا، بەهەموان دڵخۆشی دەدەنەوە ئەو ژێر نابێتەوە، لەم کەشە خۆشەدا هەرسیّ شاگردەکە بەگریانەوە باوەشیان بە وەستا عوسمان و بابیدا کردو لە خۆشیان هیچیان بۆ نەگوترا، ئاوڕیان دایەوە هەرچی کەس و کاری وەستاکەیان بوو لەویّ بوون، هەندێکیان دەگریان و هەندێکی دیشیان پێدەکەنین، دیمەنێك هەم تراژیدی و هەم لێوانلێو لە خۆشی، بۆیە چەند دڵۆپێك فرمێسك بەنەرمی لەسەر کوڵمەی شاگردەکان هاتە خواریّ.

هەموو ئەوانەی لەویّ بوون، گوێیان هەڵخستبوو تا بزانن بۆچی وەستا لوقمان کە هیچی لەهیچدا نەبوو، ئەو نە مەوالی و نە

جەدەلـی بـوو بـۆچی و لەسـەرچی شـوێنبزرکراو دواتـر بەکۆڵێـك ریشەوە پەیا بۆوە، داخۆ چی نهێنیەك لە رفاندنی ئەودا هەبوو؟

شـاگردە کـۆنەکەی وەسـتا لوقمـان کە زۆر غەمـی خواردبـوو هێشـتا ترسی بزر بوون و دڵۆپە فرمێسکەکانی رووی وشـك نەبووبـوونەوە، رووی لە کاك وسوو کردو گوتی:

ئەرێ پێمان ناڵێی وەستاکەمان لەکوێ بوو چۆن دۆزیتانەوە؟

کـاك وسـوو چـایەکی بەدەسـتەوە بـوو دەیویسـت بـۆ دەمـی ببـاو بیخـــواتەوە کە گـــوێی لەم پرســـیارە بـــوو چـــایەکەی دانـــاو بە تامەزرۆییەوە گوتی:

چیرۆکی دەستگیر کردنی وەسـتاکەمان درێـژە، لـێ بـۆ ئەوەی هـیچ کەسـێك بەتـایبەتی خـانەوادەکەی گومانیـان لەسـەر ئـێمەی جەدەلـی نەمێنێ، بەتایبەتی لەسـەر مـن بـا وەسـتا لوقمـان خـۆی بۆتـان بـاس بکا.

رووی لە وەســتا لوقمــان کــردو گــوتی: دەی وەســتا گیــان لەگەڵ ئەوەشدا دڵبەغەمی بەهۆی کۆچی دوایی هاوژینەکەت، لـێ بـۆ ئەوەی هەمـووان بـزانن لە رفانـدنی تـۆدا و بزرکردنـت وەك دەیـان کەسـی بێخەتای دی کە لەنێو شەڕی برایەکاندا بوونە سووتەمەنی، بەدەمـی خـــۆت بەســـەرهاتی خـــۆت بگێـــڕەوە، دەی هـــاوڕێ دێـــرینەکەم فرمێسکەکان بوەستێنە خۆ هـاوژینەکەت بەدەسـتی کەس نەکـوژراوە، دوژمنایەتیشی بۆ جێنەهێشتوون، هەموومان دەمـرین و چارەنووسـی

هەمووشمان ژێر گڵە، ئیدی هەرکەسەو بەسەرەی خۆی، چیرۆکی دەستگیر کردنت بگێڕەوە با دڵی خاڵ و مامەکانی کوڕەکەت و ئەوانەی لێرەن ئاسوودە بێت، با بزانن ئێمەی شەڕانگێز چۆن تەڕوو وشکمان بەیەکەوە سوتاندوە، با ئەوانیدی ئەوانەی نەوەکانی ئێمەن ئەم کارە نەکەن، بڵێ چیرۆکی دەستگیر کردنت بگێڕەوە ئەوەتا هەندێ لە چاوەکان پێمدەڵێن خەتاباری گەورە منم و رقی نێو دەروونیان دەخوێنمەوە، هەستێکی تۆڵە کردنەوە دەبینم، ئاخر ئەوان نازانن من چەند بەتۆوە ماندوو بووم، چەند پاڕانەوەم بۆ دیتنەوەی تۆ کردووە، تا ئێستا کەوتویەوە بەرچاوان، دەی هاوڕێکەم پێیان بڵێ.

وەستا لوقمان بە گریانەوە گوتی :

**(داسەکەمان دەڕاسە هاڕی، جەنگیش خەریك بوو چەکوچەکەمان لێبستێنێ)**

من و کاك وسوو لەمنداڵیەوە هاوڕێین، هەرگیز جیاوازیە ئایدیۆلۆژیەکان ئێمەی لێك دوور نەخستەوە، بە خانەوادەوە تێکەڵین و بۆیەش ئەوەی ئەو بۆمنی کردو ئەوەی من بۆ ویم کردووە تەنیا برا بۆ برای خۆی دەکات.

بەگریانەوە وەستا لوقمان بەردەوام بوو، تەواوی ئامادەبووانیش بێدەنگیان هەڵبژارد.

کاك وسووش بە پەرۆشەوە قومی لە چایەکەی دەدا

ئەو گوتی: ئەورۆژەی جەدەلیەکان شاری نامریێیان گرت شەوێ کاك وسوو خۆی بەماڵی ئێمەدا کردو لەگەڵ چوار پێشمەرگەی هاوڕێی بەبێ ئەوەی خێزانەکەم بزانن، چونکە ئەوان نووستبوون، بردمنە خانوێکی چۆڵ کەخۆم کارەباکەیم بۆ دەبەستن و لەوێ حەشارمدان، ئاخر ئەوە ئەرکی هەموومان بوو نەیەڵین لاوانی ئەم وڵاتە لەنێو ئەم جەنگە نەگریسەدا بکوژرێن، هەروەك لە شارەکانی دیش چەندین کەسی بالای مەوالییەکانمان حەشاردا، دواتر لە ڕێگەی کۆمۆنیستەکانەوە کاك وسوو و هەرچوار پێشمەرگەمان گواستنەوە بارەگای خۆمان تا جەدەلیەکان هاتنەوەو چوونەوە لایان، سەرتان نەیەشێنم ئەوەش لەبیر نەکەم کارەبای بارەگاکەیان من بەستوومە، هەروەك کارەبای بارەگای کۆمۆنیستەکان و هەموو پارتەکانی دی، تەنانەت ئی مەوالییەکانیش، لە هەموو ئەو شوێنانە ناوی من لەنێو دەفتەری حساباتیان هەیە، بۆیە کاتێك مەوالییەکان جارێکی دی قەڵادزێیان گرتەوە زۆر نەمانەوە هەر شەوێك بەدەستیانەوە بوو، ئەوەبوو هاتنە سەر کارەکەم منیان ڕفاند، بەو بیانوەی هەم بەرپرسێکی جەدەلیەکانم حەشار داوەو هەم ناویشم لە بارەگاکەیان هەبووە، ئەوانەی هاتن و منیان دەستگیر کرد یەکێکیشیان خەڵکی ئەم شارە نەبوو، تا بمناسێ یان بیناسم و هەواڵێك بۆ ماڵێ بنێرمەوە، وەلێ پێدەچێت چاوساغێکیان لەگەڵ بوبێ، بەچاوبەستراوی منیان لەنێو بارەگایەك لەگەڵ چەند دەستگیر

کراوێکـی دی حەشـاردا، ئەو دیـوەی منـی تێـدا بـووم بە بەسـتنی گڵۆپەکـان و پەنـجەرەی میچـی دیـوەکەدا ناسـیمەوە، بـۆیەو تـا گـۆڕ ونـنەبم دوو رسـتەم لەسـەر دیـوارەکە نووسـی، هەر ئەو شـەوەو بـۆ بەیـانیەکەی ئێمەیـان سـواری ئۆتۆمبێـل کـردو لەنێـو دەنگـی تەقەو شـــەڕێکی خەســـتدا بەبـێ دەســـت و چـــاو بەســـتن ســـواری شـــلە خەجێیەکیان کـردین و گوتیـان خۆتـان لە گوللەکان بپارێزن، ئـاخر گـولله وەك تەرزە دەبـارین ئـێمە ئەوەنـدەمان پێکـرا سـەری خۆمـان نەوی کەیـن، وەلـێ ویـزەی گـولله شـێتەکان دەرگـای ئۆتـۆمبێلەکەی دەسمی و گوێمان لە کونکردنی پلێتەکانی بـوو، ویـزەی ئەو گوللانە زۆر لەو ویزانە دەچوو کە لە هەشتایەکان کاتێك پێشمەرگە دەهاتنە نێو شـار رەبـیەو بارەگاکـانی دووژمنیـان پـێ خـاپوور دەکـرد، دەنگـی گوللەکـان کتومـت ئەو دەنگـانە بـوون، ئـاخر ئەوکـات خۆمـان و منداڵەکان بەو دەنگانە راهاتبووین و هەرشەوێك پێشـمەرگە هاتبـایە نێـو شـار ئـێمە خەنـی دەبـووین، بەلایلایەمـان دەزانـی و خەوێکـی خۆشـــمان دەکـــرد، نەدەترســـاین و نـــزای پاراســـتنی گیـــانی جەنگاوەرەکانمـان دەکـرد، کەچـی ئێسـتا دووژمـن نەمـاوە و هەمـان دەسـت و پەنـجە و تفەنـگ و پەلاپیـتکەن و بەیەکتـریەوە دەنـێن، لەماڵی یەکتـری دەگـرن و خۆمـان و منـداڵەکانمان دەترسـێنن. ئەوان گەیشـتبوونە نێـو کۆڵانەکـان و شـەلمکوێرم ناپـارێزم خەشـابەکانیان بەتـاڵ دەکـردەوە، لە هەنـدێ لە پێچەکـانی شـار ئەو شـلەخەجێیە

هێندە خێرا دەڕۆی دەکەوتە سەر یەك لا ئێمە خۆمان بەیەکتریەوە شەتەك دا بوو، هەبوو نزای دەکرد و هەش بوو تەنیا پرتەپرتی دەهات، بەڵام ڕێژنەی گوللەکان بە ئاشکرا گوێی کاس دەکردین، ئەوەی لەسەر بیکەیسی نێو شلە خەجێیەکە بوو کوێرانە پێش خۆی دەڕشاند و دەرفەتی یەك کەسی نەدەدا سەردەربێنێ، ئەمن هێشتا سەری خۆم نەوی کردبوو تا گوللەیەکی وێڵ نەمپێکێ وەلێ بەهەورازێکدا زانیم ئەوە شار جێدەهێڵین و بەرەو دەرەوەی شار ملی لە ڕێیە ناوە، کەپێشتر تەقەکان ڕووبەڕوو بوو ئەوجارەیان لەپشتەوەمانەوە ئاراستەی ئێمەیان دەکرد.

لەنێو ئەو جەنگە سەختەدا خۆشبەختانە بەبێ زیان گەیشتینە تخوبی دەربەند لەوێ چەندین ئۆتۆمبێلی دی لە چاوەڕوانیدا بوون، کە گەیشتینە وێ ترس کەمتر ببۆوە سەرمان هەڵبڕی هەربابایەو بە پێیان بە ئۆتۆمبێل رادەکا، چوار پێنج کەسیدی بەچەکەوە سواری شلەخەجێیەکەی بوون و بەرەو پایتەخت بەڕێکەوتن، لەهەرقۆناغێکی ئەم ڕێیە ژمارەی ئۆتۆمبێلەکان زیاتر دەبوون و ترسیش کەمتر. دوای چەندین کاتژمێر ڕۆیشتن بە ئۆتۆمبێل گواستیانینەوە بەندیخانەیەك کە قەڵای کۆنی بەعسیەکان بوو، چەندین مانگ هەر لێپێچینەوەمان لەگەڵ نەکرا، خۆم لە چاودێرەکان نزیك دەکردەوەو یەکیانم نەدەناسین، بەڵام لەنێو

بەنـدیخانەدا چەنـدین بەرپـرس و پێشـمەرگەی جەدەلیەکـانی تێـدا بوون.

وەسـتا لوقمـان کە لە بەنـدیخانە فێـری جـگەرە کێشـان ببـوو، جگەرەیەکـی پێکـرد، عوسـمانی کـوڕی بەسـەر سـوڕمانەوە تەماشـای کرد، بەڵام هیچی نەگوت، لێ وەستا لوقمان درێژەیدایەو گوتی:

چونکە تەواوی بەندیەکان جەدەلی بوون بۆیە لێپێچینەوە نەبوو، هەبـوو بەتفەنـگەوە گیرابـوو، هەبـوو هەر بەسـیمایڕا دیـار بـوو جەدەلیـیە، منـیش لەو نێوەنـدەدا کرابـوومە جەدەلـی و دانیشـم بە پاراسـتنی کـاك وسـوودا نـابوو، بەڵام هەرگیـز نەمگـوت جەدەلـیم و هـاوارم دەکـرد بـابە ئەمـن کۆمۆنیسـتم چکـارێکم بە جەدەلیـانەوە نەبووە، لێ کەس نەبوو گوێم لێ بگرێ، بەناچاری لەگەڵ دۆخەکەدا راهاتم و کوڕە کارەبای تەواوی قەڵایەکەشیان پێ نۆژەن کردمەوە.

ئیدی جەنگ وەستاو مقۆ مقۆی ئازاد بوون هاتە گۆڕێ، دەست بەدیل گۆڕینەوە کرا، ئاخر من هەرگیز جەدەلی نەبووم بۆیە نـاوی من لای ئەوان نییە تابیدەنە مەوالییەکان و ئازاد بکرێم، زۆرینـەی هـاوڕێ بەنـدیەکانم کە جەدەلـی بـوون ئـازاد بـوون، بڕواتـان هەبـێ خەریـك بـوو دڵـم بتەقـێ، کـوڕە بەتەنیـا مـابوومەوە لەگەڵ چەنـد بەنـدکراوێك کە سـەر بە پـارتێکی ئیسـلامی بـوون و پێیـان وابـوو ئەوان کاری تەقینەوەیان کـردووە، بیهێنـنە بەرچاوی خۆتـان، ئەمـن لەگەڵ جەدەلیەکـان باسـی مـارکس و نەهێشـتنی چینـایەتی و

ماتریـالزمی دیـالیکتیکی و شـەڕی نـاوخۆ و ئەوشـتانەمان دەکـردن تەنانەت لەگەڵ ئەوان فێرە جگەرە کێشانیش بوومەوە، ئێستا لەگەڵ کۆمەڵێـك ئیسلامی نەك ئیسـلام خەریکی بیـروڕا گـۆڕینەوەین، زۆر جاران هەتا ئەوان لە نوێژەکانیان دەبوونەوە خەریك بوو ئەمن دڵـم بتەقێ، ئیـدی بەناچاری کەمتـرین کـات باسـی سیاسـەت و هەرگیـز باســی بیروباوەڕودینمـــان نەدەکـــرد، چـــونکە خـــاترجەم بـــووین یەکتریمان پێناگۆڕێ، ئەوەندە نەبـێ لەگەڵ ئەوانـیش بـوومە هـاوڕێ و هەندێ جار نوکتەشمان دەگوت. رۆژێك یەك لەوانە هەواڵیـان دایە کە ئازاد دەبێ منیش نامەیەکی بچوکم لە سیمی پـاکەتی جـگەرە بـۆ کاك وسوو نووسی و داوام لێکرد بیگەیەنێ.

کـاك وسـوو لەم کـاتەدا قسـەکەی لە وەسـتا لوقمـان وەرگـرتەوەو گوتی: جا لێرەوە با ئەمن بۆتان باس کەم.

ئەو گـوتی: ئەو برادەرەمـــان کەمـــن نەمدەناســـی وەك پیـــاوان لە گەرمیانەوە هاتە نامرێ و نامەکەی دامێ، نوسرابوو، (بۆ بەرێز کـاك وسوو من لەسەر تۆ دەسـتگیر کـراوم و پێیـان وایە لە رێکخـراوەکەی ئێوەدام، تکایە شتێکم بۆ بکە.)

هەڵبەت منـیش لەنـاخەوە سـووتام، لەلایەك زۆر دڵخـۆش بـووم کە لە ژیاندا ماوە، لەلایەکی دیشەوە نیگەرانی ئەوە بووم کە لەسەر مـن وایبەسەرهاتووە، یەکسـەر چـوومە سـەرکردایەتی و تەواوی چیرۆکـی وەسـتا لوقمـانم بـۆ گێـڕانەوە، پێمگـوتن جـگە لەوەی منـی بە چـوار

پێشمەرگەوە پاراستووە، بەڵگە هەیە لەنێو ژوورێکی بارەگاکەمان دەستگیر کراوە، بۆ ئەوەی ئەم خەتایە لەسەر ئێمە لاچێ دەبێت بە راستی کاری بۆ بکەن، ئەوانیش ژیرانە کارەکەیان کرد، وەفدێکی تایبەتیان لە کۆمۆنیست و جەدەلیەکان ناردە لای مەوالییەکان و هەمان چیرۆکیان بەوان گوتبوو، چونکە کۆمۆنیستەکان مەوالییەکانیشیان زۆر رزگار کردبوو، هەروا دۆستایەتی دێرینیان هەبوو، ئیدی شەو و رۆژێکی نەخایاند سەرکردایەتی هەواڵیان دامێ کە ئازاد دەکرێ، ئیدی زۆر زۆر دڵخۆش بووم، هەرگیز بیرم لەوە نەکردەوە بەبردنی وەستا عوسمانی کوڕی دیسانەوە گومانی دی لەسەرم دروست دەبێ، دەمەویست ئەم خۆشی دیتنەوە لەگەڵ کوڕەکەی بەشکەم، هەموو کاروبارەکانی خۆم سڕ کردو هاتمە سەرکارەکەی وەستا عوسمان و بەپەلە لەگەڵ خۆم بردە پایتەخت، لەوێ دوای دووشەو مانەوە، بەیەکەوە پێشوازیمان لێکرد، دەستەیەك لە پیشمەرگەکانی کۆمۆنیست بە پێکەنینەوە دایانەوە دەستی من و هێنامەوە ماڵێ، بەڵام دنیایەك نیگەرانی هاوژینەکەیم کە دەزانم لەتاوی ئەو وەزگی دا، هەروا نیگەرانی ئەوەشم کە بەداخەوە ئازارێکی زۆری لەسەر ئێمە چەشتووە، زۆر شتی لەدەستداوەو بەڵام خۆشبەختانە ئەوەتا لە ناومانە.

وەستا لوقمان بەقسەهات و گوتی:

شەڕی ناوخۆ تەڕو وشکی بەیەکەوە سوتاند، چەندین بێتاوانی دی لەنێو بەندیخانەکانی هەردوولادا وەك منیان بەسەرهاتووە، ئەوەی تەواو نیگەرانی کرم لەوێ دادگا نەبوو، چونکە تەنیا تۆمەت بوون جەدەلی بوون بوو، هەڵبەتە دڵنیام لەولاش وابووە، ئاخر جەدەلی بوون و مەوالی بوون کەی تۆمەتە؟ ئەگەر شەڕ ئەو هاوکێشانە نەگۆڕێ؟ سەرتان نەیەشێنم وەناویەك کەوتبوون و چی پیرۆزیەکانی نێو کایەی ژیان و مرۆڤایەتی بوو پێشێل دەکرا، حزبایەتی بووە عەیبە، بووە تالآنکاری و چی پیاوی ناشیرینە خۆیان خزاندە نێو ئەو دوو پارتەوە، منێکی دژ بە شەڕی براکوژی کەوتبوومە بەندیخانەیەك لەسەر ئەوەی جوامێرەکانی ئەوانمان داڵدەداوە، لە کوشتن و راوەدوونان پاراستومن، لەبری ئەوەی دەستخۆشیم لێبکرێت دەمهاوێنە بەندیخانەوە، ئەوانەی ئێمە لە شارەکانی دی رزگارمان کردن، هەر ئەوان بوون ئێمەیان دەگرتەوە، ئەگەر ئەوە تاوان بێت، دەیانجاری دی دووبارەی دەکەمەوە و نایەڵم خوێنی براکان بەدەستی یەکتری بڕێژرێن.

بەڵێ ناخۆشی زۆرم دیوە لێ کە کاك وسوو بەزیندوویی دەبینم بیرم دەچێتەوە، کە شاگردەکان دەبینم هێشتا کاردەکەن، ئاسوودە دەبم، ئەوەی دڵی منی داغ کردووەو هەرگیز لەبیرم ناچێ مردنی هاوسەرەکەمەو ئەمن دەزانم دووری من بوو ئەوی هاویشتە گۆڕستان.

وەستا لوقمان فرمێسکی بێتاوانی بەنێو ریشە ماش و برنجیەکەیدا هاتە خوارو بێدەنگی باڵی بەسەر ئامادەبوواندا کێشا.

# فرمێسکەکان شیرین بن یان سوێر
# سیما گرینۆك دەکەن

بوخچەی هەواڵەکان پڕن لە فرمێسك، کاتێك شەقام تەڕ دەکەن کەس ناتوانێ کۆیان کاتەوە، لە گۆڕستانیشدا گڵکۆکان دەشۆنەوەو ناڵەیەك کە هەر لە هەوری سوپەرسێڵ دەچێ لە تەواوی ئاواییەکان دەبیستری، ئەوە چرکەی بەریەك کەوتنی باب و کوڕێکە، با ئاوڕێك لە دواوە بدەینەوەو ساتی رژانی فرمێسکە شیرن و سوێرەکان ببینین.

# هەندێ تۆقە کردن گەرمن، گەرم وەك شەڕی براکوژی

ئەو چرکە ساتەی باب و کوڕێك دوای چەندین ساڵ یەکتریان لەباوەش گرت ، کاك وسوو و پاسەوانەکانی چەند گەزێك دوور لەوان دەگریان، بابێك پێستی دەموچاوی سپی سپی ببوو، لەنێو ریشێکی درێژدا هەر لە غول دەچوو، پێدەچوو هەرگیز بەر هەتاو و رووناکی نەکەوتبێ، گۆڕانێکی تەواو بەسەر سیمایدا هاتبوو، ببوو بە کەسێکی دی و ناسینەوەی ئەستەم بوو، چاوی لە خێزانەکەی دەگێڕا، دەیزانی کاك وسوو ئەو خۆشییە بەتەنێ وەرناگرێ لێ کەزانی ئافرەت لەوێ نییە گومانێکی لا دروست بوو، کەچی بیری لە کوڕی گەورەی کردەوە، کوڕێك کە چەند ساڵێك بوو بەتەنیا دەژیاو مەرگی دایك و بزربوونی بابی شێواندبووی ئەویش لە بابی دەگەڕا، باوەڕی نەدەکرد بابی مابێ و پێی وابوو هەرگیز نایبینێتەوە، ئاخر ئەو زۆر جاران کەوتبووە ژێر چڕنووکی بێهیوای و خاترجەم بوو کە ئیدی هەرگیز وشەی بابە لە زاریەوە دەرناچێ، لەم

چرکەساتانەدا چاوەکان لەنێوان بەندکراوێك و کوڕێك و چەندین پاسەواندا نیگایان ئاڵوگۆڕ دەکرد، تا ئەو کاتەی دەنگێکی لاواز لە بابیەوە دەرچوو گوتی: عوسمان گیان کوای؟

ئەو دەنگە هەمان ئەو دەنگە بوو کە وەستا عوسمان لە منداڵیەوە گوێی لێبووە، دەنگێك دەمێك بوو لەماڵێ بەر گوێی نەکەوتبوو، دەنگێك جگە لە گۆڕانی هەندێ تۆن وەك خۆی مابوو، ئاخر دووری نێوانیان هەر گەزێك دەبوو عوسمان وەڵامی نەدایەوە توند باوەشی بەبابیدا کردو بۆنێکی پیاوانە کە هەر لە ساواییەوە بەر لوتی دەکەوت، رژایە نێو سیەکانیەوەو رێك لەم چرکەیەدا دەنگی دوو گریانی گڕ نەك هەر پاسەوانەکانی کاك وسوو، ئەو شوفێرو ئەو بەرپرسانەشی گریاند کە لە قەڵاسەربازیەکەوە هێنابویانەوە پایتەخت، دەیان پرسیار لە چاوی کۆمۆنیستەکانی ئەوێدا مەڵاس درابوون، فرمێسکەکانیان ئاوێتەی پەشیمانی و سووربوونیان دەدرکاند، ئاخر لە بارەگاکانیان سەدان پیاوی ئەو دوو پارتەیان بە کەسوکاریان گەیاندوونەوە، ئەوە یەکەم دیلی کۆمۆنیستە لەنێوان سێ پارتدا ئاڵوگۆڕ دەکرێ، کۆمۆنیستێك جگە لە رزگار کردنی ئەوانی دی و روناك کردنەوەی بارەگاکانیان هیچی نەکردووە، ئەوەتا بێتاوانێك وەك هەزاران بێتاوانی دی چەند ساڵێك بەبێ خەتایی بەند دەکرێ و بەداوای لێبووردنێك ئازاد دەکرێ، تەنیا لێبوردنێك و هیچی دی، داخۆ چەند بێخەتا کوژراوەو گوێی لەو لێبوردنەش نەبووە، ئەوجاریش هەموان لەنێو دڵخۆشیدا فرمێسك دەوەرێنن، بێئاگا لەوەی تەمەنێك لەنێو بەندیخانەی براکاندا جێماوە، ساڵانێك

لەنێو دیوێکی بۆگەندا مووی بەندیەکانی سپی سپی کردوەو نێژراوە، هەربە هەوەس شیلەی خۆشیەکانی ئەوانیدی دەمژن و دواتر بەبێ قەرەبوو کردنەوە تەنێ داوای لێبووردنێك دەکەن و هیچی دی.

کەشێکی ماتەم باڵی بەسەر ئامادەبووانـدا دادا، ئا لەوکاتانەدا دوو دەستەی دژبەیەك لە گۆڕەپانێکی پایتەخت بەدیار دیمەنێکەوە خەریکی فرمێسك رشتن بوون، دوو دەستەی دژ، بێخەتایەك دەدەنەوە دەستەیەکی نێوەندگیر و بە سەرکەوتنیشی دادەنێن، وەك ئەوەی گەورەترین پاداشتیان بەخشیبێ، وەك ئەوەی بڵێن ئەوەتا ئێمەش ئێوە دەپارێزین و ناتانکوژین، دەتوانین پەرجو دروستکەین و مردوو زیندوو بکەینەوە، وەك ئەوەی هەمیشە هەر ئەوان توانای دروستکردنی کەشی هاوشێوەیان هەبێت، پێمان بڵێن شەڕو ئاشتی لەدەست ئێمەدایە کەسەکانتان بۆ هەڵدەگرین و بەکۆنی وەك دیاری پێتان دەبەخشینەوە، دەبێت مەمنوون بن و دەستیشمان ماچکەن، دەتوانین بتانگریەنین و بە پێکەنینیشتان بێنین، ئەوە لولەی تفەنگەکانمانە دەتوانن گۆڕانکاریەکان دروستکەن.

بەڵام نا، ئەوانە دوو دەستەی قوربانی بوون دوو دەستەی بێئاگا و برسی، بێزیان لە جەنگی ناوخۆ و ئەو هەموو تراژدیایانە دەبۆوە کە بەسەر براکانیان هاتووە، دوو دەستە لەبەرامبەر خەتایەکی گەورەدا بچووك بچووك بببوونەوە، بێزیان لە چەك و تەقەو ئایدیۆلۆژیا دەبۆوە ، رێك لەم چرکەیەدا بوو لەبری تێکەڵ بوونی خوێنی برایەکان فرمێسکیان تێکەڵی یەکتر بوو، گریانی دوو بێخەتاو دوو دەستەی دژ ئاوێتەی یەکتر ببوون، دەنگەکان زۆر

لەیەکتری دەچوون، هەروەك ئەوەی چەند برایەك لەیەك کاتدا بۆ تەرمی ئازیزێکیان بگرین، هێندە لە یەکتری دەچوون تۆنەکان وەك نۆتەی سیمفۆنیایەکی کوردی دەڕژایە نێو ناخی هەرتاکێکیانەوە، گریانەکان وەك نمەی باران نەرم بوون، جگە لە دەنگی پیاو دەنگی ژن لەوێ نەبوو، ئاخر کاك وسوو زۆر بە کتوپڕی ئەم کوڕو بابەی بەیەکتری شاد کردنەوە، خۆ ئەگەر ژنی لێبا ئەوە دەنگەکان لەنێو سیمفۆنیایەکدا ئاوێتە دەبوون، لێ چریکەیەك شوێنی بانگۆزی دەگرتەوەو هەموو ئاوڕەکان بۆ وێ دەچوون.

لەژێر سێ پەرچەمی رەنگاوڕەنگدا، لە گۆڕەپانێکی پایتەخت و لە کۆتایی نەوەدەکان، دیلێکی بێخەتای ریشن دەدرایەوە خانەوادەکەی، لەمکاتەدا ئاوڕی پایتەختیەکان ئەوانەی ئۆتۆمبێلەکانیان وەستاندبوو، ئەوانەی بەوێدا تێپەڕین و پەڕۆ رەنگاو رەنگەکانیان لە یەك گۆڕەپان دیت، زۆر مانادار بوون، نیگا تورەکانیان بارانی گوللەکان بوو بەسەر دەستە دژەکاندا، جنێو بوو، وەك کولووە بەفر دەباری، بیرکردنەوە بوو لەو هەموو خوێنەی شەقامەکانیان پێسوور کرد، وێنەی تەپکی حەمەداغاو تۆپەکانی زەویەسپی و ریزە دووکانەکەی نامرێ و ئالآی عێراقی سەر پەرلەمان و سنووری دێگەڵەیان دەهاتەوە بەرچاو، نیگاکانیان وەکو نەشتەر دەچەقییە جەستەیانەوەو پەشیمانی رۆژەکانی راپەڕینی پێوە دیار بوو، ئاوڕەکان سەرنجە پڕ لە ماناکان لەم گۆڕەپانەدا تیر بوون و لە کەوانەی چاوەکانیانەوە دەردەچوون و جەستەی خەتابارەکانی دەکردە بێژینگ.

عوسمان لەنێوان دڵخۆشی دۆزینەوەی بابی و هەواڵی کۆچی دوایی دایکی، چۆکەکانی شل ببوون، نەیدەزانی فرمێسکەکانی شیرینن یان سوێر، ترسێکی گەورە هەموو ئێسکی جەستەی بەتریوەتریو خستبوو، هەستی دەکرد ئەم گریانە خۆشە، ئەم دیمەنە و دۆزینەوەیە تەمەنی کورت دەبێ، لەگەڵ یەکەم پرسیاری بابیدا ئەو قورگی دەگیرێ و پرسەیەك کە دەمێکە تەواو بووە زیندوو دەبێتەوە، هەرواش بوو کاتێك وەستا لوقمانی بابی گوتی: کوڕم دایکت و خوشك و برایەکەت چۆنن؟ کاك وسوو دەمێك بوو پلانی بۆ ئەوەش دانابوو، نەیهێشت کوڕەکەی وەڵام داتەوەو هەردووکیانی سواری ئۆتۆمبێلەکەی کرد، دەستە دژەکانیش بە تۆقەو ماڵئاواییەکی گەرم، گەرم وەك شەڕی بەسەرچووی براکوژی لە یەکتری جیا بوونەوە.

کاك وسوو هەر لەناو ئۆتۆمبێلەکە نەیهێشت وەستا عوسمان قسان بکات و بە برادەرە دێرینەکەی گوت: هەموومان شەرمەزاری تۆین، نەدەبوو ئاوا بتانبینین، لێ مادام زیندووی هەموو شتێك وەك خۆی لێدێتەوە، دەزانم لەسەر من دووچاری ئەم کێشەیە بووی بۆیە بۆ هەتاهەتایە قەرزارتانم، کاك وسوو زۆر شتی پێبوو بیڵێ، بەڵام وەستا لوقمان هەربیری لای هاوژین و منداڵەکانی بوو بۆیە ئەمجارەیان رووی پرسیاری لە کاك وسوو کردو گوتی: خێزانەکەم باشن؟

ئالێرەدا بێدەنگیەك هەموو شتێكی لەبیر كاك وسوو بردەوە، نەیتوانی هیچ بڵێ، ناچار بوو ئەوجارەیان روو لە عوسمانی كوڕی بكات و گوتی: كورم خۆت بۆی باس بكە.

وەستا عوسمان بەگریانەوە، گریانێك نەدەزانرا لە خۆشی دیتنەوەی بابی بوو یان كولانەوەی برینی مردنی دایكی؟ زۆری لەخۆی كردو گوتی:

بابە گیان شیلانی خوشكم شووی بە شەماڵی كوڕی برایەكەت كرد و نەوەیەكیشمان هەیە، عیرفانی براشم ناردە دەرەوەی وڵات، بارودۆخی زۆر باشەو هاوكاریشمان دەكات.

كاتێك وەستا عوسمان ئەو قسانەی دەكرد، هەستت دەكرد رەنگی دەموچاوی بابی وردە وردە گەش دەبێتەوە، چرچ و لۆچیەكەی نامێنێ و هەموو جەستەی كردۆتە گوێ تا هەواڵی تەواوی خێزانەكەی بزانێ، بۆیە عوسمانی كوڕی نەیویست، لەراستیدا نەیتوانی هەواڵی كۆچی داكی لە دەمی ئەوەوە بزانێ بەتایبەتی هەستی دەكرد بابی گەشاوەتەوەو خەریكە لەنێو قساندا دەچێتە نێو خێزانەكەی و وردە وردە خۆی پێ گەش دەكاتەوە، بۆیە گوتی:

منیش وازم لە خوێندن هێناو ئێستا كارەكەی تۆ دەكەم، شاگردەكان هەر لەگەڵمن و كارمان زۆر بەباشی بەڕێوە دەچێ، وەستا لوقمانی تازە ئازاد بوو، هەستی بەبۆشاییەك لەنێو وەڵامەكانی كوڕەكەیدا كرد، بۆیە قسەی پێبڕی و گوتی: ئەدی داكت ئەو چۆنە؟

لێرەوە كاك وسوو هاتە نێو قسەكان و زانی عوسمان توانای گەیاندنی ئەو هەواڵەی نییە بۆیە گوتی :

وەستا گیان تۆ کەسێکی پڕ ئەزموونی و چۆن بەرگەی هەواڵە خۆشەکان دەگری ئاواش بەرگەی هەواڵە ناخۆشەکانیش بگری، هەموومان مردنێك قەرزارین و کاتێك دێ توانای بەرەنگاریمان نییە، بمانبوورە و بە داخ و دڵتەنگیەوە پێتدەڵێم کە داکی عوسمانی خودا بۆخۆی بردەوەو پرسەیەکی گەورەو شایستەشی بۆ دانرا.

ئەم هەواڵە سەرەتا بێدەنگی خستە نێو ئۆتۆمبێلەکەوە کە تەنیا شوفێرێك و کاك وسوو و وەستا لوقمان و کوڕەکەی تێدا بوون، دواتر گریانێکی پیاوانە هەر چواریانی هەژاند و بە نەرمی و بێدەنگی، بەرەو نامرێ ڕێگە پێچەکانیان دەبڕی، ڕێگەیەك وەك مار هەر لە درێژبوونەوە دا بوو و نەدەبڕا، هەمووان دەیانزانی گریانە بێدەنگەکان چارەسەری برینەکان دەکات و دەبێت لێگەڕێن وەستا لوقمان هەرچی فرمێسکی هەیە بیڕێژێ، ئاخر ئەو کاتێك لە زیندان بوو هەمیشە بیری لای خێزانەکەی بووە، ئێستا دەزانێ جگە لە پەرتوبلاو بوونی منداڵەکانی ئەوەتا مردنیشی هاتۆتە ناو، خەونەکانی زیندان ئومێد و حەزەکانی ئەوەتا لەگەڵ هاوژینەکەی نێژراون و ئیدی تەنیایی بۆ هەمیشە بەشی ئەو دەبێت و دەبێت ئەو بارودۆخەی بەسەری دا هاتووە لەگەڵی رابێ.

بێدەنگی لەنێو ئۆتۆمبێلێکدا فرمێسکەکانی باب و کوڕێکی بەنەرمی دەوەراند، لە سنووری دێگەڵە نزیك بوونەوەو بەردە ڕەنگاورەنگەکان سەرنجی هەمووانی راکێشا، تێگەیشتن ئێرە ناوچەیەکی قەدەغە کراوەو تخوبی نێوان دوو پارتی دیاری کردووە، تخوبێك تەنیا دووژمن دەتوانێ بیکێشێ لێ هونەرمەندێکی کورد

ئەویی کردە پەڵەیەکی شەرمەزاری گەورە و پێناچێت ئەم ڕەنگانە وا بەسانایی کاڵ ببنەوە، پێناچێت ئەم پەڵە جوانانە بە بەفرو تۆفان ڕەش ببنەوە، مەگەر بەرد تاشێك بێت و بیری خۆویستی و کەلـلەی ڕەقی ئەو بەردانە وردوخاش کات و لە هەر بەردێك کۆترێکی سپی بتاشێ و لەنێو هەر هزرێکیشدا ڕەنگێکی سپی بڕێژێ.

لەوێ ڕێك لەم نێوانە ناڵەو گریەی خانەوادەیەکی بێخەتا بەجێما، فرمێسکەکان با دەیبردن و وەك پەپولە لەسەر بەردەکان دەنیشتنەوەو تۆزی چەند ساڵەیان پاك دەکردەوە، هەنسکەکان لە درزی بەردەکان گیر دەبوو و لاواندنەوەکانیش دەڕژانە سەر شەقامەکە، ئیدی لەوکاتەوە بۆ تاهەتایە هەر ڕێبوارێك بەوێدا ڕەتبێ فرمێسکەکان دەبینێ چۆن ڕەنگەکانی تۆخ کردۆتەوەو گوێی لە هەنسك و لاواندنەوەی خانەوادەیەك دەبێت و ئەوانیش گریانێك لە ئەوکیان گیر دەبێت و تەواوی خەتاکانی شەڕی خۆکوژی وەك فیلم بەبەرچاویان ڕەتدەبێ.

چەند کات دەڕۆی هێندە لە شار نزیك دەبوونەوە، تا ئەوکاتەی کاك وسوو بێدەنگی شکاندو بە شوفێرەکەی گوت:

کە گەیشتین یەکسەر بچۆ گۆڕستان.

زۆری نەبرد لە گۆڕستان لایاندا و باب و کوڕ تا توانیان لەسەرگۆڕێك کە بەتەلانێکەوە نێژرابوو بەبێدەنگی فرمێسکیان ڕشت، دواتر لەسەر داوای کاك وسوو چوونەوە نێو شارو روویان لە ماڵێکی چۆڵوهۆڵ کرد، لێ لە قوژبن و میچەکانی، لە بێلایی و تەنیشت شیپانەکان، لەبەر بەلوعە و کەلێنی دارەڕێیەکان، لە

حەوشـە و بـن سـوێبانەکان، لەنێـو مەنـجەڵ و قاپوقاچاغەکـان یەك دنیـا یـادەوەری کەوتبـوون، یـادەوەری ژنێـك کە هێشـتا (نیگاکـانی بە دەرگـای حەوشـەوە هەڵواسـرابوو)، دەنگـی نزاکـانی بـۆ هـاتنەوەی مێردەکەی بە پەنجەرەکانەوە نووسابوون، گریـانە ژنـانیەکەی لەنێـو سەفتە نوێنەکانـدا دەڕژایە دیـوی نووسـتنەوەو لەدرزی دیوارەکـانەوە سـەدای لاوکێـك دەبیسـترا، بەئاشـکرا پەڵەی فرمێسـکەکانی بە بالیفەکەیەوە دیار بوو، هەناسە ساردەکانی بـۆنی تەنیاییـان دەداو لە قوژبنی هەموو دیوەکان دەنگێکی لاوازت گوێ لێـدەبوو کە دەیگوت: بابی عوسمانی لەکوێی تەنیایی بڕستی لێبڕیوم، دەی بـابی عوسـمانی ئەو دەرگـا ئاسـنینە بشـکێنەو وەرەوەلام، وەرەوە تـا سەرپۆشـەکەم فڕێدەم، تا چیدی چاوەبرسیەکان بەدەرگـای حەوشـەوە نەنووسـێن و نیگا نەوسنەکان نەمهەنگێون، وەرەوە بـۆنی پیـاوانەتم بـدەیە، دەرگـا بکەوەو ماڵەکەم رووناك بکەوە.

# خەون عیشقێك رادەژێنێ

خۆشەویستی برینێکی بەچێژەو سەرچاوەکەی لە هزردایە، دەیداتە دڵ و ئەویش دڵۆپ دڵۆپ خوێنێکی پڕ لە ئەوین دەڕژێنێتە جەستەوە، خوێنێکی شیرین، شیرینتر لەو حەزانەی عاشق بوون کە شیلەی لێدەتکێ.

خۆشەویستی تەڵەی ژیانە مرۆ لە بازنەی چارەنووسدا هەندێجار عاسێ و هەندێجاریش ئازاد دەکا، زۆر جاران نیان و هەندێجاریش بیرکۆڵت دەکا.

تەنێ ئەوکاتانە بزە دەکەوتە سەر کوڵمەکانی وەستا عوسمان، کە خەونی بە هاوژینی داهاتوویەوە دەبینی، ئەو لەخەوندا عاشق و لە ئاگاییدا بێزار، خۆشەویستیەك هەندێ شەو رایدەژاند و لەسەر کاریش پەنجەکانی ئازار دەدا، خۆشەویستییەك وەك ئەفسانە ئاگردانێکی پڕ پشکۆی لە ناخیدا چێکردبوو.

## مردن لاوازە مرۆی بوێر دەبێت بەژیان بوێری

دەستە دەستە خزم و ناسیاو دەچوونە ماڵێك لێ نەیاندەزانی بۆ پرسە دەچن یان بۆ دیتنی کەسێك کە لەمردن گەڕاوەتەوە؟ نەیاندەزانی وەك ڕێورەسمی زیندووبوونەوەی کەسێك یان مردنی کەسێکی دی بچنە ژوورەوە، باوەش بە وەستا لوقماندا کەن و بە پێکەنینەوە پیرۆزبایی زیندوو بوونەوەی لێبکەن؟ یان فاتیحایەك دادەن؟

تەواوی ئەوانەی سەردانیان دەکرد بەگومانەوە دەچوون و هەر بەگومانەوەش دەهاتنە دەرێ، هەفتەیەکی تەواو کوڕ و بابێك و سێ شاگردو کچەکەی پێشوازیان لە میوانان دەکرد.

هەر خەڵك نا، نوێنەری پارتەکانیش چوون و تەنانەت یەك لەورۆژانە دەستەیەك چەکدار هاتن و تفەنگ و خەشابەکانیشیان بۆ

هێنایەوەو داوای لێبووردنێکی گەرمیان لێکرد، لێبووردنێکی سەیر دوای مردنی کەسێك و بردنی چەند ساڵێك لە تەمەنی کەسێکی دی، هەر دوای رۆشتنیان تفەنگەکەی دایە وەستا عوسمانی کوڕی و گوتی: هەڵیگرە پێویستمان پێی دەبێ.

دواتر هەر کەسەو چۆوە ماڵی خۆی، باب و کوڕێك بەتەنیا مانەوە، بەتەنیا لەنێو ماڵێك هێشتا تارمایی کەسێك دەهات و دەچوو، هێشتا بۆنێکی ژنانە بەدارو دیواری ماڵەکەوە نووسابوو و دەگەیشتە بن لوتی وەستا لوقمان، دەنگی ئەو لە هەموو قوژبنەکانی ئەو ماڵە سەدای هەبوو، جێپەنجەی هێشتا بەپیاڵەکانەوە بوو، ئەو پیاڵانەی بۆ میوانەکان دادەنران و هەڵدەگیرانەوە، نا تارمایی ئەو بەردەوام لەبەرچاوی وەستا لوقمان لەهاتوچۆدابوو.

بەڵام مام و خاڵەکانی وەستا عوسمان هەموو شەوێك دەهاتن و جەختیان لە ژنهێنان بۆ عوسمان دەکردەوە، تا بڕیاری کۆتاییان داو چیدی وەستا عوسمان نەیتوانی قسەی کەسەکانی بشکێنێ، بەتایبەتیش ئیدی بابی هاتۆتەوەو ئەو ماڵە پێویستی بە ژنێك دەبێت کاروبارەکانی رۆژانەیان بۆ بەرێکا، بەگسکێك خۆڵی ژێر بەرەکان کۆکاتەوەو کەمێك لە یادەوەرییەکان بزر کا، بێت و بۆنێکی نوێ لەنێو باولەکەی دەربێنێ و لە ماڵێکی نوێدا بڵاویکاتەوە، تا لەجیاتی بۆنی مێخەکی ژنێك تیرۆز جێگەی بگرێتەوەو چیدی باب و کوڕێك بەمەستی لەنێو ماڵێکی چۆڵدا رانەمێنن، ئاخر تاکەی کوڕی گەورەی ماڵ هەر بەتەنێ بێت و با ئەویش چێژ لەو ژیانە بکات لەو پێکەوە بوونە بکات کە هەموان دەیبینن.

خۆبەدەستەوەدانی عوسمان بۆ بڕیاری کەسەکانی زیاتر لەبەرخاتری بابی بوو، دەیویست چیدی لەنێو ماڵێکی چۆڵدا بابی بیر لە تارمایی دایکی نەکاتەوە، جوڵەیەکی نوێ لەنێو دیوەکان درووست بێت و بابی کەمێك دڵخۆش کا، ئاخر دەیزانی شکاندنی بڕیارەکەی قورس دەبێت لێ لە دڵیشەوە دەیخواست منداڵەکانی نێو خەونەکانی ببینێ، هاوژینەکەی کەتازە ناسیویەتی و مێخێکی خۆشەویستی لە ناخیدا داکوتاوە بێتە باوەشی و وەك هەموو هاوڕێکانی بۆنی ژن کا.

کاتێکیش ناوی چەندین کچیان بۆ هەڵدەدا وەستا عوسمان بێدەنگی هەڵدەبژارد، تا ئەوکاتەی خاڵێکی کە هەمیشە وەکو برادەربوون، توانی بگاتە ناخی عوسمان و بە کونفەیەکونێك کە کەس نەیزانی ئەم مەراسیمانە چۆن بەڕێوە چوو، بوکی خەونەکانی کە هەزارانجار لەخەون و تەنیا یەکجار بەچاوەکانی دیتویەتی لەنێو ماڵی شاگردە نوێیەکەی لێ مارەکرا.

کاتێك لە نێوان کوڕو کچێکدا مەلایەك قسەی دەکرد، وەستا عوسمان گوێی لەهیچ نەبوو، تەنێ سەرنجی چوبووە سەر هاوژینەکەی ئەوەی شاژنی خەونەکانی بوو، پێی سەیر بوو ئاوا بەسانایی چارەنووس ئەوی لێرە داناوە، کاتێك تەماشای نێو چاوی دەکرد روناك بوونەوەی ژیانی دەدی، کوڵمەکانی خەندەیەکی هەمیشەییان پێوە هەڵواسرابوو دەتگوت دەمێکە ئەو خەندانەی دیون و زۆر شەوان گوێی لە چرپەی خەندەکانیش بووە، ئاخر عوسمان لەنێو گومانی چارەنووسدا وەك پەرجو گەیشتۆتە ئێرە، لێ

ئەم کـچە نەبـای دیـوەو نەبـاران، نە نـارەزایی پیشـانداوەو تەنـانەت ئەووەتـا بەلالێوێـك هەر بەتەنیشـت بـاب و مەلاوە رەزامەنـدی دەداتە وەستا عوسمان، وەك ئەوەی ئەویش هەزارانجار لە خەونـدا دیتبێتـی بـۆیە پـێش تەواو بـوونی مەلا بەڵێـیەك لەدەمـی وەسـتا عوسـمانەوە دەرچوو، ئاخر هێشتا مەلا نەگەیشتبووە سەر وەرگرتنی رەزامەنـدی، لێرەدا پچڕانێك کەوتە نێو قسەکانی مەلا، عوسمان بەهۆش هـاتەوەو رێك وەك لە ئەسـتێرەیەکی دیـکەوە فڕێیـدەنە خـوارێ کەوتەوە نێـو کەشـی مـارەکردن، ئیـدی ئەوجارەیـان هەردوولالێـوی کـچەکە بەرەو سەرەوە چوون و پێکەنینەکە زۆر بەجوانی خۆی نمـایش کـرد، ئەوە یەکەم تیـری راسـتەوخۆ بـوو دڵـی وەسـتا عوسـمانی پێکـا، برینێکـی خۆشەویستی کە تەنیا لە خەون دیتبووی کولایەوە، یەکەم نیگـا بـوو لە کچێکەوە بەریـکەوێ، ئازارێـك کە پـڕ بـوو لە قـدیلانێ عوسـمانی گەیانــدەوە نێــو ســاتی مــارە کــردن، بەڵام بەڵێــیەکەی ئەو هێشــتا زایەڵەی دەهـات و چیرۆکـی رەزامەنـدیەکی پێشوەختەی دایە مەلا و بـوك و بـابەکەی، دواتـر بەچەنـد بەڵێیەکـی هەرسـێکیان مامۆسـتا پیرۆزباییەکی گەرمی لێکردن.

ئەوڕۆژەی شەکراوی عوسمان و دڵکەش خـورایەوە هەمـووان لەنێـو زەماوەندا دڵخۆش بوون، لێ وەستا عوسـمانی زاوا لەنێـو خەیاڵەکـانی خۆیـدا بیـری لە چارەنووس دەکـردەوە، بیـری لە مەرگـی دایکـی و ئاینــدەیەك دەکــردەوە کە خەونەکــانی پیشــان دەدەن، بیــری لە منـداڵەکانی دەکـردەوە، داخـۆ ئەوە سـەرەتای چۆنیەتی بۆنێـو گـۆڕ، بەچاوی خۆی مردن دەبینێ؟

لەنێو زەماوەندا بوو وەستا عوسمان خەیاڵەکانی دەڕۆشت، لەتەنیشت بووك دانیشتبوو، کەچی ئەو لەشوێنێکی دی بوو، هێزی چارەنووس بەجۆرێك ئەوی شل کردبۆوە، وەك ئەوەی لافاوێکی بێئامان لولی دات و بەکەیفی خۆی بەداروبەردانی دادات، ئەوەتا لەگەڵ رەوتی رووداوەکان دەڕواو بەرەو دیتنی منداڵ و حەزە گۆشەگیرەکان و  خەون و مردن نزیك دەبێتەوە.

زەماوەندێك لەنێو ماڵی شاگردە نوێیەکەیان، ریشی بەوەستا لوقمانی بابی زاوا تاشیوەو هەردەڵێی لە ژیانی بەندیخانەی نەدیوە، ئەو لەخۆشی دیتنی یەکەم بووك و لە باوەشکردنی نەوەکەی بەڕووی ئامادەبووانـدا پێدەکەنی، ئاخر کچەکەی هێشتا خەریکی میوان و دابەشکردنی شەکراو بوو بۆیە منداڵەکەی لە کۆشی بابی دانابوو.

لێ کەسیمای زاوای دەدی هاوژینەکەی بیر دەکەوتەوەو خۆزگەی دەخواست ئەویش مابـاو ئێستا سەرچۆپی گرتبا، رێك لەوکاتانەدا، کاك وسوو وەستا لوقمانی دێنایەوە نێو زەماوەندەکە و بە پێکەنینی دێنایەوە، پێی دەگوت :

ئەورۆ بۆ عوسمانی کوڕت دووبارە نابێتەوە تەنیا یەك ئاهەنگ هەیە، با هەمووومان رابردوو بیر بکەین ئێستا و داهاتوو خۆش کەین، ئاخر کوڕەکەشت ئازاری بێتۆیی و لەدەستدانی داکی زۆر ماندووی کرد، با لێگەڕێین ئاهەنگەکە بەدڵی هەمووان بێت، بەقام پێبکە لەم شەڕە نەگریسەدا کارەساتی زۆر لەوەی تۆ گەورەتر روی

داوەو لەبیریش چۆتەوە، دەبا ئەم ئاهەنگە سەرەتای لەبیربـردنەوەی ناخۆشیەکان بێت.

ئەم گوتانەی کاك وسوو وەستا لوقمانی دێنایەوە نێو ئـاهەنگەکە و تادەهــات گەرمتــر دەبــوو، تەپەی پێــی ســێپێیی تــۆزی لە زەوی هەڵدەســتاند، رەشــبەڵەك گەرم و لەمنێــوەدا ســنگی کــچ و ژنەکــان هەڵـبەزودابەزی بـوو، ئـارەقە بەنێـو درزی مەمکیانـدا شـۆڕ دەبـۆوە خــواریّ و ســوخمەکانی تەڕتەڕ کردبــوو، بەجۆرێـك گـۆی مەمکـی هەنــدیّ لە ژنەکــان کاتێـك لەم تەڕیە دەخشـا لینجـاوێکی شـیرین شــیرین، شــیرنتر لەو شــەکراوەی دابەش کرابــوو دەڕژاو تێکەڵــی ئــارەقەی گەردنیــان دەبــوو، پەنــجەی پیــاو و ژنەکــان بەجۆرێــك یەکتریان گرتبوو کە حەزی نەدەکرد لە شایی بێتە دەریّ و تادەهات رەشبەڵەك درێژتر دەبۆوە، رێك لەمکاتەدا دەنگی رێـژنەیەك گوللە بیسترا کە لەلایەن چەکدارێکەوە بەسەر ئاهەنگەکەدا تەقێنـرا، بەڵام دەنگی دەهۆڵ و زووڕناکە گەرمتر بوو ئاهەنگەکە خاویەکی تـێکەوت لـیّ نەوەســتا، چــونکە هەمــوو ئاوڕیــان بــۆ ســەربانێك دایەوەو ئەو چەکدارەیان دیت کە گوللەکانی بۆ ئاسمان هاویشت و ئیـدی رمـبەی پێــی رەشــبەڵەك جــێگەی رێــژنە گــوللەکەی گــرتەوەو ئاهەنــگ تــا ئێوارەیەکی درەنـگ بەردەوام بـوو، هـیچ کەسێك تـرس سیمای سپی نەکرد، جگە لە بووك ئەویش بەهۆی ئەو تەشتە سپیاوەی لە رووی درابوو کەس هەستی پێنەکرد.

## کەحزبایەتی بووە شورەیی،
## سروشت رەنگەکان بۆخۆی دەباتەوە

تا ئەو شوێنە سیاسییەکان جڵەوی شۆڕشیان بەدەستەوە بوو، کە هێشتا تۆزی ئەشکەوتەکان بە شان و لاملیانەوە بوو، کە هێشتا چەکە ژەنگاویەکانیان بەشانەوە بوو، ئۆتۆمبێلەکانیان سەربڕاوە بوون و جانتای دیبلۆماسی نەگەیشتبووە دەستیان. وەلێ کەبوونە خاوەنی هەموو شتەکان، ئیدی لەنێو شەڕی براکاندا و سەرمایەگوزاری بەخوێن و قوتی ئەوانی دیەوە گیانی شۆڕشگێڕیان لێبەربۆوەو کەس نەبوو هەڵیگرێتەوە.

هەربۆیە دواتر کەوتنە بەر نێزەی رەخنەی هاولاتیان و ناشیرین بوون، ئێسکیان قورس و کەسایەتیان چۆڕایە نێو پارە و خوێنەوە، چونکە پێیان وایە ئەو تێکۆشانەی ئەوان کردوویانە هێندەی بۆ

بەرژەوەنـدیە کەسـیەکانە هێنـدە بـۆ رزگـاری نیشـتمان نیـیە، رێـك لەمکاتانەشـدا نەوەکـانی دوای ئەوان دێـنە نێـو گۆڕەپـانەوەو بیـر لە گـۆڕینی ئەو سـیمایانە دەکەنەوە کە هەمیشـە لەنێـو شاشـەکاندا دەردەکەون.

وێجـا پـێش ئەوەی کـاك وسـوو واز لە سیاسـەت بهێنـێ، گـۆڕین و چاکردنەوەی گڵۆپەکانی شار کە لە ئەستۆی بەڕێوەبەرایەتی کارەبـای شار بـوو، دایە وەسـتا عوسـمان، ئەو دەیویسـت بەهەر نرخێـك بێـت، دەسـەڵاتی خـۆی بخـاتە خزمەتـی خـانەوادەیەك کە لەسـەر ئەو زۆر شـتیان بەسـەر هـاتووەو چەنـد سـاڵێك بـابێکی بێخەتـا خـراوەتە بەندیخانەوە.

دەیویسـت چیـدی بەشـی لە تاوانەکانـدا نەبێـت و ئـاخر بـۆ رزگـارکردنی نیشـتمان ئەو چەکـی هەڵگرتـووە، نەك بـۆ داگیرکردنـی زۆنێك لە نیشتمانێکی پارچەدا، نەك بۆ بەرژەوەنـدییە خودیەکـان و فرۆشتنەوەی بە ئەوانی دی.

کـاك وسـوو بەیەکجـاری وازی لە سیاسـەت هێنـا، ئەو دەیزانـی تـا هەڵگـری رەنگێـك بـی رەنگەکـانی دیـت لا ناشـیرین دەبـن، هەروەك رەنگەکـانی دیـش تـۆ بەناشـیرینی دەبیـنن، بەشـێك لە کۆمەڵگـا وەك دوژمـن تەماشـات دەکەن و بەشـێکیش هانـدەر دەبـن بـۆ کوشـتن و راوەدوونـانی براکانـت، ئەو دەیزانـی سیاسـەتیان کـردە شـورەیی و ژیانیـان هەڵـدایە دۆزەخەوە، بـۆ هەمیشـە دەبێـت چەکـت پێبێـت و حـزب هەر بڕیارێـك بـدات دەبێـت جێبەجێـی کەی، لەنـاخی هەر تاکێکدا رقێکی ئەستوور چێنرا، رقێك گواستراوەتەوە بۆ نەوەکانمـان

و منـداڵەکانمان شـەڕی کـۆڵان بەکـۆڵانی لەسـەر دەکەن، بـۆیە ئیـدی تۆزوخـۆڵی حزبـایەتی لە شـانی خـۆی تەکانـدو حەزی چـۆ ژیـانێکی سـادەی بـێ گرفـت و مـانەوە لەگەڵ خێزانەکەیـدا، ئیـدی کـارەکەی وەسـتا لوقمـان و کـوڕەکەی فراوانتـر کـرد و دواتـر لەگەڵیـان بـووە شەریك و بەو پێیەی زۆر کەسی دەناسین کاریشی بۆ پەیدا دەکـردن، بەجۆرێـك خـۆی لێنزیـك کـردنەوە وەك ئەوەی یەك خـانەوادە بـن، هـاتوچۆ پەیـدا بـوو زۆریـنەی کاتەکـانی لەگەڵ وەسـتا لوقمـان لە دووکـانێکی پـاکی رەنگاورەنگـدا بەسـەر دەبـردو وەسـتا عوسـمان و شاگردەکانیش لەنێو خانووە وێرانەکانـدا دەسـتیان بەنـۆژەنکردنەوەو رووناك کردنەوەی شار کردبوو.

جـولەو ژیـانێکی نـوێ کەوتبـووە نێـو مـاڵی وەسـتا لوقمـان و یادەوەریەکـان وردە وردە خەریکـی کـاڵ بـوونەوە بـوون، لـێ تادەهـات لۆچەکانی سیمای زیاتر دەبوون، ریشی سـپیەکی بەفـری و دەسـتیشی لەرزۆك، تەنیـا هەمـوو هەینیـیەك بەدەسـتەیەك بخـورەوە دەچـوونە گـۆڕسـتان و لەسـەر گـۆڕێـك کە بەتەلانـێکەوە نێژرابـوو چیرۆکـی ژیانێکی نوێیان بۆ ژنێك دەگێڕایەوە.

بووکێك کە خەونی ژنێك بوو، بەبەرگێکی مۆری کاڵەوە گـۆڕەکەی ئـاوپرژێن دەکـردو لەگەڵ وان فرمێسـکی بـۆ مەرگێـك دەڕشـت کە نەیـدیبوو، نەیدەناسـی و تەنـێ بـۆنی مـێخەکەکەی کردبـو و نیـانی ئەوی بیستبوو.

رۆژەکان تێدەپەڕین و هەفتەکـان گیـاو گـوڵی سـەر گـۆڕەکەی داکـی زیـاتر دەکـرد، چەنـد هەتـاو بـۆیەی سـەر کێلەکـانی کـاڵ دەکـردەوە،

هێندە فرمێسکەکانیش کەمتر دەبوون، چەند مردوو پانتاییەکانی گۆڕستانی تەسك دەکردەوە، هێندەش گەیشتن بۆسەر گۆڕی ئازیزان کەمتر دەبۆوە، ئیدی ئەوە یاسای سروشتەو گڵکۆ بووەتە بەربەستی دیتن و بیربردنەوەی ئازیزان، مەیل دەباو فرمێسکەکان وشك دەکا.

زۆری نەبرد وەستا لوقمان منداڵی کوڕەکەشی دیت و لەباوەشیدا هەرچی ناخۆشی ژیان هەیە لەبیری دەکرد، بەجۆرێك هۆگری ئەم نەوەیەی ببوو هەرکاتێك پێی دەگوت بابە گەورە وەستا لوقمان دەیگوت: هەموو گەورەکانی دنیات لەبەرمری کوڕە شیرینەکەم، ئالێرەدا کاتێك کاك وسووی برادەری گوێی لێدەبوو بەوەستا لوقمانی دەگوت:

ئاگاداربە ئەمن گەورە نەماوم.

وەستا لوقمانیش وەڵامی دەدایەوە و دەیگوت:

ئەتۆ قەت لەو جۆرە گەورانە نەبووی کەمن مەبەستمە، ئەوکاتەی خاوەن پاسەوانیش بووی و دەستیشت دەڕۆی قەت دڵی کەست نەیەشاند، نابینی ئێستا هاوڵاتیەکی ئاسایی و کەسی دژیش بەپشتی چاوت ناڵێن برۆیە، نا ئەم قسەیەی من تۆ ناگرێتەوە ئەوانە دەگرێتەوە، کە نیشتمانیان خاڵیکرد لە لاو، ئەوانەی کوڕە بچووکەکەیان فڕێدامە وڵاتی نامۆیی و نەیتوانی بەشداری پرسەکەی داکیشی بکات، داخۆ چەند شەوان لە ئازاری لە دەستچوونی داکی فرمێسکی رشتبێ، داخۆ دەبێت ئێستا سیمای چۆن بێت و بڵێی جارێکی دی بیبینمەوە؟

کاك وسوو زانی خەریکە برینەکانی دەکولێنەوە بۆیە قسەکەی لێوەرگرتەوەو گوتی:

دڵنیام ئێستا عیرفانی کوڕی بچووکت زۆر لە ئێمە خۆشتر دەژی، لەوێ هەموو مافەکانی تاك پارێزراون، غەم لەو مەخۆ ئەوەتا خودا نەوەی جوانی داویەی، نابینی منداڵی کچەکەت چۆتە قوتابخانەو ئێ منداڵی کوڕەکەشت فێرە قسان بووە، خۆ عوسمانی کوڕیشت تەمەنی هەزار ساڵ بێت کەس نییە خۆشی نەوێ، رێك وەك بابی خۆیەتی، وەستایەکی باش و کوڕێکی باش، لەوەتەی ئەو گڵۆپی ستوونەکانی شاری وەرگرتووە بزانە شار چەند روناك بۆتەوە، کارێکی باش لە ژیانی خۆم کردبم ئەوە بووە، شەرمەزاری نەکردم و بڕوات هەبێ وەك براو کەسی خۆم تەماشای دەکەم، ئەمن لەخۆشی ئێوەو ئەوانی دی وازم لە سیاسەت هێنا، ئێستا جگە لە بەرپرسیاریەتی خێزانەکەم هیچی دیم لە ئەستۆ نییە، تۆش هەوڵدە رابردوو لە بیرکەی، ژیان تا ئێرەی هێناوین با بۆ ئایندە خۆمان ئامادەکەین و هەوڵدەین ئەوانی دیش وەك ئێمە بن، نەك لە جەنگەکاندا بزر ببن و ناشیرنیش بۆ ئێمە بمێنێتەوە.

وەستا لوقمان بەم گوتانە ئارامیەك کەوتە نێو دڵی، غەمە شاراوەکانی تەقەتتر کردو دەستی خستە ناو دەستی کاك وسووی.

بەتێپەڕینی ساڵەکان غەمەکانیش کاڵوکاڵتر دەبوونەوە، باران گڵکۆکانی نەویتر دەکردو رەنگی کێلەکانیش کاڵ کاڵ ببوونەوە، وەك کاڵبوونەوەی یادەوەریەکانی دایکێك لەنێو هزری کەسەکانیدا، هەستت دەکرد هەتاو بۆیاغەکان درز تێدەکات و بارانیش

دەیانشواتەوە و ئەو ڕەنگانە بەسەر خاکدا دەوەرێنێ و جۆگەکان کە ئـاوی بارانـاون لەگەڵ گەڵاو پوشوپەڵاشـەکان دەیانبـات و تێکەڵـی رووبار دەبن، ئەو رووبارانەی چی زێرابی شار هەیە دەڕژێنە ناوی و ئیدی بۆ هەتاهەتایە بەبزری دەمێننەوە.

ڕۆیشتنی ساڵەکان هەندێ تاڵە مووی سپیشی هەڵدایە نێـو ریـش و ردێنی وەستا عوسمانەوە کردیە خاوەنی دوو منداڵ و ئیـدی هەسـتی بەرپرسـیاریەتی زیـاتر بـوو، کـوڕەکەی ببـووە گۆچـانی بـاپیرە و کچەکەشی ئەوەندە نازی دەکرد وەك دەسبیح لەنێو پەنجەو باوەشی بـاپیرەی دەهـات و دەچـوو، ئەوەنـدەنا ڕۆژێـك لەو ڕۆژانەی سـاڵ، کـوڕێکی سـپی و جـوان دەتگوت فریشـتەیەو بەخـۆی و جانتـایەکەوە لەبەردەم دووکـانی وەسـتا لوقمـان دابەزی، هـات و تاوێـك سـەرنجی خسـتە سـەر وەسـتا لوقمـان و پێـدەچوو گومانێـك ئەوی بێـدەنگ کردبـێ، ریشـێکی سـپی درێـژو سـیمایەکی چرچولـۆچ، جەسـتەیەکی لاواز لەنێو رانکوچۆغەکەیدا وەك لالەنگی کەوتە بەرچاوی، هەرچی هێنـایی و بـردی ئەوە ئەو بـابە نیـیە کە ئەوەنـدە سـاڵە جێـی هێشـتووە، گـۆڕانێکی ریشـەیی بە بەژن و باڵایـدا هـاتووە، لـێ هەمـان تەزووی خۆشەویستییە لە جەسـتەیەوە دەردەچێـت و بەری دەکەوێ، خۆشەویسـتییەك هەر لە منـداڵیەوە بـۆنێکی پیـاوانەیەو ئەوەتـا لە دوکانەکەی بڵاو بۆتەوە.

وەستا لوقمانیش کە خەریکی پێـوانی وایەر بـوو، ئـاوڕێکی دایەوە و کـوڕێکی جـوانی سـمێڵ و ردێـن تاشـراوی لەبەردەکـی دووکـانەکەی بەدی کـرد، هەر لەخـۆوە ئـارامیەك تـۆپە وایەرەکەی لە دەسـتی

بەردایەوەو گەزەکەشی لەسەر ڕەفەکان دانا، سیمای هەمان سیمای منداڵە حەوت ساڵیەکەی ئەوێ ڕۆژێ بوو، بەبێدەنگی بەرەو رووی چوو، لەم چرکەساتەدا بەریەك کەوتنی دوو نیگا دەنگی دوو دڵی گەیاندە یەکتر و هەر لە ڕێگەی نیگاکانەوە ناسینەوەی یەکتر گەیشتە نێو دەمارەکانی مێشك و بەبێ ویستی خۆیان دوو باوەش بۆ یەکتری کرانەوە و تەپەی بەریەك کەوتنی ئەو دوو باوەشە و گریانی کوڕوبابێك جیراندووکانەکانی بەسەردا ڕژاندن، وەستا لوقمان کوڕەکەی دەلستەوەو عیرفانیش دەموچاوی لەنێو ریشە بەفرانیەکەی بابیدا بزر ببوو، ئیدی تاوێك ئاوا مانەوەو دواتر عیرفان کەوتە باوەشی ناسیاوەکان و ئەودەستی دەستی پێدەکرا، بەردەمی دووکانەکەی وەستا لوقمان پڕ بوو لە خەڵك، ئیدی هەریەکەو پرسیارێکی لێدەکردو کەس وەڵامی پرسیارەکانی دەست نەدەکەوت پرسیاری دی دەڕژایە بەردەم دووکانەکەی وەستا لوقمان، تا کاك وسوو هات و گوتی :

دەوەرە کوڕەکەی مامی دوو ماچم دەیە، بابی بەیەکتری ناساندن و هەر لەم بێنەو بەردەدا بوو تا ریزێك چا خورایەوە، کەس نەیزانی ئەم هەواڵە چۆن گەیشتۆتە وەستا عوسمان و شاگردەکانی، چ باڵندەیەك، دۆستێك منداڵێك لەشەقەی باڵیانداوەو بۆ مژدانەیەك چەکوچ و پلاکەکانیان بە وەستا عوسمان فڕێداوەو خۆی گەیاندۆتە لایان، کاتێك گەیشتن و ئەم ڕووناکیەیان دی، ئیدی ئالەمکاتەدا باوەش لێکدانی دوو برا کە چەندین ساڵە یەکتریان نەدیوە فرمێسکی تەواوی ئامادەبووانی ئاوێتەی یەکتری کرد، وەستا لوقمان

چووبـووه پشـتی دووكـانەكەی و بەدزیەوە دەگریـا، گریانێـك هەنـدێ جار هەنسكەكانی دەگەیشتە سەر شەقام، فرمێسكەكانی بەسەر ریشە سپیەكەیدا دەچۆڕایەوەو هەستی دەكـرد ناسـیاوەكان نەیانهێشـت تێـر بۆنی عیرفان بێت، نەیانهێشت باشـتر و تەڕتـر كوڵمەكـانی ماچكـات، نـا نەیانهێشـت ئەم خۆشـییە بەتەنیـا بـۆ بـابی بێـت و وەك چـۆن نەیانهێشـت غەمەكـانیش بەتەنیـا بـۆ ئەو بـن، هێشـتا عوسـمان و عیرفـان هەر لەباوەشـی یەكتریـدان، ئەوەنـدەی كەجـوداش دەبـنەوە عوسـمان دەسـت بە روومەتـی عیرفانـدا دێنێـت و دەڵـێ هەتیـو زۆر جوان بووی، جارێكیدی ماچی دەكات و ئەوانەی لەوێشن لە خۆشیان گەش گەش بوونەتەوە.

ئەوان لەنێـو خۆشـی خۆیانـدا دەبـن، كەچـی چەكـدارێك لەوبەری شــەقام زۆر بەوردی چــاودێری قەرەبــاڵغیەكە دەكــات و لــێ لەبەر ئەوەی هەموو پێدەكەنن و هەروا كاك وسووش لەوێیە بـۆیە نـاوێرێ لێیـان بێـتە پـێش، تەنـێ پرسـیارێك لە خـاوەن دووكانێـك دەكـات و ئیدی دەگەڕێتەوە ئەو شوێنەی لێوەی نێردرابوو.

## فرمێسکی بەساڵاچووان
## سروشی گریانی ئەوانی دییە

هاتنەوەی عیرفان سەرەویلکێکی ئەستوور بوو بەسەر زۆر غەم و بیرەوەریدا دادرا، نا دیوارێکی پان بوو، کەوتە نێوان ئەو غەمانەی خێزانێکی هەراسان کردبوو، ئاخر لە چەند مانگێکدا و هەر لەپڕ باب و کوڕێک خۆیان لە کن کەسە ئازیزەکانیان دیتەوە، ماڵێک کەپێشتر تەنیا وەستا عوسمانی تێدا دەژیا، ئێستا بابێکی پیرو بووکێکی جوان و دوو منداڵ و دوو برا وەك گلۆپی سەدی ئاوەدانیان کردۆتەوە، خۆ ئەگەر خوشك و زاواکەشیان بەسەردان دێن، ئەوە خوانەکە گەورەتر دەبێت و هەروا کاتێك کاك وسووش بەماڵ و منداڵەوە دێت ئەوە ناچارن ژن و منداڵ لە دیوێك نان بخۆن و پیاوەکانیش لە دیوێکی دی، ئەم ئاوەدانییە وەك ڕووناکیەك کەوتۆتە نێو هەناوی وەستا لوقمان و زۆر جاران پێدەکەنێ و

تەواوی ناخۆشیەکانی بەندیخانەو کۆستەکانی بیر دەباتەوە، خۆ هەندێ جاریش لەگەڵ عیرفان دەڕۆنە گۆڕستان و لەسەر کڵکۆیەك دەست بە گریان دەکەن، بۆ دایکێك هەموو ئاواتی ئەوە بوو خێزانێکی ئاوا قەرەباڵغ ببینێ، پێی بگوترێ دایە گەورەو جارێك لە جاران لەگەڵ بووکەکەی بازاڕێك بکاو، فێری مەلۆتکە کردن و منداڵ بەخێو کردنی بکا و یەك دووجارانیش منداڵەکەی لە لانکێ نێ و رایژێنێ، زاوایەکەشی داوەتی ماڵێ بکاو بەیەکەوە نانێکی گەرمیان بداتێ، کەچی هیچ کام لەوانەی نەدی، دایکێك بووە سووتەمەنی دەستی شەڕی ناوخۆ و بزر بوونی مێردەکەی.

وەستا عوسمانیش لەگەڵ شاگردەکانی خەریکی کارن، رۆژ نییە چەند گلۆپێکی شار نەشکێنرێ و ئەو نەیگۆڕێ، هەندێکیان بۆخۆیان دەسووتێن و خۆ یەکدوانێکیشیان بە ئاشکرا جێ گوللەی پێوە دیارە و کەس نازانێ کێ ئەو گوللانە بەم گلۆپانەوە دەنێ، خۆ ئەگەر سەردەمی بەعس با ئەوە دەکرا بیر لە رێکخستنەکان بکەینەوەو بۆ ئاسان بوونی هاتوچۆی پێشمەرگە زۆر جاران ئەم کارە ئەنجام دەدرا، یان مێرمنداڵەکان بەدارلاستیق دەیانشکاندن گوایە زیان بە رژێم دەگەیەنن، لێ ئێستا سەردەمی ئازادیەو شەڕی ناوخۆش دەمێکە کوژاوەتەوە.

وەستا لوقمان ئەرکی چاکردنەوەی لە ئەستۆ بوو بۆیە گوێی نەدەدایەو یەکدوو جارانیش شکاتی کردبوو، لێ بەدواداچوون

نەدەکرا و ئەویش وەك پیشەی چەند ساڵەی و دڵسۆزی بۆ شارەکەی و خۆشەویستی بۆ کارەکەی ئەگەر شەوانە چەند جارێکیش گڵۆپ سوتابان ئەو بەخۆ و پێلیژە درێژەکەیەوە لەگەڵ یەك دوو شاگرد دەچوون و چاکیان دەکرنەوە.

شەوێك لەو شەوانە گڵۆپی بەردەم نەخۆشخانەی شار شکێنرابوو، ئەویش بەر لەوەی بچێ بۆ چاکردنەوەو گۆڕینی گڵۆپەکە، لە محاویلەوە کارەبای ئەم ریزە دەبڕێ و بە پەیژە درێژەکەیەوە لەگەڵ دوو شاگردەکەی سەر دارتێلی بەرامبەر نەخۆشخانە دەکەوێت و خەریکی رووناك کردنەوەی ئەم شەقامە سەرەکییە دەبێت، هەر لەکاتی چاکردنەوەیدا کە دەستێکی بە سیمە ئەستوورەکەی کارەباهێنەوە دەبێت و بەدەستەکەی دیشکی پلایسی گرتووەو بەو وایەرەوە دەبێت کە بۆ گڵۆپەکە رۆیشتووە، کارەبا دێتەوەو وەستا عوسمان دەگرێت و لەوێوە فڕێی دەداتە خوارێ، بەڵام سەری دەکەوێتە نێوان داری پەیژەکەو بەچەند تەقڵەیەك کە بەسەر پێریژەکەدا دەخزێ، دەکەوێتە خوارەوەو تەپەی دێت و هەر لەمکاتەدا زۆر بەخێرایی شاگردەکان دەیگەێننە نەخۆشخانە کە چەند هەنگاوێك لە دارتێلەکەوە دوورە، کاتێك پشکنینی بۆ دەکرێ جگە لەوەی جەستەی لە چەند شوێنیکەوە سوتاوەو هەروا شکانی شانیشی هەیە، دڵی وەستاوەو وەك ئەوەی هەر لەیەکەم تەزووی

کارەبـا دڵـی راگرتبـێ، زۆر هەوڵـی بـۆ دەدەن لـێ بەهـۆش خـۆی نایەتەوەو ئەو دڵەی کەوەستاوە ئیدی کار ناکاتەوە.

گۆڕەپانی نەخۆشخانە پڕ دەبێت لە کەس و ناسیاوەکانی و ژن و منداڵەکانی بەکەس ژێر نـابنەوە، بـابی جـارێکی دی فرمێسك ریشـە سـپیەکەی تەڕ دەکـات و بەدەنگێکـی پیـاوانەوە دەگریـا، بـرایەکەی ناتوانێ راوەستێ و لەنێو چیمەنەکەدا دەکەوێ، لەمنێوەدا کاك وسوو لەهەموان زیاتر پەرۆشیەتی وەك ئەوەی ئەو بەکوشتنی دابێ، ئـاخ و ئۆف لەنێو ئامادەبوواندا حەیف و مەخابن زۆرترین وشە دەبێت کە بەر گوێ دەکەوێ.

ئیـدی مـردن وایە هەر ئەوەنـدەی گیانـت لەدەسـتدا بە کـونفە یەکونێـك گـۆڕت بـۆ ئامـادەدەکرێ، ئـاخر خـۆبەخش بـۆ هەڵکەنـدنی گۆڕ هێندە زۆرن ئەوەنـدەی بلێـی یەکـودوو هەر لەتەنیشـت داکـیەوە گـۆڕ ئامــادەکرا، گۆڕێــك وەك ئەوەی دەمێــك بێــت هەڵقەنرابــێ، بەردێکـی گەورەیـان نەهـاتە پـێش، چـۆن خاکەنازیـان لە زەوی دەدا هەر گڵە سوور بوو، رێورەسمی شوشتن و کفن و دفـن کـردن کۆتـایی هات و وەستا عوسمان کە روناکی شار بوو خرایە سەر شـان و بەرەو گۆڕسـتان بەڕێکـرا، گریـان لە دواوەی زایەڵەی دەهـات، فرمێسـکی بەهەمووان رشـت و لەنێـو ئـاپۆڕای خەڵکدا ئەودەسـتی و دەسـتی بە دارەمەیــتەکە دەکــرا، دەفژەنەکــان حاڵیــان گرتبــوو، بەجۆرێــك دەفەکانیـان دەلەرانـدەوە لەگەڵ ریتمـی یـائەڵلاو گریانەکـان ئـاوێتە

ببوون، ئارەقەو فرمێسکیان بە لاملیانەوە جۆگەی بەستبوو، ژن و منداڵ هاتبوونە سەر سوێبانەکان و دوایین ماڵئاواییان لە رووناکی شار دەکرد، لاشەیەکی بێگیان گەیشتە گۆڕستان و رێك لەوکاتەی بەچەند دەستێك هەڵیان گرتبوو تا شۆڕی ناو ئەو گۆڕەی کەنەوە کە بەتەلانێکەوە و هەر لەتەنیشت دایکی بۆی هەڵکەنرابوو، پێی یەك لە مردوو نێژەکان خزی و مردووەکەیان لەدەست بەربۆوە، لەمکاتەدا پەرجو رویدا، گرێی کفنی روناکی شار کرایەوەو سەری کەوتە باوەشی یەك لە مردوو نێژەکان و دیتی وەستا عوسمان چاوی کردۆتەوە، هەناسە دەدات و چاو لە منداڵ و خێزانەکەی دەگێڕێ، ئیدی لەمکاتەدا مەلا بەدەنگی بەرز قورئان دەخوێنێ و زیندوو بوونەوەی روناکی شار، وەك بروسکە دەگاتە تەواوی ئاوایی، دەیبەنەوە نەخۆشخانەو دەبینن، دڵی وەك کاتژمێر کار دەکات و بەڵام زمانی گۆکردنی نییە، ئەوەی پێویست بێت بۆی دەکەن، سوتاویەکان سارێژ دەکەن و شکانەکانیش لە گەچ دەگرن، بەڵام نایەڵن کەس سەردانی بکات، لەمکاتەدا کاك وسوو بۆ باوەڕهێنان بەوەی کە هێشتا تەواوی دەسەڵاتەکانی لەدەست نەداوە دەچێتە کن بەڕێوەبەری نەخۆشخانەو باب و هاوژینەکەی دەباتە ژووری و بەچاوی خۆیان دەبینن کە روناکی شار زیندوەو تەندروستی بەرەو باشی دەچێت، کاتێك دێنە دەرێ، فرمێسکی سوێر بەشیرین دەگۆڕێ و هەموان خەندە دەکەوێتە سەرسیمایان، وردە وردە گۆڕەپانی

نەخۆشخانە چۆڵ دەبێت و خەڵکی بە دەیان جۆر باس لە زیندوو بوونەوەی وەستا عوسمان دەکەن.

هەبوو دەیگوت: ئەوە خودا خۆی و خێزانەکەی خۆش ویستووە بۆیە گیانی وەبەر ناوەتەوە.

هەشبوو دەیگوت: نا هەر لە ئەزەلەوە نەمردووە، بابە دکتۆرەکانی ئێرە لەهیچ نازانن داخۆ چەند کەسی دیان هەر بەزیندوویی ناشتووە.

خۆ هەشبوو دەیگوت: بابە زانست سەلماندوویەتی دڵ تەنیا ئامێرێکەو خوێن دابەش دەکات، ئەوە مێشکە پەیام بۆ ئەندامانی جەستە دەنێرێ تا کار بکەن، دیارە مێشکی هەر کاری کردوەو لەمکاتەدا پەیامەکەی ناردووە.

خەڵکێکی دینداریش دەیانگوت: دوعای هەموو خەڵکی ئاوایی گەیشتوەو ئیدی خودا کاتی مردنی دووا خستووە، بابە مردن و ژیان هەربەدەست ئەوەو بڕایەوە.

ئەوەی جێگەی سەرسامی هاوڵاتیان بوو، چۆن لەو بەرزیەوە کەسێك کارەبا لێی دەداو دڵی رادەوەستێ و زیندووش دەبێتەوە، ئەو سەرسامییە چەند هەفتەیەك بوو قسەوباسی سەرخوانەکانی ئەم شارە بوو، ئەوەندەنا زیندووبوونەوەی مردوێك گەیشتبوە ئاواییەکانی دەروبەرو وتاری تەواوی مزگەوتەکان لەسەر گەورەیی خودا و بەزەییە فراوانەکەی بوو، هەبوو هەواڵەکە دەیگریاندو

هەشبوو لێی دەترسا، لێ بەرلەوەی وەستا عوسمان بەئاگا بێتەوەو قسە بکات، گومانێک لای شاگردەکان دروست ببوو کە بەدەستی خۆیان هێڵی سەرەکی شاریان کوژاندبۆوە، داخۆ کێ پێی کردۆتەوە؟ ئاخر هەڵدانەوەی هێڵی سەرەکی محاویلەکان تەنیا بە کارمەندانی کارەبا یان کەسێکی شارەزا دەکرێت، هەموو ئەو گومانانە تەنیا لەنێوان شاگردەکان ئاڵوگۆڕ دەکرا، هێشتا کەسەکانی و کاک وسووی دۆستیان ئاگایان لەم گومانانە نییە، چونکە ئەوەندەی بە زیندو بوونەوەی روناکی شار خۆشحاڵن هێندە بەدووی هۆکارەکانەوە نین.

دوای هەفتەیەک مانەوە لە نەخۆشخانە و بەئاگا هاتنەوەی تەواو، وەستا عوسمان دەنێرنەوە ماڵێ، سوتاوەکانی جەستەی سارێژ دەبن و لێ شکانەکان هێشتا گەچی پێوەیە، گومانێک لەنێو دڵی روناکی شاردا خۆی مەڵاس داوەو هەرچی دەکات کۆدەکەی بۆ ناکرێتەوە، ئەویش پێکرنەوەی هێڵی سەرەکی کارەبای شەقامی نەخۆشخانەیە، لە کاتێکدا ئەو بەدەستی خۆی کوژاندویەتییەوە، هەرچی لەمبارەوە پرسیاری لێدەکات، ئەو دەڵێ شکم لە کەس نییە، چونکە دڵی کەسم نەیەشاندووە و ناتوانم کەسیش تاوانبار کەم، لێ دەزانم کەسێک ئەم سرکێتە گەورەی هەڵداوەتەوە، جا ئیدی لە نەزانی بووە تا کارەبای خۆیان بێتەوە یان بەئەنقەست؟

ورده ورده ئێسکی شانەکانی وەستا عوسمان یەکدەگرنەوە، چەند خزمەتی دەکەن ئەو باشتر دەبێت، بابیشی بە زیندووبوونەوەو

چاکبوونەوەی دڵخۆشەو هەرگیز بیر لە گومانەکانی کوڕی گەورەی ناکاتەوە، بەلای ئەوەوە منداڵەکانی گرنگن کە ئەوەتا لەبەر چاوین.

رۆژێک کە تەندروستی وەستا عوسمان زۆر باش دەبێت شاگردەکانی و تەواوی خانەوادەکەی لەوێ دەبن، یەك لە شاگردەکانی دەڵێ: وەستام حەز دەکەم بزانم ئەوکاتەی کەوتییە خوارێ هەستت بەچی کرد؟

وەستا عوسمان: بەپێکەنینەوە دەزانم دەتەوێ چ بزانی، بۆیە بەراستگۆیی پێمبڵێ ئەتۆ مردبووی چیت دیت؟ منیش پێت دەڵێم: یەکەمجارم نییە بمرم، ئەو مردنەم هەزارانجار دیوە، بۆیە راهاتووم و لەوانەیە چەندین جاری دی بمرم و زیندوو ببمەوە، بەڵام جیاوازیەکە ئەوە بوو ئەوکاتەی یەکەم تەزووی کارەبا بەنێو جەستەمدا رەت بوو، هەر لە چەند چرکەیەکدا تەواوی رابردووم بیرهاتەوە، وەك فیلمێکی ڤیدۆیی کە بەخێرایی بیگێڕیەوە، منداڵیم و قوتابخانەو تەنانەت ئەو تۆزەی کە یەکەم رۆژی قوتابخانە بە شەڕواڵەکەتەوە دەنووسێ، بۆنەکەی و دەنگدانەوەی زیقەی قوتابیان و تەپەی پێیان، هەروا بزربوونی بابم و مردنی دایە و تا ئەوکاتەی لەسەر دارتێلەکە بووم، لەوێ لەم بەرزیەوە دیمەنی خێزانەکەم هاتە بەرچاو، زانیم چی رویداوە پلایسەکەم لە دەستی بەربۆوەو هەردوو لاقم شل شل بوون، گەرمی سیمەکە چزەی لێهەڵساندم و بۆنی سوتانم بۆهات، لەوکاتەدا وەك گوریسێك نەرم

نەرم بەسەر پێریژەکەدا شۆڕبوومەوە، هەوڵمدا خۆ بە پێرژەکەوە هەڵواسم، لێ لەپی دەستێکم سوتا بوو ئەویدیش شل شل ببۆوە، ئیدی لەوێوە نازانم چی روویدا؟

ئاخر پێشتر ئەوانەم هەمووی لە خەون دیبوو، بەتایبەت مردن، کەمشەو هەبوو لە تەنیشت داکمەوە نەمنێژن، کاتێك دەیان شوشتم مردوو شۆرەکە لەبەر چاوم بوو، بە دۆلکان ئاوی شلەتێنی پێدا دەکردم، دەستێك هەردوو پێڵوی چاوی داخستم، مەمنا بە مردوویی گەیشتبوومەوێ و کەچی هەر چاوم کراوە بوو، لەگەڵ یەکەم هەڵگێڕانەوە ئازاری شکانی ئێسکەکانم هەردوو چاوی پێکردمەوە، دیتم لە درزی پەردەکەوە عیرفانی برام بە مستان لەسەری خۆی دەدا، پیرەباب پاڵی بە دیوارێکەوە داوەو هەردوو لینگی لە عەرزی درێژ کردوون، ئەمن بە مردویش غەمی وانم بوو، لەسەر تەختەی مردوو شۆرەکە گوڕ هەڵکەنەکانم دەدی، ئاخر زۆرجاری دی دیبووم، بەپاچ و پێمەڕە زەویان قووڵ دەکرد، زۆر حەزم دەکرد بەردێك تاشەیەك رەقانییەك بێتە بەردەم کارەکانیان کەچی هیچیان نەهاتە پێش، کاتێك پێمەڕەیان لە زەوی دەدا تەنیا گڵەسوور بوو، پێموایە پاچیان هەر بەکار نەهێنا، ئاخر حەزمدەکرد دوواکەون، تا بەچاوی خۆم هەموو رووداوەکان ببینم، دەزانن سەدانجار مردنم لە خەون دیتبوو، ئێستا کە خەونەکانی پێشترم بیر دەکەوێتەوە، دەڵێم باش بوو کەسێك ئەم سێرکتەی هەڵدایەوە،

چونکه تەنیا دڵی ڕاگرتم و مێشکمی بە زینـدوویی هێشـتەوە، لەگەڵ یەکەم تەزووی کارەبا چارەنوسیشی سڕ کـردم، خەونەکانی سـوتاندو نهێنیەکـانی ئاینــدەبینی بـۆ ڕوون کــردمەوە، وەك ئەوەی پێمبڵــێ کاروانی یەکەمی ژیانت کۆتایی هات و ئیدی لێـرەوە یەکەم هەنگاوی کاروانی دووەمی ژیات دەست پێدەکات، وەك ئەوەی بڵێ (**مـردن هـیچ نییە مرۆی بوێر ئەوەیە بەژیان بوێرێ**)

پێشتر لە خەونەکانمـدا هەتـا نـاو گۆڕەکەشـم دەدیـت، تـا خۆڵیـان بەسـەردا دەکـردم و وردە خـۆڵ بەدرزی تشایگەراکانەوە بـۆم دەهـاتە ژووری، داکم لەنێو گۆڕەکەی خۆی دێت و ئەو بەدەستی خۆی گـۆڕی منی ڕووناك دەکـردەوە، واتە دڵمـی بەئـیش خسـتەوە، هەر بەدەسـتی خۆی کفنەکەی کردمەوە، کونێکی لە نێوان خۆمان کردو فێری کردم چۆن منـیش ئەو کـونە لەتەنیشـتی خـۆم دروسـتکەم و بەوێـدا بـێمە دەرێ، پێشـتر ئەو خەونـانەم سـەدانجار دیبـوو، بـۆیە کاتێـك لەنێـو کفـنەکەم بەئاگـا هـاتمەوە ترسـم نەبـوو، ئەوهەسـتەی لە ڕونــاکی نێوگۆڕەوە دەهات و دایە دەیـدامێ، هەمـان هەسـت و ڕونـاکی بـوو لە کفنە سـپیەکەوە بـۆم دەهـات، لە بەربـوونەوەی مردوونێـژەکە شـتێك کفنی لای سەرمی کردەوە ئێستاش نازانم ئەوە دەستی داکم بوو یـان لە پەنجەی کەسـێك گیـر بـوو؟ لـێ نەمـدەتوانی قسـە بـکەم و هەروا جـوڵەی جەسـتەشـم ئـاڵۆز ببـوو، دەمزانـی مـردووم، دەمزانـی واتـان زانیوە تەواو بووم، هەوڵمدەدا هـاوارکەم دەنگـم نەدەهـات، زۆر سـەیر

بوو دەمویست لاقم بجولێنم دەستم دەجولا، بەسترابوومەوەو گوێم لەتەواوی یا ئەڵلایەکان و تەنانەت گریانی کەسەکانیشم بوو، لەنێو کفنەکەدا چاوم زەق بوو، خۆر بە کونە بچوکەکانی نێو خامەکەدا لەنێو چاوی دەدام، دەزانن کاتێك دارەمەیتەکەیان لێك وەردەگرت پیلەکانم بە رۆخی دارەکان دەکەوت چونکە شکابوون ئازارێك جەستەی وێران دەکردم، کەچی نەمدەتوانی هاوار کەم، دەنگم گیرابوو وەك ئەوەی مێشکم تەنیا چاوی زیندوو کردبمەوە، هەستێکی تابلێی ناخۆش بوو، بەلام نەدەترسام، ئاخر سەدان جار مردنم دیبوو بۆ بترسم؟

ئەوکاتەی وەستا عوسمان قسەی دەکرد، یەك کەسیش لەوێ جوڵەیان نەما بوو هەندێکیان دەترسان و هەندێکیشیان پێیان وابوو وەستاکەیان تێکچووە، خەڵەفاوەو قسان دەبزڕکێنێ، هەمووان تەنیا هەناسەیان دەدا.

وەستا عوسمان دەیگوت: گەرمییەك لە دەستی مردوونێژەکانەوە هات و خوێنی بەجوڵە خستمەوە، وێجا لەوەتەی بەئاگا هاتوومەوە زۆربەی کاتەکانم نووستنە کەچی ئەو خەونە نابینم، وەك ئەوەی چارەنووسم تا ئێرە هاتبێ، یان ئیدی کاری بەمن نەمابێ، خۆ هەردوو شانم شکاوە تەنیا لەسەر پشت خەوم لێدەکەوێ کەچی جگە لە خەونی ئاسایی هیچیدی نابینم، حەزملێیە بچمە نێو خەونەکانمەوە تا ئایندەی خۆم یان ئەوانی دی ببینم، لێ پێدەچێت

ئەو کارەبـــایە کـــاریگەری لە خانەکـــانی خەوبینیـــنم کردبـــێ و تەفروتونـــای کـــردبن، پێشـــتر هەر لە خەودا کەوتبمـــایە ســـەر پشـــت ئەوە خەونم دەدی، ئێستا هەمیشە لەسەر پشتم خەونیش نابینم.

ئەوەی بەلامەوە گـــرنگە منـــداڵەکانم هەتیـــو نەبـــوون و ئەرکـــی قورسترم نەخستە سەر شـانی بـابم و خـانەوادەکەم، هەروا عیرفـانی برام دوای ئەوەندە ساڵە گەڕایەوەو بە غەمەوە ناچێتەوە هەنـدەران، دەبینـێ هەمـووان باشـین، ئەوەتـا لەناوتـانم و ئەو رووداوەش بـووە رابـردوو، چیـدی بەسـەریدا نـاچمەوەو مەچـنەوە، بەهـای ژیـان و مردنم ناسی، تێگەیشتم:

**(مردن هیچ نییە، مرۆی بوێر دەبێت بەژیان بوێری)**

# له ئاینده‌بینیدا خه‌ون رۆڵی هه‌یه

ئه‌وه‌ی كه زۆر وه‌ستا عوسمانی نیگه‌ران كردبوو، سه‌رنجه‌كانی خه‌ڵكی نه‌ناس بوون، به‌جۆرێك ته‌ماشایان ده‌كرد وه‌ك ئه‌وه‌ی مردوو ببینن، هه‌ندێك كه‌سی نامۆ له گوندو شوێنه‌كانی دیه‌وه ده‌هاتن، له‌به‌رده‌می دووكانه‌كه ده‌وه‌ستان و ته‌ماشایان ده‌كرد، دواتر به‌شوێنی خۆیاندا ده‌گه‌ڕانه‌وه، خۆ هه‌ندێكی دی پرسیاریان ده‌كرد،

ئه‌رێ كاكه راسته ئه‌تۆ مردبووی زیندوو بوویه‌وه؟

خۆ هه‌ندێ منداڵ و هه‌رزه‌كار كه ئه‌ویان ده‌بینی خۆیان ده‌شارده‌وه، یان رایانده‌كردو له‌و نێوه‌ی بزر ده‌بوون.

له‌وانه‌ش ناخۆشتر له‌رزینی ده‌سته‌كانی بوو، ته‌واو په‌رێشانی كردبوو، بۆیه چه‌ند نوژدارێكیان پێكردو دواتر ده‌ركه‌وت كاریگه‌ری شكان و ته‌زووی كاره‌بایه‌كه‌یه‌و زۆر نابات چاك ده‌بێته‌وه، ئه‌گه‌رچی

تەواوی کەسەکانی، بەتایبەتی کاك وسوو ئامۆژگاریان دەکرد، واز لە کارەکەی بێنێ، لێ ئەو سوور بوو و هەر دوای ئەوەی گەچی شانەکانی لێکرایەوە دەچۆ سەر کارەکەی و ئەوەی بەوی کرابا دەیکرد، تا بەتەواوی چاك بۆوەو لەرزینی دەستەکانیشی کەمتر بوون، وەك جاران بەڵام بە ئاگاییەکی زۆرەوە خەریکی کارەکانی پێشووی بوو، جارێکی دی گڵۆپی ستوونەکانی دەگۆڕی و وەك ئەوەی هیچ رووی نەدابێ ئاخر ئەو پێیوابوو ئیدی چارەنووس گۆڕاوەو خەونەکانی تا ئەو شوێنە لەگەڵی بووە کە روویداوە، باوەڕی بە خەون پتەوتر بوو بەڵام تێبینی ئەوەی کردبوو کە چارەنووس دەشێ بگۆڕدرێ بەڵام لە رێگەی ئایندەبینییەوە، چونکە ئەوەی جێگەی سەرنجی بوو ئیدی دوای ئەم رووداوە هەرگیز گڵۆپ بە گوللەو دارلاستیك نەشکایەوە، تەنیا ئەوانەی بە باران یان خۆیان دەسووتان، بۆیە ئەرکی ئاسانتر ببوو، لە پاڵیشیدا بەردەوام لەگەڵ شاگردەکانی خەریکی بەستن و نوێکرنەوەی کارەبای ئەو ماڵانە بوو کە ژیانێکی نوێ چاوەڕوانی دەکردن.

زۆر جاران بە شاگردەکانی دەگوت: دەزانن جۆرەها خەون دەبینم جگە لە خەونەکەی پێشتر، هەستدەکەم ژیانم لێرەوە نوێبۆتەوە، زۆر جاران تامی شیرە تفتەکەی دایکم دەکەم، ئەو شیرەی منی ژێر دەکردەوەو پێی گەورە بووم، شیرێك منی راکێشایە نێو ژیانێکی پڕ لە کێشمەکێش و ماندوو بوون، ئێستا مردن بەهیچ جۆرێك خۆم

پیشان نادا، دەرگای سەرەتایەكی نوێی بۆ كردوومەوەو جارێكی دی داهاتووم بەجۆرێكی دی پیشان دەدا، بەڵام ئەوەی جێگەی گومانی منە دوو جاران خەونێكی زۆر ناخۆشم دیت، تەنیا كەمێكیم لەبیر ماوەو بەڵام هەردوو جاران وەكویەك خەونبن وایە، ئەوەی بابم لەسەر تاعون بۆی باس كردووم كە خەڵكێكی زۆر مردوون، هەمان رووداو دێتە نێو خەونەكانم، پێمدەڵێ لە ئایندەدا ئەم تاعونە یان هەرجۆر نەخۆشیەكی دی روو لەم وڵاتەی ئێمە دەكات و ژیان بەتەواوی رادەگرێ.

ئەمن لە خەونمدا ئەوەم دیوە، نەخۆشخانەكان پڕدەبن لە نەخۆش، هاتوچۆی نێوان شار و تەنانەت ماڵەكانیش رادەگیرێ، كاسبی نامێنێ و هەموو مرۆڤایەتی بەم نەخۆشیەوە سەرقاڵ دەبێت، شەقامەكان چۆڵ دەبن و خەڵكێكی زۆر بەم نەخۆشیە گیان لەدەست دەدەن.

ئەم خەونە كە دوو جاران دیتوومە زۆر روون نەبوون وەك خەونەكانی پێشترم بەڵام دڵنیام چەند بارە دەبێتەوە ئەوكات تێدەگەم چ روودەدات، ئەوەی جێگەی سەرنجە كاتێك لە مردن نزیك دەبمەوە، وەك ئەوەی لەسەر دارتێلەكەوە كەوتبمەخوار و رابردووم بیرهاتەوە، كەچی لە خەوندا تەنێ داهاتوو دەبینم.

یەك لە شاگردەكانی كە باوەڕی بەخەون نەبوو گوتی:

وەستا گیان خۆت بەو خەونانەوە سەرقاڵ مەکە، لەوانەیە کاریگەری کارەبایەکە بێت لەسەرت.

وەستا عوسمانیش گوتی:

نا خۆ پێش کارەبایەکەش هەر لە خەوندا ئەوەی روویدا دیتبووم، دەزانم باوەڕ هێنان بەوانەی باوەڕیان بەخەون و ئایندەبینی نییە، ئەرکێکی گرانە، لێ من باوەڕم پێیەتی، ئەوەندەش ماوە بیڵێم، کە ئێستا بیرم کەوتەوە، ئەو نەخۆشییە زۆر ناخایەنێ و ژیان ئاسایی دەبێتەوە، ئەوەی کەزۆر بەلای منەوە گرنگە ئاسایی بوونەوەی بیرکردنەوەو هزرمە، ئەوەتا وەك جاران کار دەکەم و وەکو جارانیش خەون دەبینم، پێدەچێت تەواوی خانەکانی هزرم نوێ بووبنەوە.

ژیان ئەو ماندووبوونە ناهێنێ با زۆر بیری لێنەکەینەوە، دەزانن ژیان دووبارە بوونەوەی تێدایە هەندێ رووداو دووبارەدەبنەوەو هەندێکیان ئەوەی کە دەیبینی پێشتر لەخەون دیوتە، ئەوە ئەو راستیەمان بۆ دەسەلمێنێ کە دەشێ ئایندەبینی راست بێت، دەشێ بتوانی چارەنووس بگۆڕی یان هەرهیچ نەبێ رێڕەوی روداواکان بە ئاقارێکی دیدا ببەی، ئاخر من مردنم دیبوو، بەراستیش مردم، لێ لە رۆخی گۆڕەکە گەڕامەوەو ئەوە گۆڕینی ئاراستەکانە، یان بەلارێدا بردن و شێواندنی چارەنووسە.

ئەوەش باش بزانن ئەو تاعونەی پێشتر باسم کرد دەشێ روو بدات، چونکە لەنێو خەونەکەمدا مردوویێکی زۆرم دیت، بەڵام ژیان نەوەستا، ترسێکی زۆرم دیت، کەچی ژیان بەردەوام بوو، ئەگەر لە ئایندەدا هەمان خەون ببینم ئەوە وەك خۆی بۆتان دەگێڕمەوە هەتا کە کەوتنە نێو ئەم رووداوەوە بتوانن ئاراستەکان بگۆڕن، خۆتان کەسەکانتان دەرباز کەن.

کاتێك وەستا عوسمان ئەو قسانەی دەکرد، یەك لە شاگردەکان ترسی لێنیشتبوو، ئەوی دیشیان فشەی پێدەهات و گوتی:

وەستا گیان واز لەم قسانە بێنە لە کوێ پسا لەوێی گرێ دەدەینەوە.

وەستا عوسمانیش گوتی:

نا لە کوێ پسا لەوێی گرێ دەدەینەوە هەڵەیە، گوتەیەکە پێشینان بۆ دەرباز بوون داویانە بەئێمە، ئێمە نابێت وابکەین دەبێت چاکی کەینەوە، چەند جاران پێمگوتوون نابێت وایەری پساو لێکبدرێتەوە، چونکە کاربۆن دەکات و دواتر یان تەزوو ناگەیەنێ یاخود شۆرت دەکات، پسانی بەن و گوریسیش بەهەمان شێوەیە، یان لەو شوێنە دەپسێتەوە یاخود دەکرێتەوە، بۆیە ئەم گوتەیەی پێشینان هەڵەیەو ئەگەر بمانەوێ چاکیکەین دەبێت بیگۆڕین، ئاخر رژێمی بەعس دوای شەڕی هەشت ساڵەی ئێران و داگیرکردنی کوێت، فشارێکی زۆری نێو دەوڵەتی لەسەر بوو دەیویست لەکوێ پسا لەوێی

گرێداتەوە، ئاخر وایکرد بۆیە لێك هەڵوەشا و ئەوەتا بەشێك لە خاکەکە کەوتەوە دەست خۆمان و کەچی ئێمەش ئەوەتا بەش بەشمان کردووە، نابینن دێگەڵە بۆتە گرێیەکی ئەستوور و هونەرمەندێك دەیەوێ بە بۆیاخ رەشیکاتەوە، یان بزری بکا، ئاخر هەتا ئەو دوو پارتە لەکوێ پسا لەوێی گرێدەنەوە ئێمە لەوەی خەراتر دەبین کە هەین، من ئەم دوو پارتە بە گرێکوێرە دەبینم بە جۆیین و لێکدانی دوو وایەری رووت دەبینم، کاربۆنیان کردوەو داو داو بوون، نابینن زۆر جاران شۆرت دەکەن، هەتا لەریشەوە نەگۆڕدرێن، یان خۆیان نەگۆڕن و سەرلەبەری کێبڵە سەرەکیەکان نوێنەکەنەوە، ئەو رەنگانەی هەڵیان گرتووە نەیدەنەوە سروشت و بەخۆیاندا نەچنەوە، هەرگیز لەو نەهامەتیەی تێیدان رزگارمان نابێت، جاخۆ لاو لەم ولاتە نەما هەمووی رۆی، نابینی عیرفانی برام چۆن لە ئێمە دابڕاوە، لەهاتنەوەی لە تورکیا سوکایەتی پێکراوەو لە رۆشتنەوەشی بەهەمان شێوە، ئەوە قەدەری ئەم نیشتمانەیە، کە لەلایەن دوو پارتەوە یاری پێدەکرێت و بە روونی پێمان دەڵێن لە کوێ پسا لەوێی گرێدەدەینەوە.

وەستا عوسمان بەردەوام بوو دەیگوت: دوور نییە ئەو خەونەی من کە بەتاعون دیتوومە یان هەر نەخۆشیەکی دی، گۆڕابێ بەم دەسەڵاتە، خۆ هەر نەخۆشیەکان مرۆ ناکوژن، چەند لاو لە شەڕی خۆکوژیدا کوژران و دواتر سەرکردەکانی ئەم دوو پارتە دەستیان

خستەوە نـاو دەسـتی یەکتـر، وەك ئەوەی هـیچ رووی نەدابـێ و لە دانیشتنێکدا لە کوێ پسا لەوێیان گرێدایەوە، زۆر جاران حزبی بوون دەبێـــتە ئـــاڵودەبوون، ئـــا لێـــرەدا نەخۆشـــییە درێژخایەنەکـــان ســـەرهەڵدەدەن، دەروێشـــانە و بەبـــێ ئەوەی لە بەرنامەکـــان بـــگەن خۆیانی بۆ بەکوشت دەدەن، ئەوە جۆرە نەخۆشـییەکە زۆر لە تـاعون خەراتر، خـاترجەمبن دەشـێ خەونەکەم پەیوەنـدی بەو دەروێشانەی حزبەکـانەوە هەبـێ کاتێـك لەسـەر رەنـگ یەکتـری دەکـوژن، لەهـیچ ناگەن و تەقە دەکەن، بزانە ئەم گرێیەی کە ناومـان نـاوە کـوێرە داو داو بــووە، تەمەنــی کــورت دەبێــت و پێمــوانییە هەرگیــز ئەم دوو سەرەگایە لە مەنجەڵێکدا بکوڵێن.

## له منداڵدانی جەنگدا بکوژ و سیخوڕ لەدایك دەبن

کۆتاییەکانی جەنگ ڕاگرتنی تفەنگەکانە، وەلێ کاری سیخوڕەکان فراوانتر دەکات، بکوژەکان و بازرگانەکانی جەنگ چاویان سوور داگەڕاوەو لە درزێك دەگەڕێن تا شار بەکەلاوە و وڵات بەکاڵا و کەسەکان بخەنەوە ژوورە تاریکەکان.

## خەون دیوارەکانی بەندیخانە تێکدەشکێنێ

کاتێك جەنگ کۆتایی دێ، پارتەکان بۆ شاردنەوەی شکست و ئەو هەموو خوێنەی بە نا ڕەوا رشتویانە، بۆ داپۆشینی خەتایەکانیان و شاردنەوەی دەسکەوتەکانیان، دێن و لەیادی دامەزراندنیاندا هەلهەلەی سەرکەوتن لێدەدەن، رەنگێك بە تەواوی ئەوشارانەوە هەڵدەواسن کە دەسەڵاتیان تێدا هەیەو نمایشی سەربازی و پیشاندانی عەزەڵات بە خەڵکی بێتاوان دەفرۆشن، دەڵێن هەق لەدەستی ئێمەدا بوو ئەوە ئێمەین ئێوە دەپارێزین و بەخێوتان دەکەین، دێن و سێبەری بەعسمان پیشان دەدەن، ئەنفال و کیمیاباران و بۆردوومانەکانمان بیر دێننەوە، پێیان وایە دەبێت ئێمە بەناچاری ئەوان بەخێوکەین، کوڕەکانی خۆمانیان بدەینێ و بەکوشتیان بدەن، هەر جەنگێك هەڵگیرسێنن بەڕەوای ببینین، ئەگەرنا کەڵبەی بەعس تیژەو هێشتا توانای ئەوەی هەیە لە

جەستەمان بچەقێنێ، لە کۆبوونەوەکانیشدا دەستیان دەخەنە نێو دەستی نەیارەکانیان و هەموو شەوێ نمایشی شانۆگەریەك دەکەن تا باوەڕیان پێبکەین، خۆیان دەکەنە ئەکتەرە فریاد ڕەسەکەو ڕۆڵی شوان دەبینن و ئێمەش وەك مەڕ تەماشا دەکەن.

لەم ڕۆژەدا کە ڕۆژی دامەزراندنی پارتەکەیانە، جگە لەوان کەسی دی بۆی نییە ڕەنگی خۆی هەڵکا، بۆیە تەنیا ڕەنگێك هەڵدەبژێرن و شاری پێدەڕازێننەوە، نمایشی بازووەکانیان دەکەن و لە مۆڵگەکانیان پێشوازی لە میوانان دەکەن، ئەو میوانانەی هەر تەنیا چەند سیمایەکن و هەموو جارێ دووبارە بوونەوەیان هەیە، وەك دەروێشێك لەبری شمشێر هەموو جەستەی خۆیان دەکەنە فیشەك و چەکەکانیان کەتازە خاوێن کراوەتەوە بەشانیانەوە هەڵواسیوەو رامبۆیانە خۆیان پیشان دەدەن، وەك ئەوەی سەرکەوتنیان بەدەست هێنابێ و تەواوی ناوچە کێشەلەسەرو هەر چوارپارچەی کوردستانیان ئازاد کردبێ.

ئەو ڕۆژەی یادی جەدەلیەکان بوو تەواوی شاریان بەڕەنگی سەوز داپۆشی، هیچ کوتاڵ فرۆشێك تەنیا گەزێك قوماشی ڕەنگی ئەو پارتەی نەما بوو، هەموویان لێکڕیبوون، خۆشنووسەکان شەو و ڕۆژ کاریان دەکرد، بەرگدرووەکان دوورینی بەرگی کوردی و کارەکانیان وەلا نابوو خەریکی دوورینی ئالآیەکان بوون، لە پاڵ هەر ئالآیەکی کوردستاندا سەدان پەرچەمی وان هەبوو، ستوونەکانی کارەباو دارو دیوار ئەو ڕەنگەی گرتبوو.

وەستا عوسمانی کارەباچی خەریکی کاری خۆی بوو، مەمنا پەیژەکەی لەلای پێشمەرگەکان بوو، کاری هەڵواسینی پەرچەمەکانی خۆیان پێدەکرد، بەخۆ و دوو شاگردەکەیەوە چووە لایان و دوای بێنەو بەردەیەکی زۆر پەیژەکەی وەرگرتەوە، لەوکاتەدا هەمووان وەکو دووژمن سەیریان دەکرد، تەنانەت یەکێکیان خەریکبوو چەکەکەی لە شانی بێنێتە خوارێ، بەڵام نەیان هێشت و بە فسکە فسک عوسمان و دوو شاگردەکەیان بەڕێکرد، لێ بەو مەرجەی چەندین گڵۆپی زیاد بە ستوونەکانەوە هەڵواسێ لەگەڵ چەندین رستە پەرچەم، لەو کاتەی سەرگەرمی کاری خۆیان بوون و خەریکی گۆڕینی یەك دوو گڵۆپی ناو بازاڕ بوون، وەستا عوسمان لە سەرەوەی ستوونەکە بە دەستێك رستەیەك ئاڵای گرتبوو بەدەستەکەی دیشی خەریکی بادانی گڵۆپێکی سوتاو بوو، لە ستوونی بەرامبەری، رستە ئاڵایەکە لێبۆوەو کەوتە سەر شەقام، لەوکاتەدا چەند ئۆتۆمبێلێك بەسەری کەوتن و لولیاندا، رێك پاسەوانێك کە هەمیشە لە بۆسەدا بوو و چاودێری وەستا عوسمانی دەکرد، هات و بەزەبری تفەنگ وەستا عوسمانی لە ستوونەکە هێنایە خوارێ و سواری لاندگرۆزێکی کرد و بردی، وەك ئەوەی بەئەنقەست ئەوکارەی کردبێ، وەك ئەوەی دژی پارتەکەیان شەرەف و ناموسی حزبێکی خستبێتە ژێر پێیان، یان خەتایەکی گەورەی کربێ و لێخۆشبوونی ئەستەم بێت، بەبێ دادگا و لێپێچینەوە، بەبێ پرس و را گۆڕینەوە هەڵیاندایە نێو زیندان و پێش ئەوەی کاك ووو بزانێ، گواستیانەوە

بەندیخانەیەکی گەورەتر لە شارێکی گەورەتر، سێبەرو ناوی وەستا عوسمانیان بزر کرد.

شاگردەکانیش هەر ئەوەندە فریاکەوتن رستە ئالاکەیان هەڵواسیەوەو پەیژەکەیان گەڕاندەوە بەڕێوەبەرایەتی کارەبا دواتر چوونە لای وەستا لوقمان و رووداوەکەیان بۆ گێڕایەوە، وەستا لوقمانیش خێرا پەیوەندی بە کاك وسووە کردو بەڵام تازە کار لەکار ترازا بوو ئەو رقەی دەمێك بوو بەبێ هۆکار لە وەستا عوسمان هەڵگیرابوو بەسەریدا سەپێنرا و بزریان کرد، ئەوان بە کاك وسوویان گوتبوو تا ئەمڕۆ لەبەر تۆ نەمانگرتووە دەنا ئەو شایەنی ئەوە نییە لەم زۆنەی ئێمەدا بێت، یان فەرمانبەری کارەبا و بەکەیفی خۆی بەنێو بارەگا و شاردا بێت و بچێ.

کاك وسوو بە وەستا لوقمانی گوتبوو موویێك لەم ماستەدا هەیە، تا نەچمە بنج و بناوانی کۆڵیان لێنادەم، دەبێت بزانم کێ ئەو هەموو تۆمەتانەی بۆ عوسمانی درووست کردووە؟ ئیرەییە یان شتێکی دی لە پشتەوەی هەیە؟ ئاخر ئەو پیاوە جگە لە خزمەتکردنی شار زیانی بۆ کەس نەبووە، هەمیشە لەنێو ئاشتەواییەکاندا رۆڵی دیتووەو نەك هەرئەوە پەیوەندی بەهیچ پارتێکی سیاسیشەوە نەبووە، دڵنیام تۆمەتی بۆ دروستکراوەو کۆڵنادەم هەتا نەیدۆزمەوە.

# غەم پێچەکانی مردن دەکاتە قەدبڕ

هەرکاتێـــك کـــوڕە گەورەکەی وەســـتا عوســـمان لە قوتابخـــانە دەگەڕایەوە، بـابەگەورەی لە پێشـوازیدا بـوو، هەرگیـز نەیهێشـت بـێ بـاوکی پێـوە دیـار بێـت، لـێ تەمێـك لە چـاوی ئەو منـداڵە هەشـت سـاڵییە دەبینـراو زۆرکەڕەتـان خەیـاڵ بـۆ دووری دەبـرد، لەنێـو غەمێکی منـداڵانەدا ببـووە درەختێکی بیابـان و لەتینوانـدا بـۆ بـابی وشـك داگەڕابـوو، هەنـدێ جـار لە نـاوەوەی خۆیـدا دەگریـا، هەسـتی بەبـێ دەسـەڵاتی خەڵـك و خێـزانەکەی دەکـرد، پێیوابـوو ئەو بسـتە خاکەی ئەوی تێدا هاتۆتە دنیا لە ژمارەی خانووەکان زیاتر زینـدانی لێـیە، ئەوەی مامۆسـتاکان لەسـەر خۆشەویسـتی نیشـتمان فێریـان کردووە لە درۆیەك بەولاوە هیچی دی نییە.

منـدالێکی هەشـت سـاڵی کە سـەرنجی لە ئـاڵا هەڵواسـراوەکان دەدا دەیـــدی رەنگەکـــانی دی زۆر لە ئـــاڵایەکە زیـــاترن و ئەگەر پێیـــان شـورەیی نەبـا پێـنج شـەممانیش لە جیـاتی ئـاڵای کوردسـتان، ئـاڵای خۆیان بەرز دەکردەوە، غەمێك کوڕەکەی عوسمانی کارەباچی وێـران کردبوو، پێی وابوو خەتات هەبێ ونەبـێ وەك بـابە گەورە دەزگـایەك وەك ئەمنەکەی جاران قـوت دەبێـتەوەو دەبێـت زینـدان ببینـی، وەك بابە عوسـمان دەزگـایەك کتومـت مخابەراتەکەی جاران دەتـرپفێنن و دووریش نییە سبەی دەزگـایەکی دی بەنـاوێکی دی منـیش هەڵدەنە زیندانەوە، یان دەبێـت سـەری خـۆت هەڵگـری و ئەم وڵاتە جێبهێڵـی، ئاخر ئەو بەو منـداڵیەی کە پـڕ پـڕە لە سـادەیی دەیزانـی کـاری ئەم دەزگایانە بۆ لەناوبردنی سیخوڕە بیانیەکانە، ناشێ سـەدان ئیتلاعـات و میت لەنێومان هەبن و کەچی دەست بۆ براکانـت بـبەی بیـانگری ،لێکـدانەوەی ئەو بـــۆ زینـــدان وەك شـــیعرەکەی قـــانعە کە دەڵـــێ( گەرچی دوژمن وادەزانـێ مـن بەدیلی لاڵ دەبـم، بـاش بزانـێ کـونجی زیندان قوتابخانەیە)

بـــۆیە هەمیشـــە کە لە قوتابخـــانە دەگەڕایەوە ئەو تەمە یـــان ئەو غەمە لە چـاوی دەبینــراو بەڵام بــابە گەورەی هەوڵیــدەدا لەبیــری بباتەوەو بەقسە خۆشەکانی کە تەنها رۆڵێـك بـوو دەیگێـڕا غەمەکەی لێوەردەگرت و دەیخستە سەر غەمەکانی خۆی، دڵنیـای دەکـردەوە کە رۆژێك وەك ئەو خۆی بەماڵێدا دەکات و بەیەکتری شاد دەبنەوە.

کەچی منداڵەکەی وەستا عوسمان بەم تەمەنە تەمەنێک کەتەواوی لەنێو ئازادیدا ژیاوە، تەنیا وشەی کوردی و وانەی کوردی فێربووە، فێر نەکراوە بیانیەکان بەعەرەبی یان فارسی یاخود تورکی پێی بخوێنن، ئەو لە سەردەمێکدا دەژی سێبەری هیچ وڵاتێکی بیانی بەسەریەوە نییە، بۆیە لە ئازادی بترازێ بیر لەهیچی دی ناکاتەوە، دەیخواست گەورەبێت و بەدەستی خۆی بابی ئازاد کا، بیری دەکردەوەو پێی سەیر بوو براکان یەکتری دەکوژن، یەکتری دەگرن و ماڵی یەکتر تاڵان دەکەن، پێی وابوو هەموو کەسێك کە گەورە بوو دەبێت چەك هەڵگرێ، دەنا وەك باب و باپیری دەیهاوێنە بەندیخانەوە، ئاخر ئەو بە ئازادی لەدایك بووە بۆیە بەچەك بیر لە ئازادبوونی بابی دەکاتەوە.

هاوژینەکەی وەستا عوسمان غەمەکانی زۆرتر بوون بەڵام قوتی دەدایەوەو بەسەر خۆی نەدەهێنا، بیری لە رابردوو دەکردەوە، بیری لەو رۆژە خۆشانە دەکردەوە کە لەگەڵ هاوسەرو منداڵەکانی دەچوونە ماڵی بابی، دەیبردنە سەیران و هەرگیز بەدەستی بەتاڵ نەدەگەڕایەوە ماڵ.

بیری لە رابردووی دەکردەوە، لە کچێنی کە چەندین داوای هات رەتی کردەوە و تەنیا نەیتوانی وەستا عوسمان رەتکاتەوە، چونکە هەر لەیەکەم دیتنیەوە رەزامەندی پیشاندا و نەیهێشت یەك گرێ بکەوێتە رێیان، بیری لەو کەسانە دەکردەوە کە چەندین کەسیان

پێوەنــاو ئەو دەیگــوت شــوو نــاکەم ئەوە لە دەســتی باوانمــدایە، بەتایبەت کوڕە جیرانەکەیان کە هەمیشە ڕێی پێدەگرت و چەندین جاریش خوشك و داکی ناردبووە پێش، بیری لەو تەقانە دەکردەوە کە لە ڕۆژی شەکراو خواردنەوەدا کران و داخۆ ئەوە شتێکی لە پشتەوە نییە؟

هـاوژینەکەی وەسـتا عوسـمان هەرکاتێـك منـداڵەکانی دەنووسـتن دەچـۆ سـەر جێگـاکەی و بیـری لە سـەرەداوی دەسـتگیر کردنـی هــاوژینەکەی دەکــردەوە، ئەو دەیزانــی هەرگیــز بەلای سیاســەتدا نەچـووە، دەیزانـی و زۆرجـارانیش بـۆی بـاس کردبـوو کە کەسـێك چـاودێری دەکـات، هەمـوو ئەو بیرکـردنەوانە پێیـان دەگـوت دەشـێ کەسێك پیلانی بۆ هاوژینەکەی دانابێت و لێکی دابڕاندبن.

بـابە کلۆڵەکەشـی هەمیشـە لە غەمـی نەوەکـانی دا بـوو، بەتـایبەتی منداڵەکانی عوسمان، هەرگیـز نەیهێشـت بـێ بابیـان پێـوە دیـار بێـت، بەو پیریە خزمەتی دەکردن.

شــاگردەکان دەیــانتوانی کارەکــان بەبەیــاری نەهێڵــنەوە، لــێ کە دەگەڕایەوە ماڵێ هەستی بە بۆشاییەکی گەورە دەکـرد، پێیوابـوو ئەم نیشـتمانە زینـدانێکی گەورەیەو دەبێـت هەمـووان تێیـدا بتـوێنەوەو ئـازاری تەنیـایی و بـزر بـوونی ڕۆڵەکانیـان ببیـنن، غەمەکـان کەڵەکە دەکات و پێچەکانی مردن دەکـاتە قەدبـر، لە هەرکـوێ زینـدان هەبـێ

لەویٚ مردنێکی لەسەرخۆ ئامادەیە، لەهەرکویٚ چەکدار هەبیٚ لەویٚ شەڕ کۆتایی نایات.

لەنێو ئەو غەمە تاقەت پروکێنەدا بوو وەستا لوقمان ڕۆژ بەرۆژ لە کورتی دەدا، پشتی دەچەمایەوەو ئازاری کوڕەگەورەکەی بڕستی لیبڕیبوو، ئەو دەیزانی تێکۆشان بۆ ئەوە نەکرا یەکتری بتوێنینەوە، ڕاوی یەکتر بنێین و بێخەتاکان بکەیە سووتەمەنی، بۆیە درێشەی غەمێکی قوڵ ڕۆژانە لە جەستەی دەچەقی، ئاخر بۆچی خێزانەکەی ئەو ئاوای بەسەر هات؟ پەراگەندەبوون و بەندیخانەش بەشیان بێت، لەکاتێکدا هەموو تەمەنیان بۆ خۆشی ئەوانیدی خەرجکرد، چاوەکانی کز ببوون و چۆکەکانی شل شل، تا شەوێك لە هەمان ژوورو هەمان ماڵ و گەڕەکدا، ڕێك وەکو هاوژینەکەی هەر لە خەودا وەزگیدا و هەڵنەستایەوە، هەواڵی کۆچکردنی هەموو شارەکەی تاساند، ئەو گۆڕەی بۆ کوڕەکەی لێدرابوو بۆ هەمیشە خستیانە ناویەوەو بەبیٚ ئامادەبوونی کوڕەکانی و بەبیٚ یارمەتی وەرگرتن لە کوڕی گەورەی خستیانە جێی ئەو و لەگەڵ هاوژینەکەی لەنێو خاکدا بەیەکتر گەیشتنەوەو ئێستا هەردووکیان بەتەلانی گردێکەوە، کە بایی گردێك غەم و هیوایان لە دڵدا بوو چوونە جیهانەکەی دی، دایك بەهیوای دیتنەوەی هاوسەرەکەی و باب بەهیوای بینینەوەی کوڕە گەورەکەی، کە هەردووکیان بەدەستی براکان خرانە زیندانەوە،

ئێستا ئەوان لە جیهانێکدان کەس نازانێ دوا خاڵی ژیانە، یان دەسپێکی قۆناغێکی دیکەیە لە مردن و زیندان و بزر بوون.

## بەندیخانە گۆڕێکی بەکۆمەڵە و لەمردنت رادێنێ

گڵۆپێکی نیۆن بە میچی ژوورێکی بەندیخانەوە هەڵواسرابوو، هەرچەندە وەستا عوسمان سەرنجی دەدایە رووناکیەکەی نەدەگەیشتێ، بیری لەو گازەی نێو گڵۆپەکە دەکردەوە کە چۆن سارد و گەرم لەم دووریەی نێوانیان کە گەزێك دەبێت دەگەیەنێ و ئەو رووناکییە دروست دەکات، ئاخر هەمیشە رووناکی ژوورە تاریکەکان رۆشن دەکاتەوە کەچی ئەم گڵۆپە پێیەو کەچی روناکیەکەی ناگاتە دەروونی، بۆیە بیری لە دروستکردنی گڵۆپێك دەکردەوە تا نەك دیوێکی زیندان تەواوی شەقامەکان و تەنانەت ئەشکەوتە تاریکەکانیش رووناك بکاتەوە، تا چیدی ماڵ و نیشتمان بەتاریکی نەمێننەوە.

خـۆ ئەو پەنـجەرەیەی بە میچـی ژوورەکەوەیە رووناکیەکی لێـدێ ئەوە رووناکی ژیـانە لەوێـوە جـگە لە ئۆکسـجین جموجـۆڵ هەیەو دەنگی پێی رێبوارانت دێتە بەرگوێ، هەناسـەکانیان لەوێـوە دێ، هەر لەوێـوە ئومێـدی ئـازادی دەپشـکوێ و حەز نـاکەی ئەم ژیـانەی بە سەدان دەردەسەری بەسەرت بردووە جێی بهێڵی.

ئەو دەیزانـی وایەرەکـانی ئەم گڵـۆپە لە قـووڵایی گەچەکەدان تـا بەندیەکان نەتوانن هەڵیکۆڵن و خۆیـانی پـێ بکوژن، نیـۆنەکەش لە بەرزیەو دەسـتیان ناگـاتێ، ئەو دیـوە تـایبەتە بە بەنـدیخانەو داخـۆ چەند کەسی بێخەتای وەك ئەو لێرەدا توابێتەوە.

وەستا عوسمان بیری لە چارەنووسی خۆی دەکردەوە و پێـی سـەیر بوو مردنی جێهێشت، گۆڕی بۆ هەڵکەنراو نەچۆ ناوی، تـوانی ئەوەی دەیەویست بیکا، لێ ئەم نەهامەتییە چیبوو بەسەری هات، داخۆ ئەم ژوورە تـاریکە هەمـان ئەو گـۆڕە نیـیە کە لە خەونەکانیـدا دەیـدی، داخــۆ لێــرە هەمــوو شــتەکان کۆتاییــان دێــت و ئیــدی مــردن بە خێزانەکەی شاد ناکاتەوە، ئێـرە چ دۆزەخـێکە ئەوی لەخـۆ گرتـووە؟ حەزی دەکـرد مردنـی دیبـا لـێ بەنـدیخانەنا، دەیخواسـت بە قسـەی عیرفـانی بـرای کردبـا و بـۆ هەمیشـە ئەو وڵاتەی جێهێشـتبا، ئـاخر لێرە هەرگیز لەخۆت دڵنیانی، هەمیشە تـۆمەت حـازرەو کێیـان بـوێ دەیگرن، دەیکوژن، بزری دەکەن.

زۆر جـارانیش بیـری لە گـۆڕین دەکـردەوەو پێـی وابـوو دەبێـت جـــارێکی دی بەچەك ئەم چەقبەســـتن و نەهـــامەتیەی نیشـــتمان بگــۆڕدرێ وەك چــۆن ئەوان بەچەك نیشــتمانیان کــردۆتە دۆزەخ،

پێویسته هێزێکی نیشتمانی دروست بێت و بازرگانانی شەڕ و خۆفرۆشەکان ئەوانەی سەر بە وڵاتە هەرێمایەتیەکانن بۆ هەمیشە لە دەسەڵات دوور بخرێنەوە، ئەو بەندیخانەی ئەوی تێدایە پڕیکەن لەو خۆفرۆش و بکوژانە .

لەنێو دیوێکی بەندیخانەدا وەستا عوسمانی کارەباچی هەمیشە حەزی لەخەو بوو، تا خەون بە خێزانەکەیەوە ببینێ، ئاخر گلۆپە نیۆنەکە دەروونی رووناك نەدەکردەوە، وەلێ کە خەونی بە منداڵەکانیەوە دەدی خەنی دەبوو، لە دڵیدا چوار گڵۆپ دایسابوو لەخۆشیان هەرچی بۆیان هێنابا دەیخوارد، تا نەمرێ و دەرفەتێك هەبێ بە خانەوادەکەی شاد بێتەوە.

ئەو هەمیشە لەگەڵ هاورێ بەندیەکانی غەمیان بەش دەکرد، رابردووی خۆی بۆ دەگێڕانەوەو ئەوانیش چیرۆکی خۆیان دەکردە کوشتنی کات و زۆر جاران بێزیان لە نیشتمان و حزب و هەموو بەها جوانەکانی ئازادبوون دەکردەوە.

بەڵێنی دا ئەگەر ئەمجارە رزگاری بێت، نیشتمان نەداتەوە ئەوانەی بەهاکەی نازانن و دەیڕوتێننەوە، ئەوانەی هەمیشە لەپیلاندان و لەجیاتی ئاوەدانکردنەوە دەزگا سیخوریەکان زیاد دەکەن، ئەوانەی تاقە برایەکەیان پێبەخێو نەکرا و دایکیان لە خەمان کوشت و بابیان زیندان کردو، ئەوانەی هەڵدایە ئێرە.

بەڵێنی دا چیدی بەدەستی خۆی نیشتمانێك رووناك نەکاتەوە بۆ ئەوانەی لەنێو تاریکیەوە هاتوون، بۆ ئەوانەی لەژێر رووناکیەکەی ئەودا براکان دەکوژن و خەڵکی شوێن بزر دەکەن.

لەنێــو ئەو خەیــاڵانەدا بــوو هــات و لەســەر دیــواری بەنــدیخانە نووسی( من وەستا عوسمانی کارەباچی لەنێو ئەم زینـدانەدا خەتابـار کراوم نەخۆم و نە ئەوانەی گرتووشیانم نازانن هۆکار چییە)

# خەتاکان چەکەکان بەشانەوە هەڵدەواسن

زۆرکەڕەتان بێخەتاکان خەتابار دەکرێن، لەم کاتەدا ژیان جەنجاڵی تێدەکەوێ و خەو نامێنێ، لۆمەی خۆت دەکەی و سەدان پرسیار بەبێ وەڵام دەڕژێنە ناخەوە، چارەسەرەکان چەندیش ئاسان بێت، دەبێتە گرێکوێرەو نابنەوە.

کاك وسوو وەك خەتاباری یەکەم دەهاتە بەرچاو، ریشی هێشتبووەوەو پێی وابوو کوڕی گەورەی شوێنبزر کراوە، برایەکی لە غەمان وەزگی داوە، هەمیشە لە گەڕان بوو، سەری بەهەموو کونەکاندا دەکرد، لەهەر شوێنێك هاوڕێیەکی دێرینی خۆی ئەوانەی لە شاخ بەیەکەوە بوون بدیتبایە دنیایەك گلەیی دەکرد، هەندێکیان

بەڵێنیان دەداو لێ وەك و ئەو هیچیان پێنەدەكرا، بۆیە بڕیاریدا تا نەیدۆزێتەوە ئارام نەگرێ، بەقای بەكەس نەدەكرد و هەستی دەكرد بێدەسەڵاتی ئەو لەنێو پارتەكەیدا كە پێشتر كاری تێدا كردووە، پیلانێكەو كەسێك لە پشتیەوەیەتی، بۆیە بەڵێنی دابوو تا وەستا عوسمان نەدۆزێتەوە سەردانی خێزانەكەی نەكات، خۆ مردنی شەریك و هاوڕێ دێرینەكەی هێندەی دی لۆچەكانی نێوچەوانی زەقكردبۆوە، دەمارەكانی ملی ئەستوور و نێوچەوانیشی گرژ.

## له بەندیخانەیەکی گەورەدا
## سەدان بەندیخانەی بچووك هەیە

ئەو رووناکییەی لە پەنجەرەی بنمیچی بەندیخانەکەوە بە وەستا عوسمان دەکەوت، دەتگوت رووناکی سەر شانۆیەکەو کاراکتەرێکی ماندووی خستۆتە ناو خۆی، جار جار سێبەری باڵندەیەك رووناکیەکەی رادەگرت، ئا لەوێوە هەست بە جوڵەی ئازادی دەکرا، ئازادییەك بەتەنیشتیانەوەو شانی لەشانی بەندیخانەکە دەسوی، لەوێ بە تەنیا نەبوو چەند بەندییەکی وەك ئەو خەریکی رۆڵگێڕان بوون و لەسەر دیواری دیوێکی تاریك کە تەنیا روناکیەك سیماکانی بەیەکتری دەناساندنەوە خەریکی ژماردنی رۆژەکانی ژیانیان بوون، هەبوو چەند هێڵێکی وەك خەتی بزماری لەسەر دیوارەکە دەنەخشاند و هەشبوو وەك هێڵەکانی یاری بالە تەمەنی خۆی

دەخستە سەر دیوارێکی گەچی و لەگەڵ هەر هێڵێکدا تاڵێك لە پرچی سپی دەبوو، خۆ هەشبوو کاتێك بە دیوەکەدا پیاسەی دەکرد هەزاران جار هەنگاوەکانی خۆی ژماردبوو، دەیزانی لەگەڵ هەر هەنگاوێکیدا لەمردن نزیك دەبێتەوەو ئەو رۆژانەی ژیانی لەخۆڕا دەڕۆن و پەشیمانی بەهەموو کارێکی سیاسییەوە دیار بوو، پێشتر لە بەندیخانەکان بۆ بەتاڵکردنەوەی رقەکانیان، بەندکراوەکان بژی کوردستان و شیعری نیشتمانیان دەنووسی، ئێستا چیرۆکی بێخەتایی و پەشیمانی بە دیوارەکانەوە هەڵدەواسن، پێشتر پاسەوانەکان بەزمانێکی دی قسەیان دەکرد، ئێستا هاوزمانن و چاودێری کەسەکانی خۆیان دەکەن، بەنەقیزەیەك وەك مالات پێش خۆیان دەدەن و بە زمانێکی زبریش کەرامەتیان دەڕوشێنن، وەك ئەوەی لەم نیشتمانەدا هەرگیز نابێت بەندیخانەکان چۆڵ بن و دەبێت هەناسە ساردەکانی ژیان دیوە تاك و بەکۆمەڵەکان گەرم کاتەوە.

هەر بەتەنیشت وەستا عوسمانەوە لاوێك لەسەر بابی دەستگیر کرابوو، دەیگوت:

لێرە سمێڵم گوگرە بوون و پێدەچێت هەر لێرەش مووەکانم وەك ریشی وەستا عوسمان سپی بن.

بەتەنیشت دەرگایەکەوە کەسێکی دی کاتەکانی دەژمارد تا دەرگا بکرێتەوەو بەزووترین کات هەوایەکی خاوێن کە پڕبێت لە ئازادی هەڵمژێ.

هاتوچۆی یەك لە بەندیەکانیش جار جار ئەم ڕووناکییەی کەوتببووە سەر وەستا عوسمان پەرتی دەکردو دواتر سیما

ریشاویەکەی کە زۆر لە بابی دەچوو دەردەخستەوە، لە قوژبنێکی دیوەکەدا شەڕوال کورتێکت بەرچاو دەکەوت کە پێیان دەگوت وەهابی، هەر خەریکی نوێژکردن بوو، ئەو رووی لە پەنجەرەکە دەکرد، ئاخر قیبلەو خەونی هەموو بەندیەکان ئەوێ بوو بۆیە ناویان نابوو دەروازەی ئازادی.

پێدەچوو وەستا عوسمان لەمکاتانەدا بیر لە خەونەکانی رابردووی لە چارەنووسی لە منداڵەکانی و هاوژینی بکاتەوە، پێدەچوو خەونەکەی دوێشەوی بیر هاتبێتەوە کە لەنێو دوکەڵێکی چڕدا بوو شەماڵێك هات و تەواوی دووکەڵەکەی بۆ خۆی برد، ئەو دەیویست لێکدانەوەیەکی خێرا بۆ خەونەکەی بکا، وەلێ جموجۆڵی بەندییەکان دەیپچڕاندو ناچار سەرلەنوێ بەسەرەتای خەونەکەیدا دەچۆوەو ئێستاش نەگەیشتە ئەنجام.

ئەم دیمەنانە هەموو رۆژ دووبارە دەبوونەوە، هەموو رۆژ بەدیار ئەم رووناکیەوە کاراکتەرەکان رۆڵیان دەگێڕا بەبێ ئەوەی یەك بینەریشیان هەبێت، وەلێ تا کاتەکان بکوژن خۆیان دەبوونە بینەری خۆیان و کاتێکیش کاتی نانخواردن دەهات، راکێشانی شیشێکی ئاسنین کە بەدەرگای بەندیخانەکەوە بوو سەرنجی هەموویانی بۆ وێ دەبردو ئیدی پەردەی شانۆکە دادەدرایەوە.

دەمێك بوو وەستا عوسمان نانێکی گەرمی نەخواردبوو، زۆر دەمێك بوو ئەوەی وەریشی دەگرت پێی تەواو نەدەکرا و هەمیشە لەبیری خێزانەکەیدا بوو، ئەو رەنگی پێوە نەمابوو، سپی سپی

دەچـۆوە، ریشـێکی درێـژ تـا سـینگی هـاتبوو، رێـك ئەو شـێوەیەی وەرگرتبوو کە بابی لە بەندیخانە ئازاد کرا.

شـــەوێك لەو شـــەوانەی کە بەدیـــار گڵـــۆپێکی نیـــۆنەوە تەواوی بەنـدیەکان خەریکـی رۆڵگێـڕان بـوون، لەنـاوەختی دەنگـی شیشـی دەرگـای بەنـدیخانەکە هـات و چـاودێرێکی رەزاگـران نـاوی عوسـمان لوقمـانی خوێنـدەوەو لەگەڵ خـۆی بـردی، چەنـد پـێچ و پەنـایەکی پێکردو دواتر لەسەر مێزێك دایناو بوخچەیەکیشی لەبەردەمی دانـا و پێـی گـوت ئەوە خـواردنەو کـاك وسـووی دۆسـتت بـۆی نـاردووی، کاتێك کردیەوە چی خـواردنی خۆشـە لەنێـو بـوخچەکەدا بـوو، وەڵێ دەسـتی بـۆ نەبـردو بە چـاودێرە رەزا گـرانەکەی گـوت: ئەگەر بکـرێ دەیبەمەوە ژوورەکەی خۆم و لەوێ لەگەڵ برادەرەکانم دەیخۆین.

چاودێرەکە گوتی:

دەبێت پرس بە ئەفسەری ئێشکگر بکەم.

چاودێرەکە رۆیشت و وەستا عوسمانیش ئاهێکی هاتەوە بەرو زانـی ئیدی کاك وسوو بەشوێنەکەی زانیوەو وەکو بـابی ئـازادی دەکا، ئەو لە بەندیخانە راهاتبوو ئەگەر دیتـنەوەی دوو منـداڵ و هاوسـەرەکەی و بـابی نەبـا هەرگیـز حەزی نەدەکـرد لە بەنـدیخانەیەکی بچـوکەوە بیگـوازنەوە بەنـدیخانەیەکی گەورەتـر، ئەو دەیزانـی ئیـدی دەبێـت لەژێر سێبەری ئەم دوو پـارتەدا هەردەبێت یەکیـان هەڵبژێـری دەنـا ئەگەر نەتکـوژن تـــۆمەت زۆرە تـــا بتگـــوازنەوە بـــۆ بەنـــدیخانە بچووکەکان.

وەستا عوسمان لەنێو ئەو بیرکردنەوانەدا بوو کە ئەفسەرێکی سێ ئەستێرە کە تەمەنی شتێك لە کوڕەکەی ئەو گەورەتر بوو، هێشتا سمێڵی بەتەواوی گوگرە نەببوو هات و بەڕوێکی خۆشەوە پێیگوت:

ئەگەرچی بردنە ژوورەوەی کەوچك و قاپی شوشە و ئەوانە قەدەغەن، بەڵام بڕیاری کاك وسویەو پێمان رەتناکرێتەوە، هێشتا ئەو بەسەرکردەی خۆمان دەزانین و دەتوانی لەگەڵ ئەوان دانیشی بەڵام ئەم چاودێرە لەگەڵتان دەبێت.

وەستا عوسمان زۆر دڵی خۆش بوو ئیشتیای کرایەوەو پرسی دەتوانم کاك وسوو ببینم؟

ئەفسەرەکە گوتی ئەمشەونا سبەی لە دەرەوەی ئەم بەندیخانەیە دەیبینی.

وەستا عوسمان پرسیاری دی نەکرد، چونکە فرمێسکەکان ریزریز دەچۆڕانە خوارێ، بۆ ئەوەی بەو لاوازییە نەیبینن خۆی بە گرێی بوخچەکەوە خەریك کرد، بەبێ ئەوەی بزانێ خەریکی گرێدانەوەی بوو، نا دەیکردەوەو گرێی دەدایەوە تەواوی بۆنوبەرامەکان نەیانتوانی فرمێسکی پێبوەستێنن، زانی کاك وسوو چی بۆکردووە، زۆر بەخێرایی و لەماوەی چەند چرکەیەکدا خەونەکەی دوێ شەوی بەهزریدا رەتبوو، چارەنووس خۆی پیشاندایەوەو بزر بوو، ئیدی چاودێرەکە رۆشت و چەند کورسیەکی زیادەی هێناو دواتر تەواوی بەندییەکانی دیوی وەستا عوسمانی هێنایە سەر مێزەکەو دەستیان بەنانخواردن کرد، تا تەواو تێر بوون و هەر بەبڕیاری ئەفسەرەکە سەرو چای شیرینیان بۆهات و دواتر پاکەتێکی غەندانیان دانێ و

ئەوانەی جگەرەخـــۆر بـــوون ســـەرو جگەرەیـــان پێکـــرد، وەســـتا عوسمانیش هەر بۆ خۆشی لەگەڵ وان جگەرەیەکی پێکرد، دووکەڵ تەواوی ژوورەکەی داگرت هێند بە ئیشتیاوە دەیانکێشا وەك ئەوەی هەر هەموویان ئازادیان دۆزیبێتەوە.

لەو چرکەساتەدا بوو وەستا عوسمان چەند دڵۆپێك فرمێسکی دی رژایە ســـەر ریشـــە مـــاش وبـــرنجیەکەی، ئیـــدی کەس نەیزانـــی ئەم فرمێسـکانە لەخۆشـی دیتـنەوەی خێـزانەکەی بـوو یـان دڵتەنگـی بەجێهێشتنی هاورێ بەندییەکانی ؟ لێ هەمیشە لەنێو مێشکیدا لە نهێنـی هۆکـاری دەسـتگیرکردنی دەگەڕا، لە نهێنـی خەونەکـانی کە دوێشـەو شـەماڵێك هـات و دووکەڵـی ئەم ژوورەی هەمـووی بۆخـۆی بـرد، دووکەڵێـك زۆر لەو دووکەڵە دەچـوو کە لە سـووتانی پـاکەتە غەنـدانەکەوە هەڵدەسـتا، لەو دووکەڵەی لەنێـو سـییەکانی وەسـتا عوسـمانەوە دەردەچـوون و بە پەنجەرەیەکـی ئاسـنینەوە خۆیـان دەگەیاندە دەرەوەی بەندیخانە..

# دوو گڵکۆ بە تەلانێکەوە بەفرمێسک دەڕشێنرێن

هەواڵە خـــۆش و ناخۆشـــەکان خەو بۆخۆیـــان دەبەن، لەنێـــو بیرکـردنەوەدا نقـوم دەبـی و نـاتوانی جەسـتە ئـارام کەیەوەو لەنێـو خەوێکدا مردن ببینـی، یـان خەونێـك ژیانـت بـداتێ و هەنـدێجاریش لێت بستێنێ، ئەو شەوە وەستا عوسمان نەیتـوانی بـخەوێ تـا خەون ببینـــێ، نەفرمێسکیشـــی دەوەســـتا، تابەیـــانی چاوەکـــانی بەنێـــو دیوارەکانــدا دەگێــڕا و یادەوەرییەکــانی دەخوێنــدەوە، هەنــدێکیان بەنینـۆك هەڵقەنـدرابوون و بێخەتـایی کەسـەکەی تێـدا نووسـرابۆوە، هەنــدێکیان رۆژمێــر بــوون و چیرۆکــی ژێردەســتەیی هەرێمێکــی ژێردەستی تێدا توابۆوە.

ئەو خەوی لێـنەدەکەوت ئـاخر نەیـدەزانی بـۆ ئـازادبوونیەتی خەو لێی یاخی بووە یان جێهێشتنی هاوڕێیەکانیەتی، نا نەیدەزانی کاتێـك دەگــاتەوە مــاڵ ســەرەتا خێــزانەکەی لەبــاوەش بکــا یــان بــابی و

منداڵەکان؟ داخۆ دەیناسنەوە؟ بڵێی منداڵەکانی لێی نەترسن؟ یان باوەشی گەرمی منداڵەکانی و هاوسەرەکەی ژیری دەکەنەوە؟ لەنێو ئەم بیرکردنەوانەدا بوو شەو تا دەهات درێژ دەبۆوە، بایی هەموو ساڵەکانی زینـدانی بیـری کـردەوە، تـا لە پەنـجەرەی بنمیچـی دیوەکەیەوە وردە وردە رووناکی دەرکەوت و بەوەستا عوسمانی گوت ئیـدی جـارێکی دی رۆژ بـۆوەو پێـدەچێت دوایـین کاتژمێرەکـانی بەندیخانەت بێت.

لەنێو ئەم چاوەڕوانیەدا بوو هاوڕێ بەندییەکانی لەخەو هەستان و هەریەکەو داواکاریەکیان هاویشتە هزری وەستا عوسمانەوەو ئەویش بەڵێنی جێبەجێ کردنی دا، تا ئەوکاتەی کاتی نانی بەیانی هات و هەمـووان بەیەکەوە نانیـان خـوارد جگە لە وەسـتا عوسمان هەرچی دەکـرد نەیـدەتوانی نـان بخـواو بەردەوام لەنێـو گومـانێکی تـاقەت پروکێنـدا بـوو، هەر لەخـۆیەوە بەو ئـازادییە دڵخـۆش نەبـوو، ئـاخر قەدەری ئەو وایە، نـا تەواوی ئەم نیشـتمانە وایە، هەمـووان دەبێـت لەژێردەستەیی بێت یان ئازادی بەندیخانە ببینن، ئەو بەنـدیخانانەی بزرن و شوێنی بێخەتاکانە.

ئەم بەیانییە بۆ دووەمجار شیشی دەرگای زیندان کـرایەوەو کاتێـك هەموو ئاوڕەکان چوونە سـەر دەرگـا، پاسـەوانێك و پیـاوێکی ریشـدار هاتنە ژووری، بەبـێ نـاو خوێنـدنەوە و هـیچ پێشـەکیەك ریشدارەکە باوەشی بە وەستا عوسمانی ریشندا کردو لەنێو ژووری زینداندا کاك وسوو و وەستا عوسمان یەکتریـان ناسـیەوەو تـاوێکی بـاش یەکتریـان ماچ کرد.

کاك وسوو پیلی وەستا عوسمانی گرت بیباتە دەرێ، بەڵام وەستا عوسمان تەواوی بەندییەکانی هاوڕێی ماچ کردو دواتر لەنێو فرمێسکی شیرین و سوێردا، بەبێ دادگایی و لێپێچینەوە و هیچ بێنەو بەردەیەك، بەبێ لێبوردن و پاداشت و هیچ قەرەبوویەك، یان چەند سوپاسێکی هاکەزایی دەرگای گەورەی زیندانێکی گەورە کرایەوەو جگە لەوەی مووە رەشەکانی لەوێ جێهێشت، ئازادیەك کەزۆر دەمێك بوو نەیدیبوو بەرووخسارە سپیەکەیەوە نووسا، خۆر لە دەرێ نەبوو نمەی باران شانوپیلی هەردووکیانی تەڕ کرد، بۆنی باران و خۆڵ سییەکانی پڕکردبوو، لەخۆشیان دوو دڵۆپ فرمێسك رژانە سەر کوڵمەی، وەلێ بەهۆی بارانەکەوە هەستی پێنەدەکرا، هەر لە دوای ئەوە دەرگای لاندگرۆزێکی میچ بەرزیان بۆ وەستا عوسمان کردەوەو بەڕۆژی رووناك لەبەرچاوی چەندین پاسەوان تەنها دوو پیاو سواری ئۆتۆمبێلەکە بوون و لە بەندیخانەوە بەرەو شاری بابانیەکان و لەوێشەوە بەرەو شاری نامرێ خەریکی بڕینی رێگە پێچەکان بوون، نقە لە هیچیانەوە نەهات، هەردووکیان خۆیان بەشەرمەزار دەزانی، وەستا عوسمان لەدڵیخۆیدا دەیگوت ئەوە چەندین جارە ئەو پیاوە ماندوو دەکەین و داخۆ دەستی چەند کەسی ماچ کردبێ؟

کاك وسووش پێی وابوو باب و کوڕ لەسەر ئەو دەستگیر کراون و دەنا ئەوان هەرگیز توخنی سیاسەت نەکەوتوون، لەنێو ئۆتۆمبێلەکەدا وەستا عوسمان جگە لەبیرکردنەوە نەرمایی کوشنەکان کە دەمێك بوو لەسەر دۆشەگێکی وانەرم دانەنیشتبوو

هەســتێکی خۆشــی دەدایە، بەڵام بەتــاڵوکە بــوو بگــاتەوە مــاڵ و خۆشــیەك هەمــوو ناخۆشــیەکانی بیربــاتەوە، تــا گەیشــتنە کــانی وەتمان، نقە لەهیچیانەوە نەهات، لەوێ بۆ نانخواردن دابەزین، ئیدی پێش ئەوەی خواردنیان بۆ بێـت، کەوتـنە هەڵڕشتنی رازو نیازەکـان، کــاك وســوو دەیزانــی وەســتا عوســمان نــازانێ بــابی مــردووە بــۆیە کەوتبووە گومانێکی قوڵەوە، ئاخر باب و کوڕ هەردووکیـان لە دەمـی ئەوەوە دەبێـت مردنــی ئازیزەکانیــان گــوێ لێبێـت، ئەوە زۆر گــران لەسەری دەکەوێ و هەر بەراستیش بەهەموو کەس ناکرێ.

کاتێك هاتە سەر هەواڵپرسین وەستا عوسمان بە کاك وسووی گوت بابم زۆر پیر نەبووە؟

کاك وسوو: عوسمانی کوڕم هەواڵ زۆرن و دەبێـت دوای نـانخواردن لە رێیە هەموو شتێکت بۆ باس دەکەم.

بەتایبەت نهێنی دەستگیرکردنی تۆ لای مـنەو لە دەرفەتێکدا بـۆت دەگێــــڕمەوە، هەروا خێــــزانەکەت زۆر باشــــن و لە یەکەم رۆژی دەستگیر کردنتەوە خوشك و برایەکی هاوسـەرەکەت چوونەتە لای و بێتۆییـان پێـوە دیـار نەبـووە، شـاگردەکانت وەك گـوڵ دووکانەکەیـان بەڕێـوە بـردووە و بەردەوامـن، منـیش لەورۆژەوەی تـۆ دیـار نەمـای پشووم نەداوەو لە هەموو دەرگاکانی حکومەت و جەدەلیەکانم دا، تـا تۆم دۆزیەوە.

ئێستا تەواو لەم بارودۆخە بێئومێدم و نەخشـەیەکی نهێنـی لەنێـو هزرمدا دێت و دەچێت و لەکاتی خۆیدا هەموویت بۆ باس دەکەم.

وەستا عوسمان ڕێك وەكو بابی هەستی بە بۆشاییەك كرد لەنێو وەڵامەكان، بەڵام نهێنی دەستگیر كردنەكەی و زانینی هۆكارەكەی هەواڵی پرسینی بابی لەبیر بردەوە.

دوای نانخواردن پشوویەكی باشیانداو ئیدی ڕێگە پێچەكانیان گرتەوەبەر، لەنێو ئۆتۆمبێلەكەدا كەسیان قسەیان نەدەكرد، باران وەك كونەدەی سەربەرەوخوار دەباری، فلچە فریا نەدەكەوت و دەتگوت ئاسمان كون بووە، وەستا عوسمان بیری لە یەكەم ساتی بەیەك گەیشتنی خۆی و بابی و منداڵەكانی و هاوسەرەكەی دەكردەوەو، پلانێكی دادەنا تا هەرگیز كۆرپەكانی هەست بەلاوازی ئەو نەكەن.

كاك وسووش لەنێو بیركردنەوەی خۆیدا، لەنێو نائومێد بوون و گەیاندنی هەواڵێكی دڵتەزێن و بەرەڵڵایی نیشتماندا خەریكی كێشانی نەخشەیەكی تۆڵەستێن بوو لە هەموو ئەوانەی بازرگانی چەكن و پێشمەرگەیان كردۆتە چەكدار و خۆفرۆشەكانیش خەباتگێڕ، لەم نێوەدا خەڵكی باش و بێخەتای وەك عوسمان و بابی دەئاخننە زیندانەكانەوە.

پێش ئەوەی بگەنەوە شار ڕێك وەك جاری پێشوو كە وەستا لوقمانی لە زیندان هێنایە دەرێ و ڕوویان لە گۆڕستان كرد، پێش ئەوەی سنووری گۆڕستان ببینن، ئەوجارەش بەدەستی ڕاستدا بایدایەوە گۆڕستان و وەستا عوسمانی بردە سەر ئەو گۆڕەی بۆ خۆی هەڵكەنرابوو كەچی بابی خۆی خستە ناوی.

بەم پێچکرنەوە وەستا عوسمان دڵی خورپەی کرد، لێ هیچ پرسیارێکی نەکرد، تا گەیشتنە سەر گۆڕستان و کاتێك عوسمان دوو گۆڕی بەتەنیشت یەکەوە دی فرمێسك لە بارانەکە زیاتر باری.

لەوێ فرمێسکی دوو پیاو دڵۆپ دڵۆپ دەوەرینە سەر دوو گڵکۆ و گڵکۆکانیش نەرم نەرم فرمێسکەکانیان دەمژی، ورتە لە دەمی هیچیان نەدەهاتە دەرێ، وەلێ وەستا عوسمان خۆی پێڕانەگیرا و بەدەنگێکی پیاوانەوە دەستی بەگریانێك کرد بەردی دەتواندەوە، گریانێك دنیایەك بێهیوایی لێدەباری، دەنگێك هەموو چیرۆکی رۆژەکانی زیندانی بۆ بابی دەگێڕایەوە، ئەم گریانە بەنێو گڵکۆکاندا دەڕۆیشت و لەنێو سینگی داکوبابیدا بەتاڵ دەبوونەوە، گریانێك تەواوی کێلەکانی ئەم گۆڕستانەی دەلەراندەوەو بە هەمووانی دەگوت یاساکانی مردن زۆر خاوێنترن لە یاساکانی سەر زەوی و ئەوەتا منێکی بێخەتا لەسەر ئەم نیشتمانە ئاڵۆزەدا زیندان جوانییەکانی بردم و تەنانەت ئامادەی ناشتنی بابیشم نەبووم، هەروەك چۆن بابم لە ناشتنی داکمدا ئامادە نەبوو.

گریانێك دەگریا وەك ئەوەی بڕبڕەی پشتی شکابێ، وەك ئەوەی ئیدی پشتو پەناکەی کەوتبێ و نەتوانێ هەرگیز وەکو جاران بژی، بێهێزییەك ناخی هەڵتەکاند، بەجۆرێك دەگریا ئاسنی دەتواندەوە.

ئەم گریانەی وەستا عوسمان، نەخشەکانی ناو هزری کاك وسووی تێکوپێك دەداو بەردەوام خەریکی لۆمەکردنی خۆی بوو، رقی بەرامبەر چەکدارەکان ئەستوورتر دەبوو، لەهەمان کاتدا خۆی بۆ بەریەککەوتنی زیندانییەك و خێزانیك ئامادە دەکرد، کە هەموو

خەتایەکانی لەو شەوەدا کۆکردبۆوە کە بەخۆی و چوار پێشمەرگەوە خۆیان بە ماڵی وەستا لوقماندا کرد، ئیدی نەهامەتییەکانی ئەم خێزانە بێگوناحە لەوێوە سەریهەڵدا، خەتایەك مەگەر تەنیا لەم نیشتمانەی ئێمە هەبێ.

## چارەنووس لەگەڵ هەر ئازادییەکدا قوربانییەکی دەوێ

وەستا عوسمان هێندە فرمێسکی رشتبوو بایی منداڵەکانی نەهێشتبووەوە، کاتێک گەیشتنەوە بەردەرگای ماڵێ و لە دەرگایاندا کوڕەکەی کردیەوە، خۆی بەباوەشی بابیدا کردو بە دەنگێکی نووساو ئاوێتە لە گریان و خۆشی بانگی دایەی کردو هەردووکیان لە خۆشی ئاوەدانبوونەوەی ماڵێ لە پڕمەی گریانیاندا و ئیدی تەواوی جیران و شاگرد و کەسەکانیان بەسەر وەربوون.

وەك ئەوەی ئەم ماڵە هەمیشە لیوانلێو بێت لە مردن و بەیەکگەیشتنەوە، وەك ئەوەی چارەنووس لەوێ لە ناوی ناوەوەی ئەم ماڵە سەریهەڵدابێ، وەك ئەوەی لەگەڵ هەر ئازادیەکدا قوربانیەك هەبێ، مردن تەنیا بەوان بوێرێ و وردە وردە بۆخۆیان ببا.

## ڕووناکی دەمامکی خیانەتکارەکانی لادا

هاتنەوەی وەستا عوسمان هەمووانی دڵخۆش کردبوو جگە لەخۆی، ئاخر هەمیشە بیری لە چارەنووس دەکردەوە، پێی وابوو ئەم گۆڕانە تەنیا لە ئایندەی نەکراوە ئەوەتا بەندیخانە لە بری قوتابخانە هاویشتویەتییە نێو بەندیخانەیەکی گەورە و دەبێت جارێکی دی دژی چارەنووس و ئەو ناهەقیانەی بەرامبەری کراوە راوەستێتەوە، ئەگەرنا بەردەوام گەمە بەژیانی دەکرێت و دوور نییە لە ڕووداوێکی وەك ئەوەی سەر ستوونی کارەبا و کەوتنی ئارمی حزبێك بەیەکجاری لەناوچێ، ئەو دەیزانی لەم نیشتمانەدا تەنیا شوێنێك ئازادی ببەخشێ ئەشکەوت و لوتکەی چیاکانە، لەوێ دەتوانی چارەنووس بگۆڕی، ئازادی ببینیەوەو نیشتمانیشت خۆش بوێ، بۆیە بڕیاریدا ئیدی لەدەمی کاك وسوەوە راستییەکان ببیستێ و دوای ئاسایی بوونەوەی ماڵەوەیان و کۆتایی هاتنی میوانەکان، شەوێك بەماڵەوە چۆ ماڵی کاك وسوو، ئیدی بەتەنێ لە ژوورێکدا هۆکاری دەستگیر کردنی لێ پرسی و ئەویش کە هێشتا ریشی نەتاشیبوو گوتی:

چەکدارێك، هەر لەمنداڵیەوە جاش بووەو خیانەت لە خوێنیدا تێکلاو بووە، ئاغایەکانی نێو دیوەخانەکان فێریان کردووە هەرچی کاری باشە نەیکا، پشکۆی شەڕ خۆش بکات و لەکوێ پارتەکانی پێناشیرین بێت ئەو لەوێ کێشە دروستکا، بەرپرسەکەشی چونکە وەك تولە بۆ بەرژەوەندی خۆی بەکاردێنێ بۆیە چاوپۆشی لە هەڵەو کەموکورپیەکانی دەکا.

ئەو تولەیە پێشتر کاری جاسووسی کردووەو ئێستاش لەنێو دەزگایەکدا هەمان کار دەکات بۆیە سەدان لایەنگری پارتەکەی منی رەنجاندووە بەمنیشەوە، هۆکاری دروستکردنی هەموو ئەو نەهامەتیانەیە کەبەسەر تۆ و دەیانی دی هاتووە، ئەو جیرانی ماڵی خەزوورت بووە، چەندین جار خوازبێنی ژنەکەی تۆی کردووەو شووی پێنەکردووە، ئەم رقە لە دڵیدا چەکەرەی داوە، ئاخر خەزوورت لەمن باشتر دەیزانی لە سەردەمی بەعسدا جاش بووە، چۆن کچی خۆی دەداتە خیانەتکارێك؟

کاتێك کاك وسوو ئەو قسەیەی لە دەم دەرچوو، بە ئاشکرا دەمارەکانی نێوچەوانی وەستا عوسمانت دەدی ئەستوور دەبوو، لالێوێکی بەلەرزین کەوتبوو، چاوی سوور ببوونەوە، هەستی دەکرد جگە لە تۆمەتی سیاسی ئەوە خەریکن دەست لە نامووسیشی وەردەن، ئا لێرەوە رقەکان تەنیا ئەستوور نەدەبوون، رەگیان شۆڕ دەبۆوە نێو دەمارەکانی و لێوەکانی و دەستی بەلەرزین خستبوو، هەناسەی کەمتر دەدا تا گوێی لە هەموو شتێ بێت.

كـاك وسـووش بەردەوام بـوو: لەوێـوە و دوای ئەوەی تـۆ ژنـت گواسـتەوە، دەسـتی بە دژایەتـی تـۆ کـردووە، چـونکە تۆیـان لەو بەپیاوتر داناوەو هەڵبەتە هەرواش بووە.

دوای بەدواچـوونی ورد بۆمـدەرکەوت کاتێـك تـۆ کارەبـای نەخۆشـخانەت چـاکردۆتەوە ئەو سـرکێتەکەی هەڵـداوەتەوەو هەر ئەویش هۆکاری سەرەکی دەستگیرکردنی تـۆ بـووە، چونکە هەمیشە چاودێری کـردوی و لە پیلانێـك گەڕاوە تـا بەرپرسە بازرگـانەکەی بـاوەڕی پێبکـا، هەروا لە ئـاهەنگی ژنگواستنەوەشـت ئەو تەقەکـانی کردوەو ئەو هۆکاری زۆرینەی ئەو کێشانە بـووە بەسـەر ماڵبـاتەکەت هـاتووە، ئەوەنـدەنا دوای ئەوەی تـۆ باڵەخـانەکەت دایـنەوەو تەواوی گڵۆپ و رووناکیەکانـت بـۆ تـاقیکردینەوە، بـۆ سـبەی ئەم چەکـدارە زۆریـنەی تێکدابوو، ئەوجا بەسـەر تۆشـیدا هێنـا، زۆرینەیـان زانیـان ئەوە دەسـتەو پەیوەنـدی بەتـۆوە نیـیە، هەر ئەو فەرخە جاشـە کە داردەستی بازرگانێکی شەڕە، هەڕەشـەی لە شاگردەکانیشـت کـردووە و کوڕی خەزوورت هـات و سـکاڵای لای مـن کـرد، ئێسـتا مـن لە خەمـی ئەودام و بەتایبەتیش ئەو بەرپرسەی پشگیری دەکات.

ریشـم ناتاشـم تـا هەمـوو شـتێك یەکـلا دەکەمەوە، زۆر جـاران پەشـیمانم لەوەی وازم لە سیاسـەت هێنـاوە بمزانیبـا تـا ئەو سـەگە پیرە و تولەیەم لەناو نەبردبا دانەدەنیشتم.

وەستا عوسمان هەموو دەمارەکانی هەستابوون، بـۆ یەکەمجار بـوو بیر لە چەك هەڵگرتن و تۆڵە بکاتەوە، بۆ یەکەمجاری بوو بێـزی لە نیشـتمان و سیاسـەت بێـتەوە، ددانـی جیـڕەی رۆژە رێـیەك دەڕۆیـی،

چاوی سوورو هزری هیچ بەزەییەکی تێدا نەما بوو، ئەگەر کاک وسوو ئارامی نەکردبایەوە دوور نەبوو هەر ئەوکات هەستاباو ئەو کوڕەی کوشتبا، بەڵام کاتێک کاک وسوو زانی وەستا عوسمان زۆر تێک چووە، گوتی:

دەمێکە نەخشەیەکی باشم داڕشتووە بۆ کۆتایی هێنان بەهەموو ئەو نایەکسانی و گەندەڵی و تاوانانەی دەکرێت، ئارامبەوە هەموو شتێك بەدڵی ئێمە دەبێت، تۆ لەسەر کارەکەت بەردەوامبە تا ئەو رۆژەی بەیەکەوە بڕیارێك دەدەین، دڵنیابە ئەوەی بەسەر تۆ هاتووە سبەی بەسەر منیش دێت، بۆیە پێش ئەوەی بارودۆخەکە شێلوتر بێت، پلانەکە جێبەجێ دەکەین و لێ نابێت پەلەت هەبێ.

وەستا عوسمان هەوڵیدا ئەو کەسە بناسێ کە لەپشت هەموو ئەو پیلانانەوەیە، بەڵام کاك وسوو پێی نەگوت و دڵنیای کردەوە لەکات و ساتی دیاریکراودا زیاتر لەوە دەزانێت و تاوانبارەکانیش بەسەریانەوە ناچێ، پێی گوت:

لەنێو گەنم و شینایشدا گیای زیانبەخش دەڕوێن، دەبێت ئەم نیشتمانە بژار بکرێت، ئەوەش کاتی دەوێ نابێت هیچ بەهانەیەك بدەینە دەستەوە، ئەگەر تا دوێنێ ئەم کەسانە چاودێریان کردووین ئیدی کاتی ئێمەیە، چما هەرتۆ نیگەرانی ئەمن وەك پێویست نانیشم بۆ ناخورێ خەوم نەماوەو هەمیشە زیندە خەون خەوم دەتۆرێنێ.

# لەمێزگرتنی منداڵ مرۆ و سروشت ئاشتدەکاتەوە

گـۆڕانێکی ریشـەیی بەسـەر وەسـتا عوسـماندا هـاتبوو، لە جیـاتی ئەوەی بەنـدیخانە ببێـتە قوتابخـانە کەچـی ئەو رقـی ئەسـتوورترو بیری تەسکتر ببۆوە، هەمیشـە لەنێو خەیاڵەکانیـدا بـوو، پێشـتر کە خەون ئەوی هەراسـان کردبـوو، ئێسـتا سـاڵەکانی بەنـدیخانەو خەتایەکـان ئەوی سـەرخۆش کـردووە، پێشـتر لەنێـو پەنجەرەیەکـی بچووکی ئاسنینەوە رووناکی هەموو جیهانی بۆ دەهـات، ئێسـتا لەنێـو رووناکیـدا هەسـت بە دیـل بـوونی خـۆی دەکـات، پێـی وایە ئەم بەنـدیخانە گەورەیە هەمـوو کاتەکـانی شـەون، چـۆن دەبێـت ئـازادی بەندیخانەی هەبـێ؟ جوانییەکـانی لاوی ئەم وڵاتە لەنێـو دەریاکـان و تاریکیدا بڕاکێن؟

خۆ هەندێ جاریش لەخۆشی دیتنەوەی خێزانەکەی کەوتبووە نێـو کەشێکی ئارامەوە، وەلێ کاتێك مردنی باوکی و پیلانی چەکدارەکەی

بیـر دەکەوتەوە، کاتێـك تێگەیـی هەوڵـی کوشـتنی دراوە بەئامـانجی گەیشـتن بەو خۆشەویسـتەی کە چارەنووسـی گـۆڕی و هەمیشـە لە خەونەکانیدا دووبارە بوونەوەی هەبوو، خـوێنی دەکوڵی و دەیویست هەرچی زووە تۆڵەی هەموو ئەو ناخۆشیانە بکاتەوە کە لە رابردوودا دیـونی، ئـاخر ئەو هەرگیـز زیـانی بـۆ چـۆلەکەیەك نەبـووە، ژنـی هەڵنەگرتـوەو مـاڵی کەسیشی نەخـواردووە، بۆ دەبێت لە سـەردەمی ئازادیدا کە خەونی هەمووان بوو بەتایبەت بابی ئاوای بەسـەر بێت، زینـدانی بکـرێ و کەس نەڵـێ ببـوورە، خەتابـار پێبکەنـێ و ئەویـش جوانییەکانی لە بەنـدیخانە بەجـێ بمێنـێ، منـداڵەکانی بـێ بـاب و بـابەگەورە گەورەبـن، ژنەکـان بەدیـار هـاتنەوەی هاوسـەرەکانیان فرمێسـك بـوەرێنن، ئەلفـوبێی سیاسـەت نەزانـێ و بەزۆر بـیکەنە سیاسـی، خوێنـدنی ببێـته قوربـانی و نەخوێنـدەوارەکانیش کاربەدەست.

وەسـتا عوسـمان خەوی لێـنەدەکەوت، هەمیشـە بیـری لە ئاینـدەی منداڵەکانی دەکردەوە، لە خۆی و ئەو خەتایانەی پێیانەوە نووسـاند، ئەوەنـدەی کە دەشنووسـت هەرگیـز خەونـی نەدەدی وەك ئەوەی چارەنووس ئایندەی بزر کردبێ و رابردووشی هەڵپەساردبێ، کاتێـك سـەردانی شاگردەکانیشی دەکـرد دەسـتی چەکـوچ گرتنـی نەمـا بـوو، وەك ئەوەی هەرگیز یەك کلێبسی دانەکوتابێ، هەرگیز وەیـاری رووت نەکردبـێ و یەك دیویشـی رونـاك نەکـردبێتەوە، لەجیـاتی ئەوەی لە غەمی چارەنووسدا چەکوچ لە دەستی خۆی بدا، ئێستا لە غەمی ئەو تۆڵەیە دەستی چەکوچیش ناگرێ.

شـاگردەكانیش هەسـتیان بەوە كردبـوو، بـۆیە تەنیـا دڵخۆشـیان دەدایەوە، لەراسـتیدا ئەوانـیش ترسـیان لێنیشـتبوو، لەوەی تۆمەتێـك بـۆ ئەوانـیش دروسـتكەن و لە رووداوێكـی نەخـوازراودا سـەریان تیـا بچێ، یان بیـانخەنە بەنـدیخانەوە، بەچـاوی خۆیـان بـاب و كوڕێكیـان دی رفێنـران و لەنێو بەندیخانەدا ریشیان سپی كـرد، كـاتێكیش ئـازاد بوون كەس نەیگوت ببوورن بێخەتـا بـوون، ئـاخر ئەوانـیش پێشـتر، یەكیان لەنێو مەوالییەكان كاری كردوەو ئەویدیشیان لەنێـو پـارتێكی زەحمەتكێشدا بووە، بـۆیە گومـان ئەوانیشـی لەسـەر كارەكەیـان سـارد كردبـوەوە، بەڵام باشــتر كــردن و گــۆڕینی داهــاتوو گەرم گەرمــی كردبوونەوە.

## پاسەوانەکانی چیا
## لە زالکی ئەشکەوتەکانەوە سروودی ئازادی دەچڕن

لەنێـو خـانووێکی چۆڵـدا کە هێشـتا یەك وایەریـش بـۆ روونـاك کــردنەوەی رانەکێشــرابوو، فانۆســێك ســێبەری چــوار کەســی دەلەرانــدەوە، بەچــرپە لەگەڵ یەکتــری دەدووان وەك پلانێــك بــۆ رووناککردنەوەی دیوەکانی ئەم خانووە دابڕێژن.

## چۆرە چۆڕی کانیەکانن
## هاشەی رووبار دروست دەکەن

ئەو تاریکیەی وەك بارانی سەربەکڵاوە بەسەر نیشتماندا دەڕژا، ( رووناکی مۆمێك دەیتوانی کۆیکاتەوە) وەلێ ئەوان بەسەر دارتێلەکانەوە خەریکی بەستنی ئەو گڵۆپانە بوون کە نەك هەر شەقامەکان کۆڵانە تەنگەکانیشی رووناك دەکردەوە، خەریکی خاوێنکردنەوەی پەڵەی سەر دارتێل و تێلەکان بوون، ئەوانەی وەك داوی جاڵجاڵۆکە بەوێوە ئاڵابوون و رەنگەکانیان ناشیرین کردبوو، خەڵکیان توورە دەکرد، بۆیە هەرگیز سەریان هەڵنەدەبڕی.

گڵۆپەکانی نێو شەقامەکان زۆرینەیان سووتا بوون، بۆیە لە هەڵمەتێکی وەستا عوسمان و شاگردەکانی کە زۆر بەگەرم و گوڕیەوە دەستیان پێکردبوو ئەوەی گۆڕیان ئەوانی دیان چاکردەوە، شار رووناك بۆوە و هاوڵاتیان بەسەرنجەوە لەو گەرم و گوڕیەیان دەڕوانی، کەچی تاریکیەك لەنێو دەروونی تاکەکان رووناکیەکانی قوتدابوو، لە دەرفەتێك دەگەڕان تا سەرچاوەی تاریکیەکان راونێن و چیدی شیشۆق و قەوانی بەتاڵ لەسەر شەقامەکان هەڵنەڕژێن،

چیدی ستارەکان کون کون نەبن و لە پەناوپەسیوەکان خوێن نەڕژێ، بەنــدیخانەکان لە خەڵکــی بێتــاوان بەتــاڵ بکــرێن و نیشــتمان بۆهەمــووان بێـت نەك دوو پـارت قۆچـانەکەی بخـاتە سـەر خـۆی و بەشێکی بکاتە زبڵخانەو ئەوی دیش بفرۆشێ.

دەستەکەی وەستا عوسمان لە هەر کونجێکی ئەمشارەدا گرفتێکی کارەبایان هەبـوو هەر هەموویـان چاککردەوە، سـەرەتا شـاریان لەنێـو رووناکیدا نقووم کرد، وەلـێ نەیـانتوانی دەروونـی خەڵکەکە روونـاك بــکەنەوە، بەجۆرێــك کاریــان دەکــرد وەك ئەوەی پێشــتر هــیچ روینەدابــێ، ئەو بەنە رەنگـاو رەنــگ و رزیــوانەی بەســتوونەکانەوە بــوون، ئەوانەی ئـاڕمی پارتەکـان بـوون و لەسـەردەمی هەڵبــژاردن هەڵیانواســیبوو، بەئاشــکرا لێیــان دەکــردەوەو فڕێیــان دەدا، وەســتا عوســمان لەبەرزی دارتێلەکـانەوە چـاودێری کەسـێکی دەکـرد و هەر لەوێوە وەك هەڵۆ سەرنجی دەچۆ سەر هەرکەسێك چەکدار با.

کــاك وســووش بەرگێکــی خــاکی لەبەر بــوو، بــن پشــتێنەکەی هەڵاوســابوو لە دووری دوورەوە چــاودێری دەکــردن و وەك ئەوەی پاســەوانی ئەم ســێ کرێکـارەی کارەبـا بێـت و بـیەوێ هەرچـی زووە کارەکانیـان بەکۆتـا بێـت و شـار روونـاك ببێـتەوە، ئەوانـیش بەبـێ ئەوەی گوێبــدەنە رەنگــی پەڕۆکــان و ئەو کەســانەی بەوێــدا رەت دەبوون، تەواوی پـیس و پـۆخڵی دارتێلەکانیـان پاکـدەکردەوە و پەڕۆ کۆنەکانیان هەڵدەدایە نـاو زبڵدانەوە.

هەر لەبەرزی دارتێلەکانەوە وەستا عوسمان سـەرنجی چـۆ سـەر ئەو ریـزە دووکـانەی شـەڕی نـاوخۆی لەسـەر هەڵگیرسـا، بەچـاوی خـۆی

دیتــی خــاوەن دووکانەکــان وەك ئەوەی نەبــای هــاتبێ و نەبــاران مــــامەڵەی گەرم لەگەڵ مشـــتەریەکان دەکەن، وەك ئەوەی مـــامەڵە بەخــوێنی هەزاران رۆڵەی ئەم نیشــتمانەوە بــکەن، تێگەیــی چەنــد دارتێلەکــان پێویســتیان بە پــاکردنەوە هەیە هێنــدەش شــەقامەکان، چەند دیوارە کون کون بووەکان پێویستیان بە نۆژەن کردنەوە هەیە، هێندەش هزرو سیمای سیاسییەکان.

هەر لەو بەرزیەوە تێگەیــی بــابی لەخــۆڕا چەکــی دانەنــا، هەر لەخۆشڕانەبوو چەکەکەی نەدایەوە حزب و نەشی فرۆشت دەیزانی رۆژێك لە رۆژان دەبێت هەڵیگرێتەوە، یان بیداتە کوڕەکانی و بڵێ ئیدی نۆبەی ئێوەیە.

بەچەند رۆژێك شاریان لەو تاریکی و بەن و پەڕۆ رزیوانە خاوێن کــردەوەو لەنێو تەلیسیان هاویشتن، وەلێ نەیانتوانی دەروونیان رووناك بکەنەوە، ئیدی شەوێك لەوشەوانەی خۆیان پلانیان بۆ دانــابوو، چــوار کەس کە لەناخیانــدا چــوار رەنگــی جیاوازیــان هەڵگرتبوو، بەنێو تاریکی شەودا رەت بوون و سەرەتا بە پەیژەی بەڕێــوەبەرایەتی کارەبــا تەواوی روونــاکی شــاریان کوژانــدەوە، ئەو روناکیانەی بەدەستی خۆیان چاکیان کردبۆوە، دواتر لەسەر دیواری زۆرینەی قوتابخانەکانیان نووسی( **چۆڕە چۆڕی کانیەکانن هاشەی روبار دروست دەکەن)**

زۆری پێنەچوو بروسکی رووناکیەك کە دەنگێکی گەورەی لەگەڵدا بوو، شاری بەخەبەر هێنا، لەنێو ناخی تاریکیدا بڵێسەیەکی بەهێز هەر کۆڵانەکان نا، دەروونی خەڵك و ئاسمانیشی رووناك کردەوە،

هەر دارتێلەکـان نـا، ئەشـکەوت و لـوتکەی چیاکانیشـی رووناك و ئاوەدانکردەوە، هەر لەم چرکەساتەدا دەنگی چەند گوللەیەك بیسترا، دەنگێکـی زۆر جیـاواز بـوو، پێـدەچوو لە لـوولەی تفەنگـێکەوە دەرچووبێ کە زۆر دەمێك بێت بەکار نەهاتبێ، ئیدی کەس نەیزانی ئەو روناکییەی دوای تاریکی بەریەککەوتنی دوو وایەری ساردوگەرم بوو، یان دوو هەوری دژبەیەکی جەمسەری؟ گۆڕینی چارەنووسی ئەم نیشتمانە زوڵم لێکراوەبوو، یان دەنگی ئاربیجی بوو بۆ رووناك کردنەوەی نیشتمان؟ نالەی ژن ومێردێکی نێو گۆڕێك بوو کە بەتەلانی شارەوە نێژرابوون، یان یەکەم تەقەی تۆڵە کردنەوە ؟

کەس نەیزانی ئەو تەقانە بە ئاسمانەوە نران، یان بەنێو جەستەی کەسێکدا رەت بوو، دیسان شەقامی سوور و ستارەکانی کون کون کردەوە یان لەدەستیان دەرچوو؟

وەلێ دەنگەکە ترسناك نەبوو، بۆیە هەمووماڵەکان هەستان و فانۆسە کۆنەکانیان هێناو پێیان کردەوە، بەم شەوە تاریکە دەروونی خەڵك و پەنجەرەی هەموو ماڵەکان رووناك ببۆوە.

**(دایکم فانۆسێکی هەبوو**
**کارەبا کوشتی**
**کەچی چارەنووس**
**فانۆسەکەی پێکردەوە)**

## چاپکراوەکانی نووسەر

1- چراکان ناکوژێنەوە..........شیعر
2- ناڵەی چیا پەنایەک بۆ تاشەکان........کۆمەڵە چیرۆک
3- دڵۆپە.......تایبەت بە لاوان
4- سمەجاویدان.......کۆمەڵە چیرۆک
5- جن بۆ خۆیم دەبا.......رۆمان
6- هێلانەیەک لە پەشمەک .......شیعر
7- لەقینی بەردەکان........رۆمان
8- خاک لەنێو دەریا....رۆمان
9- کۆمەڵەچیرۆک.....بۆنی مێخەک
10- (چارەنووس)...... رۆمان